WWW.RUDAW.NET
ڕووداو
RÛDAW
خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت
ژمارە (345) دووشەممە 2015/2/2 13ی ڕێبەندانی 2714 (750) دینار

## حکومەت 75 ملیار دیناری داوەتە ڕاوێژکاری بیانی

**ڕووداو – سلێمانی**

ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان راپۆرتێکی لەسەر خەرجییەکانی حکومەت لە سالّی 2013دا ئامادەکردووە و دەڵێت بەهۆی بوونی مووچەخۆرێکی زۆر و دەرماڵەی جۆراوجۆر بارگرانییەکی زۆر لەسەر حکومەت دروست بووە.

سۆران عومەر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان کە راپۆرتەکەی ئامادە کردووە و دەڵێت "ژمارەی مووچەخۆران گەیشتووەتە ملیۆنێک و 680 هەزار کەس، بەڵام تەنیا 680 هەزار کەسیان فەرمانبەرنی حکومەت، لەساڵی 2013 دا بڕی 7 تریلیۆن و 163 ملیار دینار تەنیا بۆ مووچە و پاداشتیان رۆیشتووە، 4 تریلیۆن و 314 ملیار دیناریش بۆ دەرماڵەی جۆراوجۆر".

هەروەها شێرکۆ جەودەت، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت حکومەت لەساڵی 2013دا بڕی زیاتر لە 75 ملیار دیناری داوەتە راوێژکارانی بیانی، ئەمەش سەرەڕای سەدان راوێژکاری مووچەخۆری حکومەت.

ناوبراو دەڵێ "ئەو هەموو پارەیە دراوەتە راوێژکار و ئەوەش حاڵمان بووە، ئەو راوێژکارانە لە دەرەوەی وڵاتەوە هێنراون و دەبێ لەمەودوا نەمێنن".

6 »




## چیرۆکی ئاوارەکانی کورد دەکاتە فیلم

12



## ئاسایش کەسوکاری دوو چەکداری داعش دەردەکات

4



کەماڵ کەرکووکی:

## تیرۆرست لەگەڵ حەشدی شەعبی هاتوونەتە نێو کەرکووک

7

ڕاپۆرتێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان:

# وەزارەتی کارەبا 180 ملیۆن دۆلار زەرەری لە حکومەت داوە

3 »



ئاسیاسێڵ
کۆماندەکاتەوە

ژمـــارە نوێیەکانمان... واژۆی خۆتە بۆ جیاوازبونت



ژمارەی نایاب

ئاسیاسێڵ چانسێکی گەورەت پێ دەبەخشێت تا بناسرێیت بە ژمارەیەکی زێڕین یان زیوی تایبەت کە بە (٠٧٧١) یان (٠٧٧٣) یاخود (٠٧٧٣) دەست پێدەکات، پەلەبکە و سەردانی یەکێک لە بنکەکانی فرۆشتنی ئاسیاسێڵ یان بریکارە سەرەکییەکانی بکە چونکە ژمارەی هێڵەکان دیاری کراوە.

*بەشداربوانی هەر هێڵێکی تر ئەتوانن ببنە خاوەنی هاوشێوەی ئەو ژمارەیەی هەیانە بە هێڵی ئاسیاسێڵ.

/AsiacellConnect

www.asiacell.com ١٣١/١١١ خزمەتگوزاریی بەشداربووان



## نووسەرێکی کورد داوای قەدەغەکردنی حیزبی ئیسلامی دەکات

**رووداو- هەولێر**

نووسەر و شاعیری کورد حەمەسەعید حەسەن، پەیامێک ئاراستەی مەسعود بارزانی دەکات و داوای لێدەکات حیزبە ئیسلامییەکان هەڵبوەشێنێتەوە. حەمەسەعید حەسەن ئەو پەیامەی لە ئەکاونتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوکردووەتەوە و دەڵێت "ئەوە گرنگ نییە چەند ساڵە سەرۆکیت و چەند ساڵی تریش سەرۆک دەبیت، گرنگ ئەوەیە، چەند هەنگاوی مێژوویيت ناوە و دەنێیت. پێموایە ئیدی وەختی ئەوە هاتووە، هەر حیزبێک پاشکۆی ئیسلامیی پێوەبوو، قەدەغە بکەیت. ئەتاتورک خەلافەتی لە گۆڕ نا، حەبیب بورقێبە دەستووری لە بن هەژموونی شەریعەت قوتارکرد، سیسی ئیخوانی خستە لیستی تیرۆرەوە، تکایە تۆیش هەنگاوێکی دیرۆکی باوێ، دەستبەجێ حیزبە ئیسلامییەکانی هەرێم هەڵبوەشێنەوە!".

## 50%ی حەشدی شەعبی لە مووسڵ کوردن

# دوو کەتیبەی حەشدی شەعبی بەناوی شەهیدانی پێشمەرگەوە کراون



### خۆبەخشێکی هەولێری:

### ناچاربووم ببم بە حەشدی شەعبی

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

"من خەڵکی هەولێرم و هیچ ئیشێک نەبوو بیکەم، نە دامەزراندن هەیە، نە ناوم دەنووسن ببمە پێشمەرگە، حەیفە من کوردبم و بکەومە ژێر دەسەڵاتی عەرەب، بەڵام ناچاربووم ببمە حەشدی شەعبی". ئەمە قسەی یەکێکە لەو خۆبەخشە کوردانەی لە ریزەکانی حەشدی شەعبی لە سەربازگەی ناوەران لە نزیک مووسڵ مەشق دەکات.

تاوەکو ئێستا باشووری کوردستان باجی هەڵەکانی سوپای عێراق دەدات، ئێستاش یەکەم سەربازگەی حەشدی شەعبی لە سنووری مادەی 140 کراوەتە و ماوەی دوو حەفتەیە دەستیان بە مەشق کردووە.

هێزەکانی داعش لە 2014/6/9 مووسڵیان داگیرکرد و دواتر تاوەکو دەوروبەری بەغدا رۆیشتن، بەڵام هەرزوو ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، گەورە مەرجەعی شیعە لە عێراق فەتوای شەڕی داعشی دەرکرد و بە "جیهادی کیفایە"ی ناوبرد، لەگەڵ فەتواکەی سیستانی هۆز و عەشیرەتەکانی ناوچەکانی باشووری عێراق کە شیعەن دەستیانکرد بە دروستکردنی هێزێک بەناوی "حەشدی شەعبی". لە قانونی بودجەی 2015ی عێراقیشدا بە ژمارە ناوی حەشدی شەعبی هاتووە کە 150 هەزار چەکدارن.

مەحمود سورچی کە کوردێکی خەڵکی مووسڵە، ئێستا بەرپرسی لێژنەی راگەیاندنە لەو سەربازگەیە کە چەکدارانی حەشدی شەعبی تێیدا مەشق دەکەن. ئەو دەڵێت "ئەم سەربازگەیە راستەوخۆ لەلایەن ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری مووسڵەوە پاڵپشتی دەکرێ".

بوونی سەربازگەی حەشدی شەعبی و بوونی کورد لە ریزی ئەو هێزە لەکاتێکدایە کە هەفتەی رابردوو ئالا تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت "مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێیگوتووین قبوڵ نەکەن بە هیچ شێوەیەک لە ناوچەکانی ماددەی 140 هێزی حەشدی شەعبی دروست بکرێ". بەڵام ئێستا لە نزیک مووسڵ ماوەی دوو هەفتەیە حەشدی شەعبی کە کوردیشیان تێدایە، مەشق دەکەن.

سەربازگەی ناوەران دەکەوێتە ناحیەی زیلیکان بە دووریی تەنیا 20 کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی مووسڵ، سورچی دەڵێت "ئەمە خولی یەکەمە و ژمارەمان 525 سەرباز دەبێ کە 50%یان کوردن، هەروەها دوو نووسینگەی ناونووسینمان لە هەولێر و سلێمانی کردووەتەوە، تاوەکو ئێستا نزیکەی 4 هەزار کەس ناوی خۆیان تۆمارکردووە". گوتیشی کە ئەوان ئامادەن بۆ خولی دووەم و هەر خولێکیش سێ هەفتە دەخایەنێت، ئامانجی سەرەکی دروستکردنی ئەم هێزە بۆ ئازادکردنی شاری مووسڵە لەدەست چەکدارانی داعش.

ژمارەیەکی بەرچاوی گەنجی کورد لە ریزەکانی حەشدی شەعبیدا دەبینران، یەکێک لەو گەنجانە خەڵکی هەولێرە، ئەو گەنجە دەڵێ "بۆ پارە هاتووم، بەمنیان گوت مووچەکەتان لە 800 هەزار دینارەوە دەستپێدەکات، کاتێک کارم دەستنەکەوێت، ناچارم ببم بە حەشدی شەعبی".

سەرەڕای دەیان هێزی جیا لە عێراق، کوردی ئێزیدیش لە چیای شنگال هێزێکیان بە نێوی (هێزی پاراستنی شنگال) پێکهێناوە کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە. بەڵام عەتا مشو کە کوردێکی ئێزیدییە، پەیوەندی بە حەشدی شەعبییەوە کردووە.

عەتا دەڵێت "بۆیە هاتوومەتە نێو ئەم هێزە، بۆ ئەوەی بەشداربم لە رزگارکردنی مووسڵ، تاوەکو کچ و ژنی خۆمان لەدەست داعش رزگار بکەین". ئەوەشی ئاشکرا کرد کە دوو کەتیبەیان بە نێوی دوو شەهیدی پێشمەرگە ناونراون، یەکێکیان نێوی شەهید شێخ ئەحمەد مزورییە کە لە شەڕی گوندی قەسریج لە رۆژئاوای مووسڵ بەهۆی ئۆتۆمبێلێکی خۆکوژەوە شەهید بوو".

### دەڵێن دووانیان لەنێو داعشدان

# یەکێک لە هەڵاتووەکانی زیندانی زرکا لە کۆبانێ شەڕ دەکات

**عوبەید رەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

یەکێک لەو زیندانیانانەی لەڕێی هەڵکەندنی تونێلێکەوە لە زیندانی چاکسازیی گەورانی دهۆک (زرکا) رایکردبوو، ئێستا لە کۆبانی لە ریزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) لە دژی داعش شەڕ دەکات.

دوو ساڵ لەمەوبەر لە رووداوێکی کەموێنەدا 11 بەندکراو لەڕێی هەڵکەندنی تونێلێکەوە لە گرتووخانەی چاکسازیی گەورانی دهۆک ناسراو بە زرکا هەڵاتن، بەڵام تاوەکو ئێستا تەنیا دووانیان دەستگیرکراونەتەوە، ئێستاش دەگوترێ یەکێکیان لە کۆبانی بینراوە، بەڵام چارەنووسی ئەوانی دیکە هێشتا دیار نییە و پۆلیسیش تاوەکو ئێستا بەدوایاندا دەگەڕێن و دەڵێن ناوی ئەو 11 کەسەیان داوەتە پۆلیسی ئینتەرپول، لە هەر شوێنێک بن دەبێت دەستگیر بکرێن.

لە چەند رۆژی رابردوودا یەکێک لە بەندکراوەکان بەناوی کامەران محەممەد حەسەن، لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا دەرکەوت کە لە کۆبانی شانبەشانی شەڕڤانانی یەپەگە شەڕی دژی داعش دەکات.

محەممەد حەسەن، بەڕێوەبەری چاکسازیی زرکا لە دهۆک رایگەیاند ئەوان لایەنێکی جێبەجێکارن و ناتوانن قسە لەسەر ئەو پرسە بکەن، بەڵام گوتی "بەڵێ ئەو ناوەی ئێوە باسی دەکەن پێشتر لە چاکسازی زرکا بە شەش ساڵ حوکم درابوو".

پۆلیسی دهۆک دەڵێت ئاگای لەو بابەتە نییە، بەڵام هێمن ئەترۆشی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی دهۆک دەڵێت "ئێمە لە ساڵی 2012 لەڕێگای بەغداوە بە فەرمی نووسراومان ئاراستەی ئینتەرپول کردووە، بۆ ئەوەی ئەو مەحکومانە لە هەر وڵاتێک بن رادەستی پۆلیسی هەرێمی کوردستان بکرێنەوە".

ئەو بەرپرسەی پۆلیسی دهۆک ئاماژەی بەوەش کرد کە هەموو زانیارییەکی پێویست لەگەڵ وێنەکانی هەموویان دراوە بە پۆلیسی ئینتەرپول بۆئەوەی لە هەر وڵاتێک بن دەستگیربکرێن. گوتیشی "ئەگەر کامەران لە کۆبانی بێت، نازانم پێویستە کێ دەستگیری بکات".

کامەران محەممەد لەدایکبووی ساڵی 1982ە، خەڵکی عشکانی سەر بە عەفرینی رۆژئاوای کوردستانە. لە سەیرانگەی ماڵتا ئیشی دەکرد و بەپێی مادەی 256 لە یاسای سزادانی عێراقی بە شەش ساڵ زیندانی سزا درابوو.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، دوو لەو هەڵاتووانە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە کە یەکێکیان ناوی ئیدریس عەبدولهادیە و پێشتر بە تاوانی تیرۆر حوکم درابوو.



# نووسینگەی تەلەفزیۆنێک لە نێو کارگەی جگەرەی هەولێر دادەنرێ

**محەممەد هادی**
**رووداو- هەولێر**

کارگەی جگەرەی هەولێر کە سەر بە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەولێرە، نووسینگەی کەناڵێکی تەلەڤزیۆنیی تێدا دادەنرێ، بەرپرسانی وەزارەتی بازرگانی دەڵێن ئاگاداری ئەو بابەتە نین، خاوەنی کەناڵەکەش دەڵێت بەبێ هیچ بەرامبەرێک ئەو کارگەیەی وەرگرتووە.

دەزگای مەدا کە دەزگایەکی راگەیاندنی عێراقییە، نووسینگەی تەلەڤزیۆنەکەی لەناو کارگەی جگەرەی هەولێر کردووەتەوە کە بینای ئەو کارگەیە و زەوییەکەی موڵکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

فەخری کەریم، خاوەنی دەزگای مەدا بە (رووداو)ی راگەیاند کە ماوەیەک لەمەوبەر نووسینگەی تەلەفزیۆنەکەی لە هەولێر کردووەتەوە و کارەکانی خۆی دەکات لەنێو بینای کارگەی جگەرەی هەولێر.

دەربارەی چۆنیەتی وەرگرتنی ئەو بینایە بۆ ئەوەی کاری تێدا بکات، سەرۆکی دەزگای مەدا هیچ روونکردنەوەیەکی نەدا، بەڵام گوتی هیچ پارەیەک نادات. بەپێی بەدواداچوونێکی (رووداو)، لەناو کارگەی جگەرە، جگە لە نووسینگەی تەلەڤزیۆنی مەدا، کۆمپانیایەکیش کاری پیشەسازی دەکات بەناوی کۆمپانیای دیجلە.

بەڵام وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت ئەوان گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیایەکی دیکە هەیە و ئاگادار نین نووسینگەی کەناڵی راگەیاندن لە نێو کارگەکە دانرابێت.

فەرهەنگ خالید، بەڕێوەبەری گشتیی دیوان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەوبارەیەوە رایگەیاند "پێشتر گرێبەستێک هەبوو بۆ بەکرێدانی ئەو کارگەیە بە کۆمپانیای سەلاحەدین هۆڵدینگ، بەڵام ئێستا نازانین چ کۆمپانیایەک یان تەلەفزیۆنێک لەو شوێنە کاردەکات".

ئەو بەڕێوەبەرە ئاماژەی بەوەش کرد کە ماوەی زیاتر لە سێ هەفتەیە کۆمپانیای سەلاحەددین هۆڵدینگیان ئاگادار کردووەتەوە کە ئەو شوێنە چۆڵ بکەن. گوتیشی "ئەگەر چۆڵی نەکەن، ئەوا سکاڵای یاساییان لەسەر تۆمار دەکەین".

عومەر محیەدین پارێزەری کۆمپانیای سەلاحەدین هۆڵدینگ لەوبارەیەوە رایگەیاند "راستە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ئێمەی ئاگادار کردووەتەوە کە ئەو کارگەیە چۆڵ بکەین، بەڵام چۆڵکردنی ئەو کارگەیە دەبێت بە بڕیاری دادگا و یاسا بێت".

هەروەها گوتیشی "ئەو کارگەیە موڵکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییە، بەڵام زەوییەکەی موڵکی وەزارەتی داراییە". ئەمە لە کاتێکدایە کە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت زەوییەکەشی موڵکی ئەوانە.

پارێزەرەکەی کۆمپانیای سەلاحەدین گوتیشی کە تاوەکو ئێستاش کۆمپانیای ناوبراو کرێی ئەو کارگەیە دەدات و کۆمپانیای و دیجلە و نووسینگەی تەلەڤزیۆنی مەدا هیچ بڕە پارەیەک وەک کرێ نادەن.

هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەوان تا ئێستا بڕیاریان نەداوە ئەو کارگەیە چۆڵ بکەن.

## لەمەودوا ئەدەب و کولتوور لە رووداو

هەفتەنامەی رووداو لەپاڵ بایەخدان بە پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەندروستییەکان، شرۆڤە و بۆچوون و هونەر، لەمەودوا بایەخ بە ئەدەب و کولتووریش دەدات.

ئامانجی ئێمە لەم کارە بایەخدان بە ئەدەب و کولتوور، کردنەوەی دەلاقە و دەروازەی زیاترە بەرووی تێکستە ئەدەبییەکان و ناساندنی توانا و بەهرەی نوێی ئەدەبی، بەتایبەتی قەڵەمی گەنجان.

"ئەدەب و کولتوور" لە هەنگاوی یەکەمدا بەشێوەی دوو لاپەڕەی تایبەت لەنێو هەفتەنامەی رووداو، هەموو رۆژانی دووشەممەیەک دەردەچێت. سەرپەرشتیارانی لاپەڕی ئەدەب و کولتوور داوا دەکەن تێکست و دەقە ئەدەبییەکان لە رێگەی ئیمەیل ئەدرەسی (weje@rudaw.net) بگەیەننە دەستیان، سەرپەرشتیارانیش نووری بێخاڵی و فەرهاد چۆمانی دەبن.

ئەدەب و کولتوور بەهەمان ستایل و شێوازی کاری تۆڕی میدیایی رووداو، کە ئامانجی بایەخدانە بە سەرجەم پرسەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان، بەهەمان شێوە کار بۆ ئەوە دەکات کە ئەو دوو لاپەڕەیە ببێتە سەکۆی ئەدیب و وێژەوانانی هەرچوار پارچەی کوردستان، لە پاڵیشیدا پێنگاڤێک بنێین بۆ ئەوەی پردی نێوان ئەدەبی کوردی و جیهانی بین.

## چەند فەرماندەیەکی پێشمەرگە دادگایی دەکرێن

**رووداو- هەولێر**

ئاری هەرسین، سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید لە پەرلەمانی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند "چەند فەرماندەیەکی پێشمەرگە کە بوونەتە هۆکار بۆ شکست لە شەڕی داعشدا و تەنانەت هۆکاربوون بۆ شەهید و برینداربوونی دەیان پێشمەرگە، دەدرێنە دادگای سەربازی". هەرسین نازانێت ژمارەی ئەو فەرماندانە چەندە کە تۆمەتبارن، بەڵام دەڵێت:" ئێستا بەهۆی سەرقاڵی وەزارەتی پێشمەرگە بە شەڕەوە ئەو دۆسیەیە قسەی لەسەرناکرێت، دوای شەڕی داعش لە دادگای سەربازی دۆسیەیان بۆ دەکرێتەوە و دوای لێکۆڵینەوە، بەپێی یاسا سزادەدرێن".



روودا و
ڕاپۆرت
ژمارە (345) دووشەممە 2015/2/2

ڕاپۆرتێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان:

# وەزارەتی کارەبا 180 ملیۆن دۆلار زەرەری لە حکومەت داوە

## ئەنجوومەنی وەزیران: دەبێ لێکۆڵینەوە لە گرێبەستەکانی کارەبا بکرێت

## د.ئاشتی هەورامی: 1000 مێگاوات کارەبا بە فیڕۆ دەڕوات

**هیوا جەمال**
**رووداو- هەولێر**

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڕی ئەو کارەبایە ئاشکرا دەکات کە بەفیڕۆ دەڕوات. ئۆباڵەکەشی دەخاتە ئەستۆی وەزارەتی کارەبا. هەرچی وەزارەتی کارەباشە گرێبەستەکانی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا ڕووندەکاتەوە و دەڵێت توانیویانە بەهۆی پێداچوونەوە بەو گرێبەستانە بە ملیۆنان دۆلار بۆ حکومەت بگەڕێننەوە، بەڵام حکومەت گەڕاوەتەوە سەر گرێبەستەکانی پێشوو.

کەمبوونەوەی کاژێرەکانی کارەبا نارەزایی زۆری لێکەوتەوە، بۆیە پەرلەمانی کوردستان لە 2014/12/29 سەلاحەدین بابەکر وەزیری کارەبای هەرێمی کوردستانی بانگهێشت کرد، بەڵام ئەو لەوێ ئۆباڵی کەمبوونەوەی کارەبای خستە ئەستۆی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە سووتەمەنیی پێویست بۆ وێستگەکانی کارەبا دابین ناکات.

بەڵام ئەو قسانەی وەزیری کارەبا کاردانەوەی توندی ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان بەدواداهات کە لێدوانی بەرپرسانی وەزارەتی کارەبا لەبارەی دابینەکردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەکان بە "ناشیاو و نامەسئولانە" وەسف دەکات.

وەزیری سامانە سروشتییەکان بە نووسراوی ژمارە 196 لە 2015/1/11 وەڵامی قسەکانی وەزیر و فەرمانبەرانی وەزارەتی کارەبا دەداتەوەو دەڵێت "لە ماوەی چەند مانگی رابردووی ساڵی 2014دا زیاتر لە دوو ملیار لیتر گازۆایل و 200 هەزار تەن نەوتی رەش و 100 هەزار مق مق گازی سروشتی دابینکراوە کە تێچووەکەی زۆرتر لە 3 ملیۆن دۆلار بووە".

### 180 ملیۆن دۆلار قەرەبووی کارەبا

وەزیری سامانە سروشتییەکان هۆکاری کەمیی کارەبا دەخاتە ئەستۆی وەزارەتی کارەبا خۆی و دەڵێت "وەزارەتی کارەبا پێویست بوو هۆکاری کەمیی کارەبای بۆ پەرلەمانتاران روون بکردایەوە کە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ شکستی پلان و بەڕێوەبردنی یەکەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و بەوهۆیەوە وەزارەتی کارەبا ساڵی رابردوو زیاتر لە 80 ملیۆن دۆلاری قەرەبووی تەنیا بۆ وێستگەکانی ماس هەژمار کردووە، بەهۆی بێ توانایی بڕی کارەبای ئامادە و وەرنەگیراو".

واتە 80 ملیۆن دۆلار لە بەرامبەر کارەبایەک کە بەرهەم نەهاتووە و کەس سوودی لێ نەبینیوە.

هەر لەو ڕاپۆرتەی وەزیری سامانە سروشتییەکاندا کە ئاراستەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە، داوا دەکات وەزارەتی کارەبا دیراسەیەکی تێروتەسەل بکات لە هۆکاری پەیدانی ئەو قەرەبووە زەبەلاحەی مانگانە دەدرێتە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی کارەبا کە لەساڵی 2013دا وەک ڕاپۆرتەکە دەڵێت زیاتر بووە لە 100 ملیۆن دۆلار و دەڵێت "هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ شکستی پلانی وەزارەت و نەبوونی توانای وەرگرتنی کارەبای بەرهەمهێنراو کە سوودمەندی سەرەکی وەبەرهێنەرانی کارەبان و بودجە و هاووڵاتیانیش پشکی سەرەکی زەرەرەکەیان بەردەکەوێت".

### 1000 مێگاوات کارەبا بەفیڕۆ دەڕوات

ڕاپۆرتەکەی وەزیری سامانە سروشتییەکان ئەوە ئاشکرا دەکات کە ساڵانە بڕێکی زۆر کارەبای کوردستان بەفیڕۆ دەڕوات. ئەو بڕە بەفیڕۆچووە دەگاتە 33% و وەزارەتی کارەبا نەیتوانیوە ئەو بە فیڕۆدانە کەمبکاتەوە.

ئاشتی هەورامی دەڵێت "لە 3000 مێگاوات کارەبای بەرهەمهێنراو، تەنیا 2000 مێگاوات سوودی لێوەردەگیرێت، بودجەی هەرێمی کوردستانیش بارگرانیی بە فیڕۆچوونی دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا ساڵانە بەهۆی بێ توانایی وەزارەتی کارەبا لە وەرگرتنی کارەبای بەرهەمهێنراو، قەرەبووی زەبەلاح دەداتە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا".

### کێشەی وێستگەی خورمەڵە

پێشتر (رووداو) دەقی ڕاپۆرتێکی فایەق مستەفا، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان ی بڵاوکردەوە کە ئاماژەی بە کێشەی وێستگەی خورمەڵە کردبوو. ئەو وێستگەیە لەلایەن کۆمپانیای کارەوە دروستکراوە و توانای بەرهەمهێنانی 640 مێگاواتە، بەڵام بەهۆی دابینەکردنی سووتەمەنی و کێشەی ئیدارییەوە هەتا ئێستا سوودی لێوەرنەگیراوە".

وەک ئەو پەرلەمانتارە ئاشکرای کردبوو "بەگوێرەی گرێبەستەکە حکومەت پێویستە مانگانە بڕی نۆ ملیۆن و 142 هەزار دۆلار بداتە کۆمپانیاکە کە لە ساڵێکدا دەکاتە 109 ملیۆن و 707 هەزار دۆلار بەبێ ئەوەی تەنیا یەک کیلۆوات وزەی کارەبای دابێت".

بەڵام ئاشتی هەورامی رەتیدەکاتەوە کێشەی ئەو وێستگەیە دابینەکردنی سووتەمەنی بێت، بەڵکو دەڵێت کێشەکە لە گواستنەوەی کارەباکەیەتی "ئەم وێستگەیە هاوکات لەگەڵ دروستکردنیدا پێویستبوو ئامادەکاری راکێشانی هێڵ و پێداویستییەکانی بۆ بکرایە".

واتە گوناهی نەگەیشتنی کارەبا لە ئەستۆی وێستگەکە نییە و دەبوایە بەتۆڕی نیشتمانییەوە ببەسترێتەوە، کە حکومەت ئەوەی نەکردووە، ناچارە مانگانە پارەی وێستگەکە بدات بەگوێرەی مەرجەکانی گرێبەستی نێوانیان.

### کێشەی گواستنەوەی کارەبا

بەپێی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، کێشەی کەمبوونەوەی کارەبا بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هێڵی گواستنەوەی کارەبا. ئەمەش چارەسەر دەکرا ئەگەر وەزارەتی کارەبا کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی ناچارکردبا بە جێبەجێکردنی گرێبەستەکانیان لەگەڵ وەزارەت.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەڵێت "وەزارەتی کارەبا بە نووسراوی ژمارە 7329 لە 2012/6/27 داوای رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانی کردووە بۆ فراوانکردنی وێستگەکانی گازی هەولێر، سلێمانی و دهۆک (نووسراوی رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران بە ژمارە 1621 لە 2014/7/3) بە راشکاوی ئاماژە بەوە دەدەن کە مەرجە کۆمپانیای ماس وێستگەی 400 کەی ڤی هەریر و هێڵی 400 کەی ڤی هەریر – خەبات بەپێی پلانی وەزارەت و بەبێ بەرامبەر لە ئەستۆ بگرێت، لەبەرامبەر چەند ئیمتیازێک کە لە بەرژەوەندی کۆمپانیای ماس بووە". بۆیە دەڵێت "سوودوەرنەگرتن لە وێستگەی خورمەڵە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ دروستنەکردنی وێستگەی 400 کەی ڤی هەریر و راکێشانی هێڵی 400 کەی ڤی هەریر، بەڵام ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی کارەباوە پشتگوێ خراوە و جێبەجێ نەکراوە، تەنیا ئەو بڕگانە جێبەجێ کراون کە وەبەرهێنەر لێی سوودمەند بووە".

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لەلای (رووداو) ن، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە 7381 لە 2014/11/19 دوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی هەرێم بۆ کاروباری نەوت و گاز لەگەڵ وەزارەتی کارەبا، بڕیاری داوە بە پێکهێنانی لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزیری کارەبا و ئەندامێتی دوو پسپۆڕی شارەزای تەکنیکی وەزارەتی کارەبا و نوێنەرێکی یاسایی لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و نوێنەری وەزارەتی داد، بە مەبەستی پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوە و دەستنیشانکردنی هۆکاری جێبەجێنەکردنی ناوەڕۆک و بڕگەکانی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە 1621 لە 2012/7/3 و ئەو زەرەر و زیانانەی بە بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتوون، هەروەها دیاریکردنی لایەنی بەرپرسیار.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

### وێستگەی دهۆک چ کێشەی هەیە؟

بەرپرسانی وەزارەتی کارەبا لە لێدوانەکانیاندا بەردەوام باسی لەکارکەوتنی دوو یەکەی وێستگەی دهۆک دەکەن بەهۆی دابینەکردنی سووتەمەنی و دەڵێن بەکارخستنی ئەو دوو یەکەیە کاژێرەکانی پێدانی کارەبای نیشتیمانی زیاد دەکات.

وەزیری سامانە سروشتییەکان لە وەڵامی قسەکانی وەزیری کارەبادا دان بەوەدا دەنێت کە سووتەمەنی بۆ ئەو دوو یەکەیە دابین ناکەن و دەڵێت ئەوە بە فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران بووە.

دەشڵێت "پێشنیازمان پێشکەش کرد بە وەستاندنی دوو یەکەی ئاماژەپێدراو و بەگەڕخستنی دوو یەکەی وێستگەی خورمەڵە کە لەڕووی ئابوورییەوە گونجاوترە و گەیاندنی گازۆایل ئاسانتر دەبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە وەزارەتی کارەبا هیچ هەنگاوێکی هاوکاری نەناوە بۆ جێبەجێکردنی پێشنیاز و فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران، لە کاتێکدا پێشنیازمان بۆ مەبەستی سەقامگیری سیستمی کارەبا و بارودۆخی ئابووری کوردستان بوو".

### کێشەی بەرهەمی کۆمباین سایکڵ

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست (رووداو) کەوتوون، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە 8174 لە رۆژی 2014/12/14 چەند فەرمان و راسپاردەیەکی دەرکردووە، لەوانەش راسپاردنی وەزارەتی کارەبا بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی دارایی و سامانە سروشتییەکان بۆ گفتوگۆ و رێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیای ماس گلۆباڵ بۆ کڕینەوەی وزەی کۆمباین سایکڵ (Combine Cycle) بەهەمان نرخی کارپێکراو 3.2 سەنت کە وزەی بەکارهاتوو لەم سەرچاوەیە پێویستی بە سووتەمەنی نییە.

هەر بەپێی ئەو دۆکیومێنتانەی دەست (رووداو) کەوتوون، ئەنجوومەنی وەزیران لە ساڵی 2012ەوە لەسەر داوای وەزارەتی کارەبا رەزامەندی دەربڕیوە بۆ فراوانکردنی وێستگەی گازی هەولێر بە 470 مێگاوات لە جۆری وزەی کۆمباین سایکڵ کە ئەم بەشەیان پێویستی بە سووتەمەنی نییە، واتە وێستگەکە تواناکەی لە 1000 مێگاواتەوە دەبێتە 1470 مێگاوات. هەروەها فراوانکردنی وێستگەی سلێمانی بەهەمانشێوە.

هەر بەپێی هەمان دۆکیومێنت ئەنجوومەنی وەزیران رازی بووە لەسەر زیادکردنی دوو وێستگەی دیکە بۆ وێستگەی گازی دهۆک و سلێمانی لە جۆری Simple Cycle لەبەر ئەوەی دامەزراندنی ئەو یەکانە کاتێکی کەمی دەوێت و لە هاوینی ئەمساڵ و هاوینی 2013 دەتوانن بەرهەمەکانیان بخەنە نێو تۆڕی کارەبای هەرێم، بەمەش توانای یەکەکان 250 مێگاوات زیاد دەکات.

بەڵام بە مەرج رەزامەندی نیشان داوە لەسەر فراوانکردنی ئەو وێستگانە "بە مەرجێک کۆمپانیای ماس وێستگەی 400 کەی ڤی هەریر و راکێشانی هێڵی 400 کەی ڤی هەریر – خەبات بەپێی پلانی وەزارەتی کارەبا بەبێ بەرامبەر لە ئەستۆ بگرێت".

سەبارەت بە بەرهەمی کۆمباین سایکڵ کە وەزیری کارەبا لە پەرلەمان هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ رێکنەکەوتن لەسەر نرخ. وەزارەتی سامانە سروشتییەکان قسەیەکی دیکە دەکات و دەڵێت سوود لێوەرنەگرتنی دەگەڕێتەوە بۆ بێتوانایی لە وەرگرتنی کارەبای بەرهەمهێنراو کە ناتوانرێ داخڵی تۆڕی نیشتمانی بکرێت بەهۆی ئەوەی کارەبای بەرهەمهێنراو پێویستی بە وێستگە و هێڵی 400 کەی ڤی هەیە، وەکو لە نووسراویان بە ژمارە 7329 لە 2012/6/27 ئاماژەی پێدراوە و بەبێ ئەم کارە ناتوانرێت وزەی وێستگەی 1000 مێگاواتی کۆمپانیای کار و کۆمباین سایکڵی هەولێر وەربگیرێت.

فایەق مستەفا ئەندامی لیژنەی پیشەسازی و وزە لە پەرلەمانی کوردستان کە زانیاری تەواوی لەسەر کێشمەکێشمی نێوان وەزارەتی کارەبا و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەیە، پێشنیاز دەکات وەزارەتی سامانە سروشتییەکان سووتەمەنی بۆ وێستگەی خورمەڵە دابین بکات، تەنانەت بۆ یەک رۆژیش بێت "بۆ ئەوەی بزانێت هێڵەکانی گواستنەوەی کارەبا دەتوانن کارەباکە بگوازنەوە، ئەوکات وەزارەتی سامانە سروشتییەکان تۆپەکە فڕێدەداتە گۆڕەپانی وەزارەتی کارەبا".

### "تەنیا وەبەرهێنەر سوودمەندە"

وەزیری سامانە سروشتییەکان دەڵێت بەهۆی جێبەجێنەکردنی پرۆژەی وێستگەی 400 کەی ڤی لەلایەن کۆمپانیای ماسەوە، کۆمپانیای ناوبراو ئەو وزەیەی لە رێگەی کۆمباین سایکڵ بەرهەمی هێناوە بە دەرەوە دەفرۆشێت.

دەشڵێت "چاوپۆشینیان لە دروستکردنی وێستگە و هێڵی 400 کەی ڤی، هۆکارە کە تاوەکو ئێستا وەزارەتی کارەبا ناتوانێت کارەبای بەرهەمهێنراوی کۆمباین سایکڵی وێستگەی گازی هەولێر بخاتە سەر تۆڕی کارەبای هەرێم، ئەوەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە لە هۆکاری جێبەجێنەکردنی ئەو پرۆژەیە و هەوڵی وەزارەتیان بە بەستنەوەی بەرهەمی کۆمباین سایکڵی وێستگەی گازی هەولێر بە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتیان لە گفتوگۆکانی ئەم پرۆسەیە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە تەنیا لە بەرژەوەندی وەبەرهێنەرە، واقیعەکەش وادەگەیەنێت کە وەزارەتیان هەرگیز لە بەرنامەیدا نەبووە سوود لە بەرهەمی کۆمباین سایکڵی وێستگەی گازی هەولێر وەربگرێت".

ئەنجوومەنی هەرێم بۆ کاروباری نەوت و گاز لە رۆژی 2014/9/9 لەگەڵ وەزارەتی کارەبا کۆبووەتەوە بۆ چارەسەرکردن و رێکخستنەوەی بەڕێوەبردنی کەرتی کارەبا و پرۆژەکانی کەرتی تایبەت لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان.

یەکێک لە بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە ئەوە بووە کە "رێگا نادرێت بە بەستنەوەی هێڵەکانی نێوان وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەرەوەی هەرێم، بەبێ رەزامەندی و نووسراوی فەرمی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران".

### نرخی کارەبای کۆمباین و سەمپڵ

هەرچەندە بەرهەمهێنانی وزەی کۆمباین سایکڵ پێویستی بە سووتەمەنی نییە و هەر لەو گەرمییەی لە وێستگەکانەوە دەردەچێت دروست دەکرێت، بەڵام وەزارەتی کارەبا گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای ماس کردووە کە بە هەمان نرخی وزەی جۆی سەمپڵ سایکڵ بیکڕێتەوە کە سووتەمەنی پێویستە. نرخەکەش 3.2 سەنتە بۆ هەر کیلۆوات/سەعات.

وەزیری سامانە سروشتییەکان باسی ئەو نرخە دەکات و دەڵێت "کڕینەوەی وزەی کۆمباین سایکڵ بە هەمان نرخی سەمپڵ سایکڵ بە نرخی 3.2 سەنت/کیلۆوات/سەعات بۆ هەموو گرێبەستەکانی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی کارەبا (کار، قەیوان، یونت/ بۆڵتکس) جێگیرکراوە، هەروەها وەکو ئیلیتیزام و بەپێی گرێبەست مەرجە ئەو کۆمپانیایانە وێستگەی 400 کەی ڤی و هێڵی 400 کەی ڤی و 132 کەی ڤی تایبەت دروستبکەن، تاوەکو بتوانرێت سوود لە کارەبای کۆمباین سایکڵی بەرهەمهێنراو وەربگیرێت".

بەڵام فایەق مستەفا، پەرلەمانتاری کوردستان دەڵێت "حکومەت لەو گرێبەستەدا لەزمەی داوە و گرێبەستەکە بە جۆرێک کراوە کۆمپانیا خاوەنی ئەو گەرمییە لە وێستگەکان دەردەچێت و وزەی جۆری کۆمباین سایکڵی لێ دروست دەکرێت، کۆمپانیاش بۆ هەر کیلۆوات/ سەعاتی کارەبا داوای نەک 3.2 سەنت، بەڵکو 8 سەنت دەکات".

### چیدی پارە نادەنە کارەبای بەرهەمنەهاتوو

بەپێی قسەی وەزیری سامانە سروشتییەکان، تەنیا لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا بڕی 180 ملیۆن دۆلار دراوە بە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا وەکو قەرەبوو بەبێ ئەوەی کارەبایان بەرهەم هێنابێ.

بەڵام لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز لە رۆژی 2014/9/9 لەگەڵ وەزارەتی کارەبا، بڕیار دراوە چیدی ئەو قەرەبووە نەدرێتە کۆمپانیاکان تاوەکو گرێبەستەکانیان هەموار نەکرێنەوە.

بەپێی بڕیاری کۆبوونەوەکە "لیستەکانی رێکخراو لەلایەن وەزارەتی کارەبا بۆ پرۆژەی کەرتی تایبەتی بەرهەمهێنانی کارەبا تەنیا بۆ بڕی کارەبای وەرگیراوی راستەقینە دەبێت کە چووەتە نێو تۆڕی کارەبای هەرێمی کوردستان، هەر زیادەیەکیش یاخود قەرەبوویەک بۆ زیاتر لەو بڕە کارەبایەی کە بە فیعلی وەرگیراوە هەژمار ناکرێت تاوەکو ئەو کاتەی گرێبەستەکانی کڕینەوەی وزەی کارەبا لەلایەن کەرتی تایبەتەوە هەموار دەکرێتەوە".

### سووتەمەنی وێستگەکان بازرگانی پێوە دەکرێت

یەکێکی دیکە لەو تێبینیانەی لەسەر گرێبەستی بەرهەمهێنانی کارەبا هەیە لەلایەن کەرتی تایبەت، بڕی ئەو سووتەمەنییە کە بۆ وێستگەکان دابیندەکرێت و دەگوترێ بڕەکەی زۆرە و بۆ مەبەستی دیکە بەکاردێت.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەکەی رۆژی 2014/9/9 لەگەڵ وەزارەتی کارەبا بڕیاری داوە بە پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە وەزارەتەکانی (کارەبا، دارایی و ئابووری، سامانە سروشتییەکان و داد) بۆ کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی سوومەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا. لە بڕیارەکەدا هاتووە کە ئەو سووتەمەنییە تەنیا بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بێت و رێگە بگیرێ لە بازرگانیکردن بە سووتەمەنی دابینکراو یان بەکارهێنانی بۆ هەر مەبەستێکی دیکە، جگە لە بەگەڕخستنی وێستگەکانی بەرهەمهێنان.

## کەمپەینێک بۆ کۆمەکی خێزانی هوجام رادەگەیێنرێت

**رووداو- ستۆکهۆڵم**

لە سوێد کەمپەینێک بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاری بۆ خێزانی شەهید هوجام سورچی رادەگەیێنرێت. بڵند عەبدوڵڵا لە ستۆکهۆڵمەوە، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (رووداو)ی راگەیاند "لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سویدەوە، کەمپەینێک لە ژێر ناوی (ئێمە هەموومان هوجامین) رادەگەیەنین و لە رێگەیەوە کۆمەک و هاوکاری بۆ خێزانی ئەو پێشمەرگەیە شەهیدە کۆدەکەینەوە". گوتیشی "زانیاریمان هەیە کە خێزانی ناوبراو لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و لە خانووی کرێدان، بۆیە هەوڵدەدەین بە لانیکەم کرێی ساڵێکی خانووەکەیان بۆ دابین بکەین".





رووداو
ژمارە (345) دووشەممە 2015/2/2

یەکێک لە چەکدارەکان بە دەستی پێشمەرگە کوژرا

# ئاسایش کەسوکاری دوو چەکداری داعش دەردەکات

**تەیار عادل گۆران**
**رووداو- بەردەڕەش**

دوای کوژرانی چەکدارێکی داعش لەلایەن پێشمەرگەوە، ئاسایشی بەردەڕەش کەسوکاری ئەو چەکدارە و هاوڕێیەکی دەردەکات کە پێشتر خوێندکار بوون و پێکەوە چوونەتە نێو داعش. سەرچاوەیەکیش لە ئاسایشی بەردەڕەش دەڵێت بۆ ئەوەی نەبنە مەترسی لەسەر ئاسایشی کوردستان، دەرمانکردن.

رۆژی 2014/11/16 دوو قوتابی بەناوەکانی عومەر عەبدولجەبار حەسەن و دیار فایەق محەممەد کە دانیشتووی بەردەڕەش بوون و خوێندکاری کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی دهۆک بوون، دوای گەڕانەوەیان بۆ زانکۆ دیار نەمان.

هەرچەندە ئەوکات گومان دەکرا کە ئەوان پەیوەندییان بە چەکدارانی داعشەوە کردبێت، بەڵام هیچ زانیارییەک لەلای دەزگا ئەمنییەکان نەبوو ئەو گومانە پشتڕاست بکاتەوە تاوەکو هێرشی ئەمدواییەی چەکدارانی داعش بۆ سەر پێشمەرگە لە میحوەرەکانی کەرکووک و کوژرانی یەکێکیان.

رۆژی 2015/1/30 چەکدارانی داعش کە بەشێکیان کورد بوون، هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەرەکانی کەرکووک. لەو هێرشەدا ژمارەیەکی زۆر چەکداری داعش بە دەستی پێشمەرگە کوژران کە یەکێک لەوانە عومەر عەبدولجەبار بوو. عومەر تەمەنی 22 ساڵە و دانیشتووی قەزای بەردەڕەشە. عومەر دوای کوژرانی، وێنەکەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکرایەوە.





عومەر عەبدولجەبار

سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی ئەو دوو خوێندکارە بە (رووداو)ی گوت "راستە عومەر کوژراوە، بەڵام چارەنووسی دیار فایەق ئاشکرا نییە". گوتیشی "هەردووکیان لە رۆژی 2014/11/16 بە یەکەوە چووبوونە نێو داعش".

جەبار حەسەن، باوکی عومەر کە فەرمانبەرە لە پەیمانگای تەکنیکی بەردەڕەش، پێشتر بێ ئاگایی خۆی دەربڕیبوو لە ونبوونی کوڕەکەی و هەموو ئەو زانیارانەی کە هەشیبوو دابوویە دەزگا ئەمنییەکان، ئاگاداری ئەوەش نەبووە کە کوڕەکەی چووەتە نێو داعش.

عومەر و دیار دوای ونبوونیان هیچ شتێکیان جێنەهێشتبوو کە دەریبخات چووبێتنە نێو داعش، هەروەها وێنەکانیشیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک سڕیبووەوە. عومەر لە شوێنی وێنەی خۆی فەیدێکی رەشی داناوە کە بە ئینگلیزی لەسەری نووسراوە "ئێمە هێزێکی ونین". هەروەها دیاریش وێنەی ئەو کاراکتەرەی داناوە کە لە فیلمی عومەر رۆڵی ئیمامی عومەر دەبینێت.

ئەو دوو قوتابییە پێشتر لە ئەکاونتەکانیان چەندین پۆستیان دەربارەی ئاینی ئیسلام داناوە و هێرشیان کردووەتە سەر شیعەکان و جێنویان پێداون.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، ئەو دوو کەسە کاتێک لە زانکۆ بوون تێکەڵ بەقوتابیەکانی دیکە نەدەبوون و بەردەوامیش بە زمانی عەرەبی قسەیان لەگەڵ یەکدی کردووە.



دیار فایەق

### ئاسایش کەسوکاریان دەردەکات

سەرچاوەیەک لە ئاسایشی قەزای بەردەڕەش بە (رووداو)ی راگەیاند کە دوای ئەوەی ئاشکرا بوو ئەو دوو کەسە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە، ئاسایش ئیجرائاتی ئەمنی بەرامبەر کەسوکاریان گرتەبەر.

ئەو سەرچاوەیە گوتی "هەر دوای کوژرانی عومەر، کەسوکاری هەردووکیان لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە دوورخرانەوە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "هەرچەندە لە هەرێمی کوردستان هیچ یاسایەک نییە باس لەوە بکات ئەوانەی دەچنە نێو داعش یان گرووپە تیرۆرستییەکان کەسوکاریان دەربکرێن، بەڵام ئاسایش لەم قۆناغەدا دوورخستنەوەی ئەو جۆرە کەسانە بە پێویست دەزانێت، چونکە ئەوانیش مەترسین لەسەر هەرێمی کوردستان و ئەگەری ئەوە هەیە زانیاری لەبارەی پێشمەرگە و ئاسایش بدەنە کوڕەکانیان لەرێگای تەلەفۆنەوە".

پێشتریش دەزگا ئەمنییەکان هەمان رێکاریان بەرامبەر سێ برای کورد بە ناوەکانی مۆفەق و یونس و موسا گرتبووەبەر، دوای ئەوەی پەیوەندییان بە چەکدارانی داعشەوە کردبوو، ژن و منداڵەکانیان دوورخرانەوە، بەڵام تاوەکو ئێستاش چوار خوشک و برایەکیان لەگەڵ چەندین ئامۆزا و خوشکەزایان لە سنووری قەزای بەردەڕەش نیشتەجێن.

سۆران عومەر، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی دەرکردنی ئەو دوو خێزانە گوتی کە ئەو هیچ زانیارییەکی بۆ نەهاتووە لەبارەی دەرکردنی ئەو دوو خێزانە، "بەڵام ئەگەر دەرکەوت کەسوکاری ئەو دوو چەکدارە مەترسین بۆ سەر ئاسایشی کوردستان و زانیاری دەدەن بە کوڕەکانیان، ئەوا ئاسایش دەستکراوە دەبێت بۆ هەر رێکارێک".

بەڵام دەڵێت ئەگەر هیچ پەیوەندییان بە کوڕەکانیانەوە نەبێت، دەرکردنیان یاسایی نییە. گوتیشی "بە هەزاران ئاوارەی عەرەبی سوننە لە کوردستانن، خۆ ئەوانە زۆربەیان نێرینەیان لەگەڵ نییە، باشە ناپرسن نێرینەکانیان لە کوێن؟".

# برای هوجام: مۆفەق زێباریم بە زیندوویی دەوێت

**تەیار عادل گۆران**
**رووداو- بەردەڕەش**

نزیکەی 7 مانگ لەمەوبەر کاتێک چەکدارانی داعش گەیشتنە مووسڵ، سێ برای کورد کە 7 ساڵ بوو لە بەردەڕەش دادەنیشتن، یەکسەر خۆیان گەیاندە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و هەرزوو لەوێ پلەیان پێدرا، بەڵام زۆر جێی باسی خەڵک نەبوون تا ئەو رۆژەی یەکێک لەو سێ برایە یەکێک لەو پێشمەرگانەی سەربڕی کە بەدیلی کەوتبوونە دەستی داعش.

یونس، مۆفەق و موسا خاوەنی دوو نانەواخانە بوون لە بەردەڕەش. یونس ئەسعەد کە بە یونس قازیفە ناسرابوو، لە شەڕێکدا لە ناوچەی شەلالات بە دەستی پێشمەرگە کوژرا. موسای براشی مانگی رابردوو هەر لەلایەن پێشمەرگەوە کوژرا. ئێستا مۆفەق تاکە برایە لەو خێزانە کە زیندوو مابێت.



مۆفەق زێباری و براکانی



### هەڕەشە لە ئۆباما و بارزانی دەکات

هەفتەی رابردوو داعش لە رێگەی تویتەوە گرتەیەکی ڤیدیۆیی مۆفەقی بڵاوکردەوە کە دەستی لەسەر سەری پێشمەرگەیەکی دیل داناوە و چەقۆیەکی لەبەر پشتێنەکەی ناوەوە و هەڕەشە لە ئۆباما دەکات کە دەگەنە نێو کۆشکی سپی و سەری ئۆباما لێدەکەنەوە و کۆشکی سپیش دەکەنە ویلایەتێک لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی. دوای سەربڕینی پێشمەرگە دیلکراوەکەش مۆفەق هەڕەشەی لە بارزانی کرد.

ئەو پێشمەرگەیەی مۆفەق سەری بڕی، ناوی هوجام عەبدولڕەحمان خدرە، دانیشتووی گوندی بەردەسووری سەر بە ناحیەی رۆڤیای قەزای بەردەڕەشە. هوجام کە لە ساڵی 1995ەوە بووبووە پێشمەرگە، دوای خۆی 10 منداڵی جێهێشت.

### هوجام چۆن کەوتە دەست داعش؟

مالیک عەبدولڕەحمان، برای هوجام باسی چۆنیەتی دەستگیرکردنی براکەی دەکات لەلایەن داعشەوە و دەڵێت "رۆژی 2014/8/6 داعش لە میحوەری ناوەران هێرش دەکاتە سەر پێشمەرگە، براکەم لەو شەڕە بریندار دەبێت و دەکەوێتە دەستی داعش، پاشان دەیگوازنەوە موسڵ".

وەک مالیک باسی کرد "براکەی دەبەن بۆ لای مۆفەق ئەسعەد زێباری کە لەنێو داعشدا پلەدارە، ئەو ماوەیەش هەر لەلای مۆفەق دیل بووە".

مالیک ئاشکرای کرد کە ئەو رۆژەی هوجام بە دیل گیراوە، برایەکی مۆفەق بە ناوی یونس کە پلەی والی بوو لە نێو داعش لە ناوچەی شەلالات بە دەستی پێشمەرگە کوژراوە.

### نانەواخانەکەیان چی بەسەرهات؟

ئەو سێ برایە کە لە عەشیرەتی زێبارین، لە ساڵی 1974ەوە لە شاری مووسڵ نیشتەجێ بوون و پێشتر پەیوەندییان بە رژێمی بەعسەوە هەبووە، دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق یونس پەیوەندی بە رێکخراوی قاعیدەوە دەکات و کاریشی لەنێو رێکخراوەکەدا ئەوە بووە کە لە کۆڵانەکانی شاری مووسڵ بە قازیفە لە هەمەری ئەمریکییەکان بدات، هەر بۆیەش بە یونس قازیفە ناسرابوو.

دوای خراپبوونی رەوشی مووسڵ ئەو سێ برایە روو لە قەزای بەردەڕەش دەکەن، بەڵام هەرزوو دەکەونە ژێر گومانی ئاسایش و دەستگیردەکرێن، دواتر بە هەوڵی کەسایەتییەکی عەشیرەتی زێباری ئازاد دەکرێن.

سەرەتا ئەو سێ برایە لە گوندی عەلی شانەی سەر بە ناحیەی رۆڤیا کە زێدی خۆیانە نیشتەجێ دەبن، دواتر لە ساڵی 2009 لە سەنتەری قەزای بەردەڕەش نیشتەجێ دەبن و دوو سەمونخانە دادەنێن.

سەرتاشێک بەناوی (ف) کە خەڵکی رۆژئاوای کوردستانە و دووکانەکەی نزیکە لە سەمونخانەکەی ئەو سێ برایە، گوتی "هیچ کەسێک گومانی ئەوەی لە مۆفەق نەدەکرد کە داعش بێت. قورئانی هەموو لەبەربوو، مەلا بوو، ئەوەندەی باسی ئاینی ئیسلامی دەکرد باسی دونیای نەدەکرد".

ئەو سێ برایە وەکو هەر خاوەن نانەواخانەیەک و سەمونخانەیەک مانگانە بەشە سووتەمەنی خۆیان لە حکومەت وەرگرتووە بۆ کارپێکردنی سەمونخانەکانیان، بەڵام دوای هاتنی داعش چوونەتە مووسڵ و سەمونخانەکانیان جێهێشتووە.

ئێستا نانەواخانەکان لەلایەن کەسێکەوە بەناوی عەبدولکەریم زێباری بەڕێوەدەبرێن کە زاوای ئەو سێ برایەیە. عەبدولکەریم زێباری بە (رووداو)ی گوت "هەردوو سەمونخانەکە لە قایمقامیەت بە ناوی مۆفەق مۆڵەتیان وەرگرتبوو، بەڵام دواتر من لێمکرپینەوە، هەردووکیانم خستە سەر ناوی خۆم، تەنانەت ناوەکانیشم گۆڕین بە ئازادی و وڵات".

بەپێی زانیاریی رووداو، یەکێک لە سەمونخانەکان پێشتر بەناوی رەحمە بووە.

عەبدولکەریم گوتی "من و ژنەکەم کە دەکاتە خوشکی ئەو سێ برایە، هیچ پەیوەندییەکمان بەوانەوە نییە و دوور و نزیک لەگەڵ کارە دڕندانەکانیان نین، خوشکەکەشی حاشای لە مۆفەق کردووە و دەڵێت بەهیچ شێوەیەک برای من نییە".

### بۆچی مۆفەق هوجامی سەربڕی؟

هەرچەندە 30 پێشمەرگە کەوتوونەتە دەستی داعش، بەڵام لەو دیلانە مۆفەق تەنیا هوجامی هەڵبژارد. مالیک هۆکارەکەی ڕووندەکاتەوە و دەڵێت "مۆفەق باش دەیزانی هوجام کێیە و چەند کەس لە گوندەکەی ئەو پێشمەرگەن، ئەو رۆژەی یونسی برای کوژرا، ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی سورچی لە شەڕەکە بەشداربوون ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەش لە ئۆپەراسیۆنەکەی ئەم دواییە کاتێک پێشمەرگە لە 2015/1/23 بۆردومانی بارەگاکانی داعشی کرد لە گەڕەکی عەرەبی، ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی گوندەکەی ئێمە بەشدارییان لە ئۆپەراسیۆنەکەدا کردبوو، بۆیە لە دوای ئەو شەڕە مۆفەق براکەی منی بەو شێوازە سەربڕی".

مالیک دەڵێت ئەوان چاوەڕێ بوون هوجام ئازاد بکرێت و کوڕە گەورەکەی خانوویەکی نوێی دروستکردبوو دەیگوت تاوەکو باوکم نەگەڕێتەوە ناچینە ناوی.

هەرچەندە پێشتر وا بڵاوکرایەوە کە بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی برای مۆفەق بە کوژراوی، مۆفەق سەری هوجامی بڕیوە، بەڵام سەرچاوەیەک لە هێزەکانی پێشمەرگە ئەوە رەتدەکاتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە هێزی پێشمەرگە بە (رووداو)ی گوت "دوو رۆژ پاش ئەو گرتەیە لە 2015/1/25 چەکدارانی داعش بە سەرپەرشتی مۆفەق زێباری هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەری ناوەران، لەو شەڕەدا برا بچووکەکەی مۆفەق بەناوی موسا دەکوژرێت و تەرمەکەی دەکەوێتە دەست پێشمەرگە".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی، کاتێک مۆفەق دەزانێت موسای برای کوژراوە، دووبارە هێرش دەکاتەوە سەر پێشمەرگە بۆئەوەی تەرمی براکەی بباتەوە، بەڵام ئەمجارە خۆشی بریندار دەبێت و چەکدارانی داعش بە برینداری دەیبەن بۆ مووسڵ".

### "مۆفەقم بە زیندوویی دەوێت"

مالیکی برای هوجام کە خۆیشی پێشمەرگەیە، لەبارەی مۆفەق گوتی "من حەز ناکەم هیچ پێشمەرگەیەک مۆفەق بکوژێت، من مۆفەقم بە زیندوویی دەوێت و خۆم دەزانم چی لێدەکەم".

مالیک گوتیشی "ئەگەر عەرەبێک براکەمی سەربڕیبایە پێم ئاسایی بوو، بەڵام زۆر خەفەت بەوە دەخۆم کە کوردێک براکەمی سەربڕیوە".

رووداو
کاروباری سیاسی
ژمارە (345) دووشەممە 2015/2/2



## دادگای تاوانی نێودەوڵەتی وەڵامی پەرلەمانی کوردستان دەداتەوە

**رووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان چەند بەڵگەیەکی پێشکەش بە دادگای لاهای کرد بۆ بە فەرمی ناساندنی جینۆسایدی ئێزدییەکان لەسەر دەستی داعش، دادگاکە وەڵامی پەرلەمانی کوردستانی دایەوە.

سۆران عومەر، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند دادگای تاوانی نێودەوڵەتی وەڵامیان داونەتەوە و نووسینگەی داواکاری گشتی داوا و سکاڵاکەی بەهەند وەرگرتووە، لە نامەکەدا کە بۆیان ناردوون دەڵێن "داواکەتانمان یاخود درەنگ بڕیاردانمان لەم جۆرە کەیسانە لەبەر ئەوەیە کە کەیسێکی گرنگە و تەنیا پێویستمان بە کاتە بۆ دیراسەکردنی وردتری ئەو دۆکیۆمێنتانەی پێشکەشتان کردوون".

### سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:

# سووکایەتی بە تەرمی کوژراوان رەفتاری داعشە





**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هۆشداری دەدات و دەڵێت ئەگەر لە شێواندنی تەرمی کوژراواندا لە بەرەکانی شەڕ پێشمەرگە لاسایی رەفتارەکانی داعش بکەنەوە ئەوا هاوکاریی نێودەوڵەتی بۆ کورد لە شەڕی دژی داعش دەکەوێتە مەترسییەوە. نیگەرانیی خۆیشی لەوە دەربڕی کە "دەبێ هەڵسەنگاندن بۆ هێرشەکەی ئەمجارەی سەر کەرکووک بکرێ، چونکە ئەمە جاری یەکەم و دووەم نییە داعش لەو میحوەرەوە دێتە پێشەوە".

فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نیگەرانی خۆی لە هەندێ رەفتار نیشان دا کە لە شەڕی 2015/1/29ی کەرکووک لەلایەن هەندێ لە پێشمەرگەکانەوە بەرامبەر بە تەرمی چەکدارە کوژراوەکانی داعش کراون.

لەوبارەوە گوتی "نابێت هاووڵاتی کورد تەرمی داعش بەدوای ئۆتۆمبێل رابکێشێت، یان داعش لەلایەن پێشمەرگەوە سەرببڕدرێ، چونکە ئەمە سیاسەتی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو ئەوە رەفتاری داعشە".

لە شەڕی کەرکووکدا هەندێ پێشمەرگە سووکایەتییان بە تەرمی کوژراوەکانی داعش کرد، وەک لە هەندێ وێنە و گرتەی ڤیدیۆییدا دەرکەوت. ئەوەش دوای ئەوەی کە داعش لە پێنج قۆڵەوە هاتە پێش و چەندین پێشمەرگە لەشەڕی بەرەنگاربوونەوەیاندا شەهید بوون.

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ "ئەو رەفتارانە لەسەر کورد دەکەوێ، چونکە خاڵی بەهێزی کورد لەم شەڕەدا لەوەدایە کە خاکی هەیە، سەرکردایەتی، پێشمەرگە و خەڵکی خۆی هەیە، بەڵام هاوکاری مرۆڤایەتی و سەربازی نێودەوڵەتیش لەگەڵ کوردە و ناکرێ ئەو هاوکارییانە لەدەست بدەین، بەڵام بەم جۆرە رەفتارانە ئەو هاوکاریانە دەکەونە مەترسییەوە". گوتیشی "کورد ئەخلاق و پرەنسیپی هەیە و لەسەر ئاستی دنیا وا ناسراوە، نابێ ئاستی ئەو بەهایانەی بێتە خوارێ".

هەر لەگەڵ هاتنی داعش بۆ عێراق و باشووری کوردستان، داعش دەستیکرد بە سەربڕین و کوشتنی خەڵک. ئەم رەفتارانەی داعش وایکرد دەوڵەتانی دنیا بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بڕیاری شەڕ لە دژی داعش بدەن.

فوئاد حوسێن باس لە رەفتارەکانی داعش دەکات و دەڵێ "داعش ئەو فیکر و نەهجیانە کە خەڵک بەو شێوەیە بکوژن و سەرببڕن، بەڵام کورد ئەو نەهجەی نییە، بەڵکو لەگەڵ دنیا شەڕی لەنێوبردنی نەهجی داعش دەکات، ناکرێ ئێستا کورد خۆی ئەو کارە بکات".

دەربارەی شەڕی کەرکووک و هاتنە پێشەوەی داعش لەو شارە لە چەندین قۆڵەوە، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گوتی: "دەبێ هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە بکرێ، ئەمە یەکەمجار و دووەمجار نییە داعش لە کەرکووکەوە دزە دەکات و دێتە پێشەوە".

# پەرلەمان نووسینگەیەک لەناوچەی شنگال دەکاتەوە

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند کە لە نزیکترین کاتدا پەرلەمانی کوردستان لە ناوچەی شنگال نووسینگەی خۆی دەکاتەوە.

جەعفەر ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند کردنەوەی نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان لە ناوچەی شنگال لە ئایندەیەکی نزیکدا دەبێت.

ئەم هەنگاوەی پەرلەمان پاش ماوەیەکی کەم لە راگەیاندنی "ئەنجوومەنی خۆبەڕێوەبەریی شنگال" دێت بەپشتیوانی و هاندانی پارتی کرێکارانی کوردستان کە مشتومڕێکی گەورەی لە هەرێمی کوردستان لێکەوتەوە.

کردنەوەی ئەو نووسینگەیە دەبێتە دووەم نووسینگەی پەرلەمان لە ناوچەکانی ماددەی 140. دوای کردنەوەی نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان لە کەرکووک.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باسی رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدای کرد بە تایبەتی بەشی کورد لە بودجەی گشتی عێراق و هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بۆ دەرەوە و گوتی "راستە هەندێ خاڵی کەمی ئەو رێککەوتنە جێبەجێکراون، بەتایبەتی مەسەلەی خەرجکردنی بودجەی پێشمەرگە"، بەڵام ئەو گوتی کە متمانەی بە بەغدا نەماوە. جەعفەر ئیبراهیم گوتی "ئەمە عێراقە و هیچ شتێک گەرەنتیکراو نییە".

جێگری سەرۆکی پەرلەمان بۆ یەکەمجار زەنگی مەترسیی هەڵوەشانەوەی ئەو رێککەوتنە لێدەدات و دەڵێت "لایەنی دەرەکی دەست لەو رێککەوتنە وەردەدەن بۆ ئەوەی سەرنەگرێ، بۆیە ترسم هەیە لە تێکچوونی رێککەوتنەکە". گوتیشی "لایەنە دەرەکییەکان ناهێڵن عێراق سەقامگیربێ، هەر بۆیە مەترسی لەسەر جێبەجێکردنی رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا هەیە".

جەعفەر ئیبراهیم کە لەهەمانکاتدا گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە، رەخنە لە پەیوەندییەکانی حیزبەکەی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەگرێ و دەڵێ "نەک تەنیا لەسەر ئاستی نێوخۆ، بگرە لەسەر ئاستی دەرەوەش هێشتا رکابەرییەکی توند لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەیە، بەتایبەتی لەسەر پۆستی نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە".

گوتیشی "دەبێ لەمەودوا دانانی نوێنەرایەتییەکانی دەرەوە بە رێگای سیڤی بێ، چونکە لەمەودوا تەنیا پارتی و یەکێتی نین، بەڵکو لایەنەکانی دیکەی کوردستانیش داوای ئەو پۆستانە دەکەن".

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا بۆ (رووداو) پێشبینی کرد کە شەڕی دژی داعش گۆڕانکاری گەورە لەسەر ئاستی ناوچەکە بەدوای خۆیدا بهێنێ و لەو چوارچێوەیەشدا بەدووری نەزانی کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێ. لەو رووەوە گوتی کە دوای یەکلابوونەوەی شەڕەکە ئەگەر کورد ئەو بڕیارە بدات دەتوانێ ماوەی سێ ساڵ بەتەنیا خۆی بەڕێوەببات و پاشان سەربەخۆیی رابگەیەنێ.

جەعفەر ئیبراهیم وا پێشبینی دەکات کە لەو هەنگاوەدا زیاتر لە 10 دەوڵەت پشتیوانی لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بکەن.

## "موفاجەئەمان دەبێت"

# گۆڕان هۆشداری دەداتە پارتی و یەکێتی

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

بزووتنەوەی گۆڕان هۆشداری دەداتە پارتی و یەکێتی لە یەکلاکردنەوەی پۆستەکانی حکومەت و دەڵێت "تێگەیشتنێکی وامان لا دروستبووە کە پارتی و یەکێتی پێیان خۆشبێت بکشێینەوە، بەڵام وەک چۆن پێشتر پێشبینی پلانی سیاسەتی ئێمەیان نەکردووە، بۆ ئەمجارەش پێشبینی ناکەن".

پارتی لەدوایین کۆبوونەوەیدا لەگەڵ شاندی دانوستاندنکاری بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی رایگەیاندووە کە بەهۆی شەڕی داعشەوە، یەکلاکردنەوەی پۆستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دواکەوتوون، گۆڕانیش پێیوایە کە پارتی دەیەوێت کات بکوژێت.

دوای پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان پێکهێنرا بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستەکانی خوار وەزیر، بەڵام هەتا ئێستا جگە لە (بەڕێوەبەری گشتیی دیوان)ی وەزارەتەکان، هیچ پۆستێکی دیکەی وەک راوێژکارو پۆستەکانی نێو ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێم و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە یەکلا نەکراونەتەوە.

### پارتی: بەهۆی شەڕەوە دواکەوتووە

هەفتەی رابردوو جارێکی دیکە لیژنە هاوبەشەکەی پارتی و گۆڕان و یەکێتی لەشاری هەولێر کۆبوونەوە و بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) پارتی رایگەیاندووە کە بەهۆی شەڕی داعشەوە، یەکلاکردنەوەی پۆستەکانی حکومەت دواکەوتوون.

د.ئاکۆ حەمەکەریم، رێکخەری ژووری توێژینەوەی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان کە بەشداری کۆبوونەوەکە بووە بە (رووداو)ی راگەیاند "پارتی وەکو قسەکردن لارییان نییە لەو بەرکەوتانەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەر گۆڕان کەوتوون، بەڵام هەندێک بیانوو باس دەکەن، لەوانە حکومەتی پێشوو حکومەتی یەکێتی و پارتی بووە و پۆستەکان پەنجا بەپەنجا دابەشکراون، بۆیە ئێستا نەک هەر خۆیان، بەڵکو دەبێت یەکێتیش دەستبەرداری هەندێک لەو پۆستانە ببێت کە بەر گۆڕان دەکەون، بەڵام تائێستا لەگەڵ یەکێتی نەگەیشتوونەتە رێککەوتنێک بۆ ئەوەی دەستبەرداری پۆستەکان بن بۆ گۆڕان".


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

### "موفاجەئەی سیاسیمان پێیە"

ماوەیەک لەمەوبەر نەوشیروان مستەفا رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ ژمارەیەک هەڵسوڕاوی باڵای بزووتنەوەکەی ئاماژەی بەوەکرد کە ئەگەر یەکلاکردنەوەی پۆستەکان هەر بەو شێوەیە دوابخرێن، ئەوا رەنگە بیر لەکشانەوە لەحکومەت بکەنەوە.

د.ئاسۆ مەحموود، بازێروانی سلێمانی بزووتنەوەی گۆڕان رایگەیاند کە تێگەیشتنێکی وایان لا دروستبووە یەکێتی و پارتی پێیان خۆشبێت بکشێنەوە. گوتیشی "ئێمە سیاسەت دەکەین، وەک چۆن پێشتر پارتی و یەکێتی پێشبینی پلانی سیاسەتی ئێمەیان نەکردووە، بۆ ئەمجارەش پێشبینی پلانی سیاسیمان ناکەن".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەگەر بزانن دەستێک هەیەو دەیەوێت گۆڕان تووشی ئیحراجی بکات و نەیانەوێت بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات، ئەوا هەڵوێستیان دەبێت "موفاجەئەی سیاسییمان دەبێت کە لەگەڵ سەردەمەکە بگونجێت".

بەبۆچوونی د.ئاسۆ مەحموود، جۆرێک لە دەستی دەستی لە پارتیدا بەدیدەکرێت کە هەنگاوەکانیان لە پۆستەکاندا خاون و گوتی "پێمانگوتن خاوبوونەوەی هەنگاوەکان کاریگەری لەسەر رێککەوتنەکان و ژیانی خەڵک دەبێت".

لە 30ی حوزەیرانی ساڵی 2013 بەرێککەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی، جارێکی دیکە ویلایەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ 2 ساڵی دیکە درێژکرایەوە، وا بڕیارە لە 30ی حوزەیرانی ئەمساڵدا ئەو دۆسیە بوروژێنرێتەوە، ئەو کاتەی ئەو ماوەیەش بۆ بارزانی درێژکرایەوە گۆڕان ئۆپۆزیسیۆن بوون و رەخنەیەکی زۆریان لەوە گرت.

سەرچاوەیەکی دیکەی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، دەڵێ "هەستدەکەین پارتی بیەوێت دۆسیەی یەکلاکردنەوەی پۆستەکانی حکومەت ببەستێتەوە بە رازیبوونی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنەوەی بارزانی بۆ ویلایەتێکی دیکەی سەرۆکایەتی. بەڵام د.ئاکۆ ئەو زانیارییەی رەتکردەوە و گوتی کە لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو بابەتە باس نەکراوە.

بزووتنەوەی گۆڕان لەهەڵبژاردنەکانی 21ی ئەیلولی ساڵی 2013ی پەرلەمانی کوردستان توانی 24 کورسی بەدەست بهێنێت، لەپێکهێنانی کابینەی نوێدا، چوار وەزارەت و دەستەیەکی بەرکەوت، لەوانەش: دارایی، پێشمەرگە، بازرگانی و پیشەسازی، ئەوقاف لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان، بەڵام تائێستا جگە لەو پێنج پۆستەو (بەڕێوەبەری گشتی دیوان)ی ئەو چوار وەزارەتە، هیچ پۆستێکی دیکەی پێنەدراوە.

کاکەمین نەجار، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی رەتیدەکاتەوە ئەو پرسەیان فەرامۆش کردبێت و باسی شەڕی داعش و ئاڵۆزبوونی دۆخەکە دەکات و دەڵێ ئەو لیژنە هاوبەشەی بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستەکان دانراوە لەگەڵ هەموو حیزبەکان دانیشتوون و گەیشتوونەتە رێککەوتن "بەڵام بێگومان شەڕی داعشیش یەکێکە لەهۆکارەکانی دواکەوتنی ئەو پرۆسەیە، لەگەڵ ئەو شەڕەدا، گفتوگۆکانیشمان فەرامۆش نەکردووە".

سەبارەت بەوەی کە ئەوان "دەستی دەستی" بەگۆڕان بکەن یاخود بەنیاز بن بەدواکەوتنی یەکلاکردنەوەی پۆستەکان، وا لە گۆڕان بکەن بیر لەکشانەوە لە حکومەت بکاتەوە، کاکەمین نەجار گوتی "ئێمە و گۆڕان تێگەیشتنی باشمان هەیە و بڕوا ناکەم گلەییان لە ئێمە هەبێت".

## کوردی بەغدا و هەولێر هەماهەنگی دەکەن



**رووداو- هەولێر**

بەپێی راگەیەندراوێکی سەرۆکایەتی پەرلەمان کە وێنەیەکی بۆ رووداو نێردراوە، لەدانیشتنەکەی دوێنێ (یەکشەممە)ی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان و حکومەتی عێراق لەگەڵ سەرۆکی پەرلەماندا بڕیاردراوە لیژنەیەکی هاوبەش لەنێوان نوێنەرانی کورد لە بەغدا و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکرێت بۆ هەماهەنگی بەدواداچوونی کێشە و گرفتەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند. د.یوسف محەمەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاندووە "هیواخوازین لەسەر ئاستی یاسادانان و لیژنە تایبەتەکان پەیوەندیمان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە کار بکەین بۆ خزمەتی دۆزی میللەتەکەمان، گرنگە لە بەغدا کوردایەتی بکەین و پارێزەری مافەکانی کورد بین".

رووداو
راپۆرت
ژمارە (345) دووشەممە 2015/2/2

### سەرەڕای سەدان راوێژکاری نێوخۆیی

# حکومەت 75 ملیار دیناری داوەتە راوێژکاری بیانی



(فۆتۆ:سێڤان محەممەد سەلیم)

## پەرلەمانتارێک: تەنیا بە کەمکردنەوەی زیادە خەرجی یەک ملیار دۆلار بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە

**ئەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

بەگوێرەی راپۆرتێک کە ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان دەستیکەوتووە و دەیەوێت بیداتە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، خەرجیەکانی ساڵی 2013ی حکومەت لە فەرمانگە و دامودەزگا حکومییەکان زۆر و ئاڵۆزن و هۆکارێکی کاریگەربوون لە دروستبوونی ئەو قەیرانە داراییەی بەرۆکی حکومەتی گرت و ناچاربوو بڕیاری دەستگرتنەوە لە خەرجییەکان رابگەیێنێ.

لە پێشەکی راپۆرتەکەدا کە وێنەیەکی دەست (رووداو) کەوتووە، ئەو پەرلەمانتارە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی نووسیوە کە ژمارەی ئەوانەی مووچە لە حکومەت وەردەگرن گەیشتووەتە ملیۆنێک و 680 هەزار کەس، بەڵام تەنیا 680 هەزار کەسیان فەرمانبەرن و ملیۆنەکەی دیکە کە ژمارەیەکی خەیاڵییە، لەساڵی 2013 دا بڕی 7 تریلیۆن و 163 ملیار دینار تەنیا بۆ مووچە و پاداشتیان رۆیشتووە و 4 تریلیۆن و 314 ملیار دیناریش بۆ دەرماڵەی جۆراوجۆر، ئەمەش بارگرانییەکی زۆرە بۆ حکومەت لەم قەیرانەدا".

### 120 خانەنشینی هەمەجۆر

بەپێی ئەو راپۆرتە، مووچەی مانگانەی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە بۆ هەر مانگێک 5 ملیار و 730 ملیۆن دینارە کە مووچەی سەرۆکایەتی پەرلەمان زۆرترە و تێیدا هاتووە "2 ملیار و 400 ملیۆن دینار مووچەی مانگێکی سەرۆکایەتی پەرلەمان و 950 ملیۆن دینار مووچەی مانگێکی سەرۆکایەتی هەرێم و 2 ملیار و 380 ملیۆن دینار مووچەی سەرۆکایەتی حکومەتە".

بەڵام بەدەر لەو مووچانە خانەنشینی پلە تایبەت کە وەزیر و راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی خانەنشینکراو دەگرێتەوە، مانگانە ملیارێک و 777 ملیۆن دینار لە بودجەی هەرێمی کوردستان دەبەن. لەوانەش وەزیری خانەنشینکراو مانگانە 470 ملیۆن دینار، بەڕێوەبەری گشتی خانەنشینکراو کە 110 کەسن، مانگانە 264 ملیۆن دینار، راوێژکاری خانەنشینکراو کە 150 کەسن مانگانە 380 ملیۆن دینار مووچەیانە. جگە لە خانەنشینی سەربازی و پاداشتیان کە مووچەی مانگێکیان 88 ملیار و 925 ملیۆن دینارە و بۆ ساڵێک دەکاتە یەک تریلیۆن و 67 ملیۆن دینار".

سۆران عومەر، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان کە راپۆرتەکەی ئامادە کردووە، دەڵێ "ئەگەر لە ساڵێکدا بەغدا 10 تریلیۆن دینار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بنێرێت وەک بودجەی ساڵ، ئەوا 7 تریلیۆن دیناری بۆ مووچە و دەرماڵە دەڕوات و تەنیا 3 تریلیۆنی دەمێنێتەوە بۆ پرۆژە و ئاواکاری و خزمەتگوزارییەکان".

### "2 ملیار دینار بۆ ئامێری مۆسیقا"

راپۆرتەکە پوختەی خەرجییەکانی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە ساڵی 2013دا، بەڵام لەنێو خەرجییەکاندا، دەردەکەوێ وەزارەتەکانی حکومەت پارەی زەبەلاحیان خەرجکردووە. چونکە تێیدا هاتووە کە ملیارێک و 978 ملیۆن دینار بۆ کڕینی ئامێری مۆسیقا، 25 ملیار دینار بۆ کڕینی کۆمپیوتەر و ئامێری گەورە، ملیارێک و 301 ملیۆن بۆ هاوبەشیکردنی رۆژنامە و گۆڤارەکان، 15 ملیار و 873 ملیۆن دیناریش دراوەتە قرتاسیە، لەکاتێکدا فەرمانگەکانی حکومەت کۆمپیوتەریان تێدایە و ملیارێک و 289 ملیۆن دیناریش دراوەتە کڕینی ئامێری وێنەگرتن و شریت.

هەر لە درێژەی خەرجییەکانی حکومەتدا کە لەو راپۆرتەدا ئاماژەی پێکراوە، لەو ساڵەدا حکومەت 3 ملیار دیناری بۆ کۆڕ و سیمینار، 45 ملیاری بۆ چاپکردن، 11 ملیاری بۆ خولی راهێنان، 21 ملیار و 900 ملیۆن دیناریشی بۆ کرێی ئینتەرنێت و تەلەفۆناتی فەرمانگەکانی خەرجکردووە، لەگەڵ 57 ملیار دینار بۆ رێکخراوە رۆشنبیری و زانستییەکان.

ئەندامێکی لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان دەڵێ "ئەو پارەیە ئێجگار زۆرە و بەدواداچوونی بۆ دەکەین". فەرحان جەوهەر ئەندامی لیژنەی رۆشنبیری گوتیشی "2 ملیار دینار بۆ کڕینی ئامێری مۆسیقا زۆر زۆرە".

فەرحان جەوهەر باسی دۆسیەیەکی دیکە دەکات کە ئێستا پێوەی سەرقاڵن و دەڵێت "بڕی 20 ملیار دینار بۆ پایتەختی رۆشنبیری تەرخانکراوە و لە 2014دا بڕی زیاتر لە 3 ملیاری خەرجکراوە و داوامان لە وەزیری رۆشنبیری کردووە لیژنەیەک پێکبهێنێ بۆئەوەی بزانین ئەو پارەیە بۆچی خەرج کراوە".

### بایی 75 ملیار دینار راوێژی کردووە

خەرجییەکانی دامودەزگا و فەرمانگەکانی حکومەت وایکردووە پەرلەمانتاران بێنە سەرهێڵ و داوا بکەن سنوورێک بۆ ئەو دەستبڵاوییە دابنرێت لەوکاتەی پرۆژە یاسای بودجەی 2015 دەچێتە پەرلەمان.

شێرکۆ جەودەت، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ بە دڵنیاییەوە خۆمان ئامادەکردووە بۆ ئەوەی خەرجییەکان کەمبکرێنەوە.

شێرکۆ جەودەت، هێما بۆ زانیارییەکانی نێو برگەیەکی راپۆرتەکە دەکات کە حکومەت بڕی 72 ملیار و 907 ملیۆن دیناری داوەتە ئەو راوێژکارانەی هاوکاریی حکومەتیان کردووە بە شارەزاییەکانیان لەگەڵ 2 ملیار و 500 ملیۆن دینار بۆ راوێژکارە زانستییەکان، ئەمەش سەرەڕای سەدان راوێژکاری مووچەخۆری حکومەت و دەڵێ "ئەو هەموو پارەیە دراوەتە راوێژکار و ئەوەش حاڵمان بووە، ئەو راوێژکارانە لە دەرەوەی وڵاتەوە هێنراون و دەبێ لەمەودوا نەمێنن".

شێرکۆ جەودەت باسی پلانێک دەکات کە بەدەستیانەوەیە لە لیژنەی دارایی بۆ ئەوەی کاتێک بودجەی 2015 دەچێتە پەرلەمان خەرجییەکانی حکومەت کەم بکەنەوە "دەتوانین ساڵی یەک ملیار دۆلار خەرجی زیادە کەم بکەینەوە". گوتیشی "بە نەمانی مووچەخۆری بندیوار و زیادە خەرجی وەک کڕینی ئۆتۆمبیل و کرێی بینا و خەرجی ئینتەرنێت پارەیەکی زۆر بگێڕینەوە".

ئەو ئەندامەی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، باسی شێوازێکی دیکە لە بەهەدەردانی پارە دەکات "باشە بۆچی پارەیەکی زۆر بۆ ئۆتۆمبیل و کرێی بینای کەناڵی ئەلعێراقییە خەرج دەکرێ لە کوردستان لە کاتێکدا ئەو کەناڵە بەردەوام قسە بە کورد دەڵێ".

هەروەها لەبارەی هۆکاری زۆریی خەرجییەکانی حکومەتەوە پرسیار دەکات "چ پێویست دەکات ساڵانە تاقمی قەنەفەی فەرمانگەکانی حکومەت بگۆڕێن؟ یان نەسریەی بەرپرسەکان کە ئەوەندە زۆرە جاری واهەیە خێری لێدەکەن، بەڕاستی ئەو سیستمی خەرجیە کۆنە و لە دونیادا باوی نەماوە".

### "بەدواداچوون زۆر قورسە"

سەرۆکی لیژنەی شارەوانی و خزمەتگوزارییەکان پێیوایە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەو خەرجییانەی فەرمانگەکانی حکومەت زۆر قورس و ئاڵۆزە. عومەر عینایەت دەڵێت هەرچەند چەند میکانیزمێکی جیاواز هەیە بۆ کڕینی پێویستی و کەرەستەی فەرمانگەکانی حکومەت، بەڵام دەڵێ "دەکەوێتە سەر ویژدانی کەسەکان خۆیان چۆن ئەو پارەیە خەرج دەکەن".

بەپێی زانیارییەکانی راپۆرتەکە، زیاتر لە 38 ملیار دینار دراوە بە چاککردنەوەی تانکی، بەلوعە، بۆری، مەغسەلە، پاککردنەوەی فەرمانگەکان، 17 ملیار دینار بۆ چاککردنەوەی کارەبای بینای فەرمانگەکان و 66 ملیار دیناریش بۆ ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر و ئالیاتی شارەوانی و چاککردنەوەی ئۆتۆمبیلی فەرمانگەکان، 54 ملیار دیناریش لە کڕینی پێویست نێو فەرمانگەکاندا خەرجکراوە. ئەمە جگە لەوەی ملیارێک و 270 ملیۆن دینار بۆ ئامێری پەیوەندیکردن و 90 ملیار دینار بۆ کڕینی ئامێر و کەلوپەل، 32 ملیار دیناریش بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبیلی تایبەت و بارهەڵگر و کار خەرجکراوە.

### 50 هەزار دۆلاری دیکەشی بۆ داناوە

# "ئەوقاف 50 هەزار دۆلاری بۆ وەرگرتنەوەی 2 ملیۆن دۆلارەکەی سعودیە خەرجکردووە"

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

ماوەی چوار ساڵە نزیکەی ملیۆنێک و 900 هەزار دۆلاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلای کۆمپانیایەکی گواستنەوەی ئاسمانیی سعودیەیە، سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی کوردستان وەزیری پێشووی ئەوقاف بە "کەمتەرخەم" دادەنێت و بێهیواش بووە لەگەڕانەوەی پارەکە.

لەگەشتی حاجیانی ساڵی 2011دا، 4500 حاجی ناویان هاتەوە بۆ چوونە حەج، هەر حاجییەکیش نزیکەی 3 هەزار دۆلاری لێوەرگیرا. ئەو ساڵە وەزارەتی ئەوقاف گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی سعودی کردبوو بۆ گواستنەوەی حاجیان و بۆ ئەو مەبەستە نزیکەی ملیۆنێک و 900 هەزار دۆلاری پێداوە، بەڵام کۆمپانیاکە حاجییەکانی کوردستانی نەگواستەوە. لەوکاتەوە هەوڵەکان بۆ گێڕانەوەی پارەکە بێئاکام ماونەتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی ئەوقاف بە (رووداو)ی گوت "وەزارەتی ئەوقاف 10 هەزار دۆلاری داوەتە پارێزەرێکی سعودی بۆ وەرگرتنەوەی پارەکە، پاشانیش نزیکەی 40 هەزار دۆلاری دیکە دراوە وەک ئیفاد و سەفەرکردن بۆ فەرمانبەرێکی وەزارەت بۆ سعودیە بە مەبەستی وەرگرتنەوەی ئەو پارەیە". گوتیشی "ساڵی رابردوو جارێکی دیکە رێککەوتن لەگەڵ پارێزەرە سعودیەکە کرایەوە کە 50 هەزار دۆلاری دیکەی بەچەند قیستێک پێبدرێت بۆ وەرگرتنەوەی پارەکە و جێبەجێکردنی حوکمی وەرگرتنەوەی".

کۆمپانیا سعودییەکە بە بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقافی راگەیاندووە کە ئەو فڕۆکەی ئامادە کردووە، بەڵام حکومەتی عێراق (سلۆت)ی بۆ ئەو فڕۆکانەی کۆمپانیاکە لە فڕۆکەخانەکانی سعودیە دابین نەکردووە "چونکە بەبێ رەزامەندی پێشوەختەی دەستەی حەجی عێراق و وەزارەتی گواستنەوەی عێراق کراوە".

### "لەهەوڵی وەرگرتنەوەی پارەکەداین"

بەڕێوەبەری گشتی حەج و عەمرە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی دەڵێت قۆناغێکی باشیان لە رێکارە یاساییەکان بڕیوە "ئێستا بڕیاری دادگای سعودیە ئەوەیە ئەو پارەیەی لێدەسەنرێتەوە".

شێخ قاسم بەرزنجی رەتیکردەوە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پارەیە 4 جار سەفەریان کردبێت و 40 هەزار دۆلاری دیکەیان بۆ بەدەستهێنانەوەی پارەکە خەرجکردبێت "ئەوە راست نییە، چونکە هەر بەدواداچوونێک کرابێت بۆ ئەو پارەیە لە کاتی سەفەرەکانی دیکەی بەرپرسانی ئەوقاف بووە بۆ سعودیە و لەوێش بەدواداچوون بۆ پارەکە کراوە".

شێخ قاسم بەرزنجی، زانیارییەکی دیکەی (رووداو)ی پشتڕاستکردەوە کە بۆ گرێبەستی دووەمی وەرگرتنەوەی پارەکە بڕی 50 هەزار دۆلار دەدەنە پارێزەرە سعودیەکە "راستە بەو بڕە گرێبەست کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ بڕە پارەیەکمان نەداوە، بەڵکو بەمەرجی وەرگرتنەوەی تەواوی پارەکەیە، هەر کاتێک پارەکەی بە دووجار وەرگرتەوە، ئێمەش بەدووجار پارەکەی پێدەدەین". بەپێی قسەی سەرچاوە ئاگادارەکەی (رووداو) هەر کاتێک ئەو پارەیە وەرگیرایەوە، پێویستە بڕی 200 دۆلار بدرێتەوە ئەو حاجیانەی لەو ساڵەدا گەشتی حەجیان کردووە، چونکە هەر ئەو ساڵە لە بودجەی سیادی عێراق پارەی حەجەکە دراوە، بەڵام بەڕێوەبەری گشتی حەج و عەمرە ئەو زانیارییەی رەتکردەوە "ئەو پارەیە موڵکی حکومەتە، چونکە ئەسڵەن ئەو پارەیەی کە ساڵانە لەحاجیانیش وەردەگیرێت، بەشیان ناکات و حکومەتی هەرێم پارەی دەخاتەسەر".

شێخ سەلاح فەتاح، بەڕێوەبەری گشتی پێشووی حەج و عەمرە لە وەزارەتی ئەوقاف باسی پێکهێنانی لیژنەیەک دەکات کە لەلایەن داواکاری گشتی و وەزارەتی ئەوقافەوە پێکهێنراوە و لێپرسینەوە لەگەڵ خۆشیدا کراوە، بەڵام گوتی "نازانم ئەنجامەکەی چی بووە".

ئەی کێ لەو دۆسیەیە بەرپرسە؟ شێخ سەلاح ئامادە نەبوو ناوی بەرپرسەکان ئاشکرا بکات و گوتی "بەو پێیەی لەو پۆستەدا نەماوم، هەق نییە بڵێم کێ بەرپرسە، بەڵام وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عەمرە لێی بەرپرسن، ئیتر من یان وەزیر یان هەر کەسێک بێت".

بەڵام د.سیراج ئەحمەد، سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، راشکاوانەتر قسەدەکات و بێهیواشە لەوەی پارەکە دەست حکومەت بکەوێتەوە. ئەو دەڵێ هەرچەندە پارێزەرەکە پێشتر داواکەی وەزارەتی ئەوقافی لە کۆمپانیاکە بردەوە و سەلماندی پارەکە لای کۆمپانیاکەیە، بەڵام بۆ گرێبەستی دووەم کە وەرگرتنی پارەکەیە، هەستدەکەم دەستی دەستی دەکات "چونکە پارێزەرەکە و خاوەنی کۆمپانیاکە سعودین، بۆیە ئەگەر فشاریان لەسەر دروستنەکەن پێشبینی ناکەم پارەکە بگەڕێتەوە".

ئەو کە ئاگاداری وردەکاری دۆسیەکەیە، گوتیشی "وەزیری پێشووی ئەوقاف کەمتەرخەمە، چونکە لەحیاتی ئەوەی خۆی گرێبەستەکە واژۆ بکات، گرێبەستەکەی بە فەرمانبەرێک واژۆ کردووە".



"ئەگەر پارەکەش وەربگرینەوە نایدەینە حاجیان"

(فۆتۆ: سیروان عەزین)

### کەمال کەرکووکی، بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک:

# بارزانی گوتی قبوڵ ناکەم مامەڵەی ناشیرین لەگەڵ تەرم و دیلی داعش بکەن



لە دوای شەڕێکی قورسی دوو ڕۆژی لەگەڵ چەکدارەکانی داعش لە میحوەرەکانی کەرکووک و شەهیدبوون و برینداربوونی ژمارەیەک پێشمەرگە لەو سنوورە، پێشمەرگە مریەم بەگ و تەللوەرد و مەکتەب خالید و مەلا عەبدوڵڵای کۆنترۆڵ کردەوە. کەمال کەرکووکی کە بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووکە و بەشداری لەو شەڕانەدا کردووە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە داعش ماوەیەکی زۆر ئامادەکاری بۆ ئەو هێرشە کردبوو. ئەو دەڵێت بۆ ئەوەی مەترسی داعش لەسەر کەرکووک نەمێنێت دەبێ 36 کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری کەرکووک دووربخرێنەوە. بە قسەی ئەو ئێستا تەنیا 24 کیلۆمەتر لە سەنتەری شار دوورن.

هەڤپەیڤین: هیوا حوسامەددین
ڕووداو- کەرکووک

■ دەبێت داعش تاوەکو چوارڕیانی دۆڵی نەوت لە کەرکووک دوور بخرێتەوە

■ لە خەبازە عەرەبەکانی ناوچەکە چاوساغی داعش بوون

**ڕووداو: ئێستا داعش چەندە لە کەرکووک دوورە؟**

**کەمال کەرکووکی:** لە هەندێک شوێن 24 کیلۆمەتر و لە هەندێک شوێنیش 26 کیلۆمەتر لە ناوەڕاستی شارەوە دوورن.

**ڕووداو: دەبێ داعش چەند لە کەرکووک دوور بکەوێتەوە بۆ ئەوەی مەترسی لەسەر کەرکووک نەمێنێ؟**

**کەمال کەرکووکی:** دەبێت لە سنووری کوردستان نەمێنێ و زۆریش لە سنوورەکان دووربخرێنەوە، ئەوکات مەترسیەکان کەم دەبنەوە، جگە لەوەش ئەو کەسانەش دووربخرێنەوە کە هاوشێوەی داعش ڕێزمان لێناگرن، دەبێت بچنە دەرەوەی ناوچەکانی باشووری کوردستان، بەڵام ئێستا دەبێت تاوەکو چوارڕیانی دۆڵی نەوت کە 32 کیلۆمەترە دوور بخرێنەوە بۆ ئەوەی کەرکووک ئارام بێت.

**ڕووداو: گەرەنتی ئەوە دەدەن کە ئەوەی لە 2015/1/29 ڕوویدا، ڕوونەداتەوە؟**

**کەمال کەرکووکی:** ئەوە شەڕە و کەس ناتوانێ ئەو گەرەنتیە بدات، داعش دوژمنە و دوژمنێکی دڕندەیە، ئەوان چەک و تەقەمەنییەکی بێشوماری سوپای عێراقیان بەدەستەوەیە، پارەیەکی زۆری بانکەکانی مووسڵ و ڕەقەیان کەوتووەتە دەست و سوودیان لە نەوتی ناوچەکە وەرگرتووە، بۆیە ناکرێت بە بچووکیان بزانین، جگە لەوەش هەندێک عەرەبی سنوورەکەش چاوساغی و هاوکارییان دەکەن، بۆیە تاکە گەرەنتی ئەوەیە دەبێت لە کوردستان دەربکرێن، بەڵام خەڵک دڵنیا دەکەینەوە کە شەو و ڕۆژ ئێمە لە ئامادەباشی دەبین و کەموکوڕییەکان پڕ دەکەینەوە و سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیارین لەسەر دوژمن و بۆردومانکردنی ناوچەکانیان.

**ڕووداو: کەواتە ئێوە ترستان لە عەرەبەکانی سنوورەکەش هەیە؟**

**کەمال کەرکووکی:** ناڵێم لە هەموویان، بەڵام لەبەشێکیان بەڵێ ترسمان لێیان هەیە، بۆ نموونە لەشەڕی چەند ڕۆژی ڕابردوودا خەڵکی عەرەب هەبووە لە پشتەوە تەقەی لە پێشمەرگە کردووە، لەلای خەبازەوە عەرەب داعشی هێنا و ئێمە بەزۆر ئەو ناوچەیە دەدۆزینەوە، کەچی داعش وەکو باڵندە بەچەند خولەکێک گەیشتە ئەو سنوورە.

**ڕووداو: کێ بەرپرسیاربوو لەوەی داعش بەو شێوەیە لە کەرکووک هاتە پێش؟**

**کەمال کەرکووکی:** من ئەوە ناخەمە ئەستۆی کەس، ئێمە دوو میحوەرین بەتەنیشت یەکەوە، لیواکان هاوبەشن، لیوای یەک کە شەهید شێرکۆ فاتح سەرپەرشتی دەکرد کاتێک کە شەهید بوو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەنگەرەکانی دیکە دروست کرد و داعشەکان لەو سنوورەوە هاتنە پێش و دواتریش بە ئۆتۆمبێلی زرێپۆش لە مەلا عەبدوڵڵاوە هێرشی کرد و تەللوەرد کەوتە نێوان دوو بەرەی داعشەوە، بۆیە ناچاربووین پاشەکشێ بکەین، کێشەیەکی دیکەش ئەوە بوو نێوانمان لەگەڵ داعش لە مەلا عەبدوڵڵا 50 بۆ 80 مەترە و کەشوهەواش هۆکار بوو.

**ڕووداو: زانیاریتان هەبوو داعش لە کەرکووک دێتە پێش؟**

**کەمال کەرکووکی:** بەڵێ زانیاری تەواومان هەبوو، تەنانەت من فرۆکە جەنگییەکانیشم ئاگادارکردەوە کە داعش سەرقاڵی دروستکردنی ئۆتۆمبێلی گوللەنەبڕە و دەیەوێت هێرش بکات، بەڵام سوودی نەبوو، بەو هۆیەشەوە تووڕەیی دروستبوو. هەریەک لە شێخ جەعفەر و وەزیر و بریکاری وەزیری پێشمەرگەشم ئاگادارکردەوە کە سەنگەرەکان پێویستیان بەهێزی زیاترە، ئەوەش بێسوود بوو.

**ڕووداو: ئامانجی داعش گرتنی کەرکووک و مانەوەی بوو؟**

**کەمال کەرکووکی:** داعش ستراتیژیەتی خۆی هەیە، ئەوان دەڵێن ئێمە ئەو شوێنانە دەگرین کە نەوتی هەیە و بەو کارەش دەیانەوێت کاریگەری لەسەر سیاسەتی ڕۆژئاوا دروستبکەن و کە کاریگەریش دروستبوو، ئەوکات دەبینە حاکمی ئەو ناوچەیە، بۆیە هەموو هەوڵێکیان دا بۆ کەرکووک، بەڵام پێشمەرگە ئەم پیلانەی پووچەڵ کردەوە؟

**ڕووداو: ئەی چۆن گەیشتنە نێو کەرکووک؟**

**کەمال کەرکووکی:** لەناو کەرکووک خەڵکێکی زۆر جێگای کراوەتەوە بەناوی پەنابەر و حەشدی

■ تیرۆرست لەگەڵ ئاوارە و حەشدی شەعبی نێردراون بۆ نێو کەرکووک

شەعبی، ئەو خەڵکانەش کەسی تیرۆرستییان لەگەڵدا نێردراوە و بووەتە هۆی دروستبوونی گرووپی چەکداری، ئەوانەی لە ناو کەرکووک بوون لە شەڕەکەی ئەمدواییەوە نەڕۆیشتوونەتە ناو کەرکووکەوە.

**ڕووداو: داعش شانەی نووستووی هەیە لە ناو کەرکووک؟**

**کەمال کەرکووکی:** بەڵێ دڵنیام ئێستا شانەی نووستووی لەناو کەرکووکدا هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێژە زۆرە خەڵک بچێتە ناو کەرکووکەوە حەتمەن شانەی نووستووی لێ دروست دەبێت، بۆ دەرکردنی ئەو شانە نووستووانەش دەبێت ئاوارەکان دەربکرێن و لەدەرەوەی شارەکە کەمپیان بۆ دروست بکرێت.

**ڕووداو: خەڵک دەڵێ پێشمەرگە لە تەللوەردەوە لاوازە بۆیە داعش ئەوە چەند جارە لەوێوە دێتە پێش؟**

**کەمال کەرکووکی:** بەو شێوەیە نییە، تەللوەرد دەکەوێتە سەر چەندین ڕێگای سەرەکی بەڕووی حەویجە و ریاز و ڕەشاد، ئەو ناوچانەش بەدەست داعشەوەیە و بوونی پردێکی بەرز لەو سنوورە ئەو کێشانەی دروستکردووە، بەڵام من خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەمەوە کە ئەوان لەو سنوورە نامێنن.

**ڕووداو: داعش ئەمجارە ژمارەیەکی زۆری کوردی لەگەڵ بووە، هیچ زانیاریتان هەیە چەند کورد ئێستا لەنێو داعشدا هەن؟**

**کەمال کەرکووکی:** زانیاریمان لەسەر ژمارەیان بەشێوەیەکی دروست نەبووە، بەڵام گوێمان لە قسە و بانگکردنەکەیان دەبوو کە ناوە ناوە بەکوردیش قسەیان دەکرد، تەنانەت هەندێکجار دەگوترا بەکوردی قسە مەکەن، بەڵام ژمارەی دروستمان نییە.

**ڕووداو: بەگوێرەی زانیاری ئێوە کێ سەرپەرشتی ئەم شەڕەی کرد لەلایەن داعشەوە؟**

**کەمال کەرکووکی:** چوار ئەمیریان لەو شەڕەی دژ بە ئێمە کوژرا و فەرماندەی شەڕەکەشیان بەناوی (ڕەماح) بریندار بوو، کە تاوەکو ئێستا نەگەڕاوەتەوە ناوچەکانی داعش و خۆی حەشارداوە و ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین.

**ڕووداو: خەڵک دەڵێن کەمال کەرکووکی لەکاتی شەڕدا هەڵاتبوو؟**

**کەمال کەرکووکی:** خەڵکانێک هەن حەز دەکەن ئەم جۆرە قسانە بکەن، بەڵام من لەکاتی شەڕی تەللوەرد و دواتریش لەکاتی ئازادکردنی مەلا عەبدوڵڵا و تەللوەردیش هەر لەوێ بووم، لەکاتی شەهیدبوونی لیوا حوسێن مەنسووریش هەر لەوێ بووم.

**ڕووداو: لەگەڵ ئەوەبوون ئەو داعشانەی کوژران لەنێو کەرکووکدا بەدوای ئۆتۆمبێلدا ڕاکێشران؟**

**کەمال کەرکووکی:** من لەگەڵ ئەوەدام لە دوژمنەکەت نەترسیت و هیچ حیسابی بۆ نەکەیت، بەڵام کە بێدەسەڵات بوو دەبێت وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکەی، لەکاتی گرتنی دیلیش من مامەڵەی لەو شێوەیەم لەگەڵی نەکردووە و تەنیا پێمگوتوون دەتدەینە دادگا.



■ نێوانی داعش و پێشمەرگە لە مەلا عەبدوڵڵا 50 مەترە

■ هەندێک لە عەرەبەکانی ناوچەکە لە پشتەوە تەقەیان لە پێشمەرگە کردووە

■ بارزانی زۆر غەمگین بوو بە شەهیدبوونی شێرکۆ فاتیح

■ دڵنیام داعش شانەی نووستووی لەناو کەرکووک هەیە

**ڕووداو: سوکایەتیکردن و سەربڕینی داعش لەلایەن پێشمەرگەوە بە فەرمانی ئێوەیە؟**

**کەمال کەرکووکی:** ئێمە نامانەوێت کەس ئەو جۆرە کارانە بکات و تەنانەت بروسکەی کاک مەسعودمان پێگەیشتووە کە دەڵێت: قبوڵ ناکەین هیچ کەسێک مامەڵەی ناشیرین لەگەڵ تەرم و دیلی داعش بکات.

**ڕووداو: ئەمە کاریگەری لەسەر ناوبانگی کورد و پێشمەرگە نابێت؟**

**کەمال کەرکووکی:** ئەمە شتێکی زۆر ناشیرین و ناشیاو بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کاریگەرییەکی نابێت لەسەر ناوبانگی کورد، چونکە هەموو دونیا دەزانێت ئەمە بڕیاری سەرکردایەتی و پەرلەمان و حکومەت نییە، لەکاتی گفتوگۆ و دانیشتنەکانیش هاوپەیمانان و تەنانەت دەوڵەتەکانیش دەزانن ئێمە مامەڵەمان چۆنە و هەڵەی کەسێکیش لەسەر وڵات و پێشمەرگە هەژمار ناکرێت، پێشمەرگە دەیەوێت پارێزگاری لە وڵات بکات و نەهێڵێ خوێن بڕژێت و بەدڵنیاییەوە ئێمە بۆ سووکایەتی بە مرۆڤەکان نەهاتووینەتە سەنگەری شەڕ.

**ڕووداو: ڕاستە ئەگەر هێزی دژە تیرۆری یەکێتی نەهاتبووایە، ئێوە دەرەقەتی داعش نەدەهاتن؟**

**کەمال کەرکووکی:** ئەو سەرکەوتنە سەرکەوتنی هێزەکانی پێشمەرگە و لایەنە ئەمنیەکان بوو، نەک سەرکەوتنی هێزێکی تایبەت و لایەنێکی تایبەت، پێشمان خۆش نییە هێزەکان جیابکرێنەوە، لەبەر ئەوەی لەو شەڕەدا هێزەکانی پێشمەرگە و دژە تیرۆر و پۆلیسی بەرگری شارستانی و هێزەکانی پشتیوانی پۆلیسی قەزا و ناحیەکان و ئاسایش بەشدارییان کرد، بۆیە سەرکەوتنی هەموومان بوو.

**ڕووداو: ئەی پارێزگاری کەرکووک لەو ڕۆژەدا لە کەرکووک بوو؟**

**کەمال کەرکووکی:** پارێزگاری کەرکووک پێشتر سەردانی میحوەرەکەمانی کردووە و هەموو جۆرە هاوکارییەکی دەربڕیوە و ئەم وتەیەش جێگای ڕێزە، بەڵام لە ڕۆژی شەڕەکەدا هێڵی مۆبایل نەبوو یاخود لاواز بوو، بۆیە نازانم تەلەفۆنی کردووە یان نا، بەڵام دواتر قسەمان کردووە و دوای شەڕەکەش سەردانی سەنگەرەکانی کردووە.

**ڕووداو: سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە تەلەفۆن پەیوەندی بە ئێوە کرد چی گوت؟**

■ فەرماندەکەی داعش بریندارە و بەدوایدا دەگەڕێین

**کەمال کەرکووکی:** جەنابی سەرۆک بە بەردەوام ئاگاداری سەنگەرەکانی کەرکووکە و بەدواداچوون بۆ کارەکان دەکات، ئەو ڕۆژانەی شەڕیش بەردەوام دەیویست هەوڵی بەرزکردنەوەی وورەی پێشمەرگە بدات و دەستخۆشی لە پێشمەرگە و بەرپرسەکان دەکرد و دەیگوت چاوی یەک بەیەکیان ماچ دەکەم و زۆر هێمن بوو، بەڵام زۆر غەمگین بوو بە شەهیدبوونی لیوا شێرکۆ و پێی ناخۆش بوو بۆ ئەو ڕووداوە، وەکو یەکێک لە براکانی خۆی وەسفی کرد.

**ڕووداو: شەهید بوونی دوو لیوا لە بەرەکانی شەڕدا ئەوە ناگەیەنێ کە خەلەل هەیە لە بەرەکانی شەڕدا؟**

**کەمال کەرکووکی:** بەپێی زانیارییەکانی من شەهید شێرکۆ پێیانگوتبوو بە هانای فەوجێکەوە بچێت، بەڵام کاتێک دەڕوات نازانێت کە سەنگەری ئەو فەوجە بەدەست پێشمەرگەوە نەماوە، کاتێک دەڕوات دەستڕێژی گوللەی لێدەکەن و شەهید دەبێت. نەخێر خەلەل نەبووە بەڵکو ئەمە شەڕە و شەهید و برینداریش دەبێت و هەردووکیان زەرەرێکی زۆر گەورە بوون.

**ڕووداو: ئێوە لەگەڵ دروستبوونی حەشدی شەعبین لە کەرکووک؟**

**کەمال کەرکووکی:** نەخێر بەهیچ شێوەیەک ڕازی نین و حەشدی شەعبی تاوانێکە دەرحەق بەخەڵکی کوردستان و عێراق دەکرێت، لەبەر ئەوەی چەک پێدان بە کەسانێک کە نەناسرێن و ئاسانکاری کردن بۆیان لەکاتێکدا چەندین چەکداری داعش خۆی دەخزێنێتە نێویان، کارێکی زۆر مەترسیدارە و پێمان قبوڵ نییە.

**ڕووداو : بەڵام لە خورماتوو و جەلەولا و سەعدیە حەشدی شەعبی هەیە ئەوان دەڕۆن یان دەمێننەوە؟**

**کەمال کەرکووکی:** ئێمە لەسەر خاک شەڕدەکەین و خەڵکانێک هاتوونەتە سەر خاکەکەو داگیریان کردووە، تۆش بەخوێن بست بەبست ڕزگاری دەکەیت، کاتێک کە ڕزگار بوو دەبێتەوە خاکی خۆت، بەڵام ئەگەر لایەنێک هاوکاریت بکات و ڕزگاری بکات ئەویش داوای مانەوە دەکات و بەمافی خۆی دەزانێت، بۆیە هەڵەیە لایەنێکی دیکە هاوکاربێت و دەبێت ئەو لایەنانەش لەو ناوچەیە بڕۆن و لە باشووری کوردستان نەمێننەوە.

**ڕووداو: پێتانوانییە ئەمە کێشە دروست دەکات؟**

**کەمال کەرکووکی:** با دروست ببێت، لە دێرزەمانەوە کورد خراوەتە ژێردەست و بەزۆر بەعێراقەوە لکێنراوین و بەو هۆیەشەوە ئەنفال کراین و کیمیاباران کراین، دواتریش پێیانگوتین ئێوە لەگەڵ عەرەب بران کە ئەمەش هەر بەزۆر بوو و ڕاستیش نییە، لەبەر ئەوەی کورد و عەرەب زمان و کەلتور و مێژوو و خاک و سروشتی جیاوازە، ئەگەر دەڵێن وانییە من دەڵێم کێ بینیوەیەتی برا برازا و براژنی خۆی بڕفێنێ و لە وڵاتێکی دیکە بیفرۆشێ.

رووداو
ئابووری
ژمارە (345) دووشەممە 2015/2/2



## هەناردەکردنی نەوت دابەزیوە

**رووداو- هەولێر**

ئاژانسی رۆیتەرز رایگەیاند ئاستی هەناردەکردنی نەوتی خاوی عێراق لە بەندەری بەسرەوە لە باشووری عێراق لە مانگی رابردوو بە بەراورد بە مانگی 12ی ساڵی 2014 دابەزیوەو هەرێمی کوردستان و کەرکووک لە هەمان مانگدا رۆژانە 310 هەزار بەرمیل نەوتیان هەناردەکردووە.

ئاژانسەکە دەڵێت "بەهۆی گرفتی بارکردنی نەوت لە بەندەری بەسرە، رێژەی هەناردەکردنی نەوتی خاوی عێراق لە بەسرەوە لە سەرەتای مانگی یەکی ئەمساڵ تاوەکو 28ی ئەو مانگە کەمبووەتەوە، رۆژانەش گەیشتووەتە 2 ملیۆن و 670 هەزار بەرمیل، لەودەمەی رێژەی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە بەسرەوە لە مانگی 12ی 2014 رۆژانە 2 ملیۆن و 270 هەزار بەرمیل بوو".

### قەیرانی دارایی و شەڕی داعش کاریگەرییان نەبووە

# گەشتە ئاسمانییەکانی کوردستان 35% زیادیان کردووە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**


بەهۆی دواکەوتنی مووچە و قەیرانی دارایی و ناسەقامگیریی بارودۆخی هەرێمی کوردستان، جموجۆڵی زۆربەی کەرتەکان بەتایبەتیش کەرتی گەشتیاری پاشەکشێی کرد، بەڵام بەپێچەوانەی زۆربەی پێشبینییەکان، ژمارەی گەشتەکانی هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی لە ساڵی رابردوودا بە رێژەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە.

بەپێی ئاماری هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی، ژمارەی گەشتیاران ساڵی رابردوو بەراورد بە ساڵانی پێشتر زیادیان کردووە، بە جۆرێک لەساڵی 2013دا ژمارەی گەشتیارانی فڕۆکەخانەی هەولێر ملیۆنێک و 193 هەزار و 780 گەشتیار بوو، بەڵام ساڵی رابردوو بۆ زیاتر لە ملیۆنێک و 570 هەزار گەشتیار بەرزبووەتەوە، واتە ژمارەی گەشتیاران بە رێژەی 31% زیادی کردووە.

هەروەها ژمارەی گەشتیارانی فڕۆکەخانەی سلێمانی لە 373 هەزار گەشتیارەوە بۆ 519 هەزار گەشتیار بەرزبووەتەوە، واتە بە رێژەی 39% زیادی کردووە.

تەلار فایەق، بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی هەولێر دەڵێت "بەهۆی قەیرانی دارایی و ئەو بارگرژییەی بەهۆی هێرشەکانی داعشەوە لەهەرێمی کوردستان هاتە ئاراوە پێشبینیمان دەکرد ژمارەی گەشتیاران ئەمساڵ کەمبێتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە بەهۆی خراپبوونی بارودۆخی شارەکانی عێراق، بەتایبەتی مووسڵ، دانیشتووانی ئەم شارانە زیاتر لەرێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە گەشتیان بۆ دەرەوە کرد، بەشێکیشیان لەرێگەی فڕۆکەوە دەگەڕانەوە بۆ باشوور".

گوتیشی "بەهۆی ئەو بارگرژیانەی لە عێراق و هەرێمی کوردستان روویاندا، ساڵی رابردوو بەپێچەوانەی ساڵانی دیکە 93%ی گەشتەکانمان بۆ دەرەوە بوو، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەم بارودۆخە جۆری گەشتەکانی گۆڕی، چونکە جاران گەشتەکان زیاتر بۆ ناوەوە بوون".



(فۆتۆ:سێڤان محەممەد سەلیم)

هاوشێوەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، فڕۆکەخانەی نێودەڵەتیی سلێمانیش ژمارەی گەشتیارانی بەرێژەی 39% بەرەو هەڵکشان چووە.

تاهیر عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی سلێمانی هۆکاری زیادبوونی گەشتی فڕۆکەخانەکەی بۆ ئەو بارگرژییە گەڕاندەوە کە بەهۆی هێرشەکانی داعش لە هەندێ پارێزگای عێراق هاتنە ئاراوە و گوتی "دوای بڕینی رێگای وشکانی بەغدا و شارەکانی هەرێمی کوردستان و خراپبوونی بارودۆخی ناوچەکانی مووسڵ و ناوەڕاستی عێراق، خەڵکانێکی زۆر لە رێگەی فڕۆکەوە گەشتیان بۆ هەرێمی کوردستان دەکرد، بۆیە قەرەباڵغییەکی زۆر لەسەر هێڵی ئاسمانی عێراق دروستبوو، رۆژانە 400 بۆ 500 کەس دەگەیشتنە فڕۆکەخانەی سلێمانی، ئەمەش وایکرد ژمارەی گەشتیاران لە فڕۆکەخانەی سلێمانی بەرەو هەڵکشان بێت".

دوای والابوونی هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی بەڕووی کۆمپانیا فڕۆکەوانییە جیهانییەکاندا، ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی کۆمپانیا فڕۆکەوانی و گەشتیارییەکان لەزیادبووندان، لەهەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانیش بەدەیان نووسینگە و کۆمپانیای فڕۆکەوانی بۆ فرۆشتنی پلیت و رێکخستنی گەشتەکان کرانەوە و بەردەوامیش ژمارەیان لەزیادبووندایە.

کۆمپانیای moon line بۆ فڕۆکەوانی و گەشتوگوزار، یەکێکە لەو کۆمپانیایانەی کە بریکاری کۆمپانیای گالیلیۆی نێودەوڵەتییە، کاری فرۆشتنی بلیت و رێکخستنی گەشتە بۆ گەشتیاران. بڕوا سەعید قادر، سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمپانیاکە دەربارەی ژمارەی ئەو بلیتانەی کۆمپانیاکەیان لەساڵی 2014 بۆ گەشتیاران بڕیویانە، دەڵێت "سێ مانگی یەکەمی ساڵی رابردوو بەهۆی قەیرانی دارایی ژمارەی گەشتیاران زۆر کەم بوو، بەڵام دوای گرتنی مووسڵ لەلایەن داعش و هێرشی بۆ ناوچەکانی کوردستان، ژمارەی گەشتەکان زۆر زیادی کرد. فرۆشتنی بلیتەکانمان بەراورد بە 2013 بە رێژەی 26% زیادی کرد".

گوتیشی "جگە لە عەرەب و ئەو مەسیحیانەی لە مووسڵ و شارەکانی دیکەی عێراق لە رێگەی هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانییەوە گەشتیان بۆ دەرەوە کرد، بلیتمان بۆ زیاتر لە 8 هەزار کرێکاری هیندی و پاکستانی ئەندازیار و خاوەنی کۆمپانیاکان بڕیوە کە بەهۆی ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە کوردستانیان جێهێشت".

لەزۆربەی فڕۆکەخانەکانی وڵاتانی جیهان جگە لە گەشتە نێودەوڵەتییەکان، گەشتی ناوخۆییش بەفڕۆکە لەنێوان شار و شارۆچکەکان هەیە، بەڵام لەکوردستاندا بەهۆی نەبوونی هێڵی ناوخۆ، هیچ گەشتێک لەنێوان شارەکاندا نییە.

تاهیر عەبدوڵڵا دەڵێت "بەپێی دەستوور ئەرکی هێڵی ئاسمانیی عێراقییە گەشتەکانی ناوخۆ رێکبخات و فڕۆکەیان بۆ ئامادە بکات، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا هیچ فڕۆکەیەکیان بۆ ئەو گەشتانە ئامادە نەکردووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان بەدوای قازانجەوەن نەک گەیاندنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان".

گوتیشی "بەهۆی ئەوەی بەپێی دەستوور ئاسمانی عێراق لەدەسەڵاتی ناوەندایە، تائێستا هیچ کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی بیانیی توێژینەوەی لەبارەی جەدوای ئابووری گەشتی نێوان هەولێر و سلێمانی نەکردووە، لەترسی ئەوەی نەوەک تووشی گرفتی یاسایی بن لەگەڵ حکومەتی عێراق".

تاهیر عەبدوڵڵا، بەپێویستی دەزانێ بەزووترین کات وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوەی عێراق و هێڵی ئاسمانیی عێراق ئەم بابەتە چارەسەر بکەن و هەوڵ بۆ ئەوە بدەن جۆرێک لەدەسەڵات بە هەرێمی کوردستان بدرێت بۆ ئەوەی بتوانن بەشێک لەخزمەتگوزاری فڕۆکەوانی بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا جێبەجێ بکەن، گوتیشی "دڵنیام ئەگەر هێڵێکی ناوخۆ هەبێت، گەشتە نێوخۆییەکان خواستێکی زۆریان لەسەردەبێ".

بەڵام تەلار فایەق پێیوایە بەهۆی نزیکیی شاری هەولێر و سلێمانی لەیەکدی، هێڵی ئاسمانی نێوانیان جەدوایەکی ئابووری باشی بۆ کۆمپانیاکان نابێت.

### نەبوونی داتا زیان لە کارگە ناوخۆییەکان دەدات

# هیچ داتایەک لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوخۆ لەکوردستان نییە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

پسپۆڕێکی ئابووری دەڵێت ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوخۆی کوردستاندا لەئاستێکی زۆر لاوازدایە، بەهۆی ئەمەشەوە بازرگانان لەجیاتی ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا لەنێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان و گەشەپێدانی بازرگانیی ناوخۆ، بۆ دابینکردنی سادەترین پێداویستی پەنا بۆ هاوردەکردنی بەرهەم و کاڵای بیانی دەبەن.

سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی، دەڵێت هەرچەندە داتایەک نییە بۆ دیاریکردنی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان شارەکانی کوردستاندا بۆ ئەو کاڵایانەی لە دەرەوە هاوردە دەکرێن و ئەو کاڵایانەی بەرهەمی ناوخۆیین، بەڵام ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ناوخۆ لەئاستی پێویست نییە.

سیروان کۆکردنەوەی داتا و دەستنیشانکردنی جۆری ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییەی لەنێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان هەیە بە کارێکی زۆر پێویست دەزانێ، چونکە وەک ئەو گوتی "کۆکردنەوەی ئەم داتایە لەلایەک دەبێتە بنەمایەک بۆ دیاریکردنی پێداویستی شارەکان لە جۆر و بڕی کاڵاکان، لەلایەکی دیکەش دەبێتە بنەمایەک بۆ پلانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ دەستنیشانکردنی پێداویستی شارەکان لەجۆری بەرهەم و بنیادنانی کارگە".

ئەگەرچی لە هەیکەلی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانیی هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەبەرایەتییەک بەناوی بازرگانیی نێوخۆ هەیە، بەڵام ئەو بەڕێوەبەرایەتییە خاوەنی هیچ داتایەک نییە لەسەر قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ناوخۆ.

عەزیز ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی دەڵێت "بەهۆی ئەوەی ئێمە پەیڕەوی بازاڕی ئازاد دەکەین و بەپێی یاساش هیچ باجێک لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بەرهەمی ناوخۆ نییە، بۆیە هیچ داتایەکمان لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ناوخۆ نییە".

ناوبراو کۆکردنەوەی داتا لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ناوخۆ بە گرنگ دەزانێت و دەڵێت "دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێ بۆ دانانی نەخشەو پلان، بەڵام زیاتر لە15 ساڵە کار لەو بەڕێوەبەراتییە دەکەم، تائێستا هیچ کەس و لایەنێک داوای کۆکردنەوەی داتای ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ناوخۆی لێنەکردووین". گوتیشی "ئەوە ئەرکی ژوورە بازرگانییەکانە ئەو داتایە کۆبکەنەوە".

ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ناوخۆ بریتییە لەئاڵوگۆڕی کاڵا و بەرهەمە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان لە چوارچێوەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و یەکە کارگێڕییەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوچەکان لە بەرهەم و کاڵای جیاواز.

سیروان محەممەد کۆکردنەوەی داتا و ئامار لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی، بەئەرکی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە دەزانێ و دەڵێت "کۆکردنەوەی داتا و ئامار لە هەرێمی کوردستان لە تەواوی سێکتەرەکان بەتایبەتیش لە سێکتەری پیشەسازی و بازرگانی زۆر لاوازە، بۆیە دەتوانم بڵێم وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی گەورەترین شکستی بە بازرگانی و پیشەسازیی ئەم وڵاتە هێناوە، چونکە هیچ داتا و ئامارێکی دروستی نییە، تاوەکو پلان و بەرنامەیەکی رێکوپێک بۆ رێکخستنی کاری بازرگانی و پیشەسازی لەم وڵاتە دابنێ".

گوتیشی "نەبوونی داتای دروست لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پێداویستیی ناوخۆ، زیانی زۆری بە ئابووریی هەرێمی کوردستان و وەبەرهێنەران گەیاندووە، بۆ نموونە بەهۆی بێ پلانی بە سەتان کارگەی دروستکردنی بلۆک لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر کراونەتەوە کە بەرهەمەکانیان زیاد لە پێداویستی هەرێمی کوردستانە، بۆیە ئێستا بەشێکیان بەرهەمەکانیان بۆ ساغ نابێتەوەو لەسەر زەرەر دەڕۆن و پارەکانیان بەهەدەر رۆیشت".

بەپێی زانستی ئابووری، هەر وڵاتێک ئابوورییەکەی بەندە لەسەر سەقامگیری، هەیکەلی رێکخستن و دابەشکردنی کاڵا کە هەر یەک لەو بنەمایانەش پەیوەستن بە ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ناوخۆ، بۆ نموونە ئەگەر سەقامگیرییەکی ئابووری هەبێت دەتوانرێت کاڵاکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ بەگوێرەی پێداویستییەکان لەسەر شار و دەڤەرەکان دابەش بکرێت، ئەگەر هەیکەلێکی باشی رێکخستنیش هەبێت و کەسی شیاو لە شوێنی شیاو بێت، ئامار و داتا بەردەست دەبێت و دەتوانرێت لە رێگەیانەوە پلانێکی تۆکمە بۆ بەرەوپێشبردنی ئابووری دابنرێت.

د.خالید عەبدولکەریم دەلۆ راوێژکاری پلانی ئابووری و کارگێڕی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "کۆکردنەوی داتای ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ناوخۆ گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ دانانی پلان و بەرنامەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بۆیە دەمێکە داوای هەماهەنگی بۆ کۆکردنەوەی داتا دەکەین، بەڵام کەس گوێ لەوە ناگرێت".

پسپۆڕانی ئابووری دەڵێن لاوازیی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان وایکردووە زۆرجار بەرهەم و کاڵایەک لەشارێک بەهۆی نەبوونی خواست نرخی زۆر دابشکێت و لەشارێکی دیکە بەهۆی کەمیی بەرهەم و زۆریی خواست لەسەری نرخەکەی هەڵبکشێ.

ئیدریس ڕەمەزان، پسپۆڕی ئابووری و مامۆستای زانکۆ لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت "ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە، وەک پێویستیش لەلایەن حکومەتەوە گرنگیی پێنەدراوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هەماهەنگی لەنێوان بازرگانانی هەرێم لاواز بێت و بۆ پڕکردنەوی پێداویستی ناوخۆش، لە جیاتی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ناوخۆ پەنا بۆ هێنانی کاڵا لە دەرەوە ببەن".



# گۆڕان داوا دەکات یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەربکرێت

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان، پرۆژە یاسایەکیان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە و بەپێی یەکێک لە بڕگەکانی ئەو پڕۆژەیە، سزای توند دیاریکراوە بۆ ئەوانەش کە زانیارییان لەسەر گەندەڵی هەیە و نووسینگەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لێ ئاگادار ناکەنەوە.

ئەو پەرلەمانتارانەی کوردستان کە واژۆیان لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە کردووە، پێیانوایە سەرەڕای بوونی دەستەی دەستپاکی و دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان، پێویستە نووسینگەی تایبەت بە بنبڕکردنی گەندەڵی لە شارەکان بکرێتەوە. بەڵام سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی خالد هادی چاوشلی دەڵێ بەکردنەوەی ئەو نووسینگانە "تێکەڵی لە کارەکان دروست دەبێ".

12 ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان، ڕۆژی 7/5/2014 پڕۆژە یاسایەکیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە بەناوی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. بەپێی پرۆژە یاساکە لە مادەی 3 و لە بڕگەی (ئەلف)دا هاتووە کە "هەر کەسێک دەرکی بە تاوانێک لە تاوانەکانی گەندەڵی کرد و پێیزانی یاخود زانیاری هەبوو، پێویستە بە نووسینگەکانی رابگەیەنێ".

هەروەها لە بڕگەی (با)دا سزایەکی توند بۆ ئەو کەسانە دیاری دەکات و دەڵێ هەر کەس ئەو ئەرکەی جێبەجێ نەکرد کە لەبڕگەی یەکەمدا هاتووە "بۆ ماوەیەک بەند دەکرێ کە لەساڵێک کەمتر نەبێ". هەروەها سزا بۆ ئەوانەش دیاریکراوە کە لەبارەی تاوانێک یان گەندەڵییەوە هەواڵی نادروست بگەیەنێتە نووسینگەکان و دەڵێ "بۆ ماوەیەک بەند دەکرێ کە لە 6 مانگ کەمتر نەبێ".

مونیرە عوسمان، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان کە واژۆی لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە کردووە، دەڵێ بەهۆی ئەوەی پشووەکەی پەرلەمان هاتووەتە پێشەوە، فریا نەکەوتوون ئەو پڕۆژە یاسایە ببەنە دانیشتنەکانەوە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت. گوتیشی "هەموو فراکسیۆنەکان و پەرلەمانتاران پێمانوایە دەبێ دوای پشوو بخرێتە بەرنامەی کارەوە".

ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی کە "هەموو پەرلەمانتاران سوێندمان خواردووە داکۆکی لە مافی میللەتەکەمان بکەین، بۆیە هەر کەس دژی بوەستێتەوە، وەک ئەوەیە لە سوێندەکەی لابدات".

بەڵام زۆربەی شارەزایان وایدەبینن کە ئەو پرۆژەیە لەگەڵ یاسای دەستەی دەستپاکیدا ناتوانن پێکەوە هەڵبکەن، بەو پێیەی دەستەی دەستپاکیش هەمان ئامانج و کاری هەیە، بەڵام ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان دەڵێ "ڕەخنەی جددیمان لە دەستەی دەستپاکی هەیە، چونکە نەیتوانیوە ئەرکەکانی جێبەجێ بکات و متمانەی پەرلەمان و خەڵکی بەدەستبێنێ".

مونیرە ڕەخنەی زیاتری لەو دەستەیە گرت و گوتی "چەندین پرس و دۆسیەی گەورەیان لەبەردەستدایە لەبارەی گەندەڵی و بەهەدەردانەوە، کەچی وەک پێویست کاری لەسەر ناکەن".

پەرلەمانی کوردستان پڕ بووە لە پڕۆژە یاسا، بەڵام لەم خولەدا کەمترین یاسا دەرکراون. هۆیەکەش لە زۆریی پرۆژە یاسا و کەمیی پەسەندکردن بۆ ئەو ململانێ توندەی سەرەتای دەستبەکاربوونی پەرلەمان دەگەڕێتەوە کە فراکسیۆنەکان وەک بەرەیەکی دیکەی شەڕ و ململانێی حیزبی، بەردەوام پڕۆژە یاسایان لەسەر مێزی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵدەچنی.

ئەندامێکی فراکسیۆنی یەکێتی کە ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیشە، دەڵێ دەستەی دەستپاکی لە کوردستان پێویست نەبوو "یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیشمان پێویست نییە، بەڵکو دەبوو حکومەت و پەرلەمان لەجیاتی ئەوە داواکاری گشتییان ئەکتیڤ بکردایە".

گۆران ئازاد پێیوایە هۆی دەرنەکەوتنی دەستەی دەستپاکی بۆ تازە دامەزرانی دەستەکە و ڕێکنەخستنی ئیش و کارەکانی و ئەو کەموکورتییانەی لە یاساکەیاندایە، دەگەڕێتەوە. گوتیشی "دەبێ چاوەڕێ بین تاوەکو ماوەیەکی دیکە، چونکە زووە بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) هەندێک لە پەرلەمانتاران ناکۆکیان لەگەڵ پڕۆژە یاساکەی فراکسیۆنی گۆڕان هەیە و پێیانوایە جگە لەوەی کە زیاتر وەک بانگەشەیەک بەکاری دێنن، هاوکات ناکرێت هەڕەشەی لەو جۆرە لە خەڵک بکرێت، کە لەسەر ئەوەی نووسینگەکان لە بابەتێک ئاگادار ناکاتەوە ساڵێک زیندانی بکرێت.

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان، نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە دەڵێ "ئەو یاسایە تێکەڵی و پێکەڵی زۆریش دێنێتە ئاراوە و ناکرێ ئەو هەموو دەزگایەی چاودێری کردن هەبێت".

بەڵام ئەنوەر قادر، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ "سوورین لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە و دەبێ سەرۆکایەتی پەرلەمان بیخاتە بەرنامەی کارەوە".

بەڵام ئایا دەکرێت دەستەواژەی (هەر کەسێک) بەکاربهێندرێ لەو یاسایەدا، ئەگەر هاوکاری نووسینگەکان نەکات ؟ یان دەبێ بگوترێ هەر فەرمانبەرێک؟ ئەنوەر قادر دەڵێ ئەگەر لە پرۆژە یاسایکەدا نووسرابێ هەر کەسێک "ئەوە هەموو کەس دەگرێتەوە". بەڵام مونیرە عوسمان دەڵێ "لەکاتی گفتوگۆی پەرلەمانتاراندا دەکرێ ئەوە دەستکاری بکرێت و بگۆڕدرێ و میکانیزمی باشتر دەستنیشان بکرێ".

سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان پێیوایە ناکرێ 3 دەزگای چاودێری کردن هەبن، دیوانی چاودێری دارایی دەستەی دەستپاکی، داواکاری گشتی، چونکە کارەکان تێکەڵ دەبن".

خالد هادی چاوشلی، هێما بۆ بابەتێکی دیکە دەکات و دەڵێ لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئەنجوومەنی وەبەرهێنان، ئەنجوومەنی نەوت و غاز و ئەنجوومەنی نیشتەجێبوونیش دروستدەبێ "ئەو هەموو ئەنجوومەنە بۆ پرسی ئابووری زۆرە".



(فۆتۆ:سیروان عەزیز)

# داعش هەموارکردنی یاسای تیرۆری دواخست

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەهۆی شەڕی چەکدارانی داعش لەگەڵ پێشمەرگە و هاتنی هەزاران خێزانی ئاوارەی عەرەب بۆ باشووری کوردستان، پەرلەمانتارە ئیسلامییەکان لە پەرلەمان کوردستان بە تایبەتی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی بێدەنگ بوون لە داوای هەموارکردنی یاسای تیرۆر، ئەندامێکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ "موراعاتی دۆخەکە دەکەین و دەزانین ناوچەکەمان لە ژێر مەترسیدایە".

بەڵام درێژەکێشانی شەڕەکە بەلای ئەندامێکی دیکەی پەرلەمانەوە وایکردووە درێژکردنەوەی دوو ساڵی دیکە بۆ تەمەنی یاساکە ئەگەرێکی زۆر بەهێز بێت و دەڵێ "ئەو یاسایە دەتوانێ بارودۆخی نێوخۆیی شارەکانی هەرێمی کوردستان لە مەترسی دووربخاتەوە".

ڕۆژی 12/5/2014 ژمارەیەک پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان پڕۆژە یاسایەکیان پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کرد بۆ کۆتاییهێنان بە کارکردن بە یاسای تیرۆر، کە دوو پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان و پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانیش واژۆیان کردبوو، بەڵام دواتر فراکسیۆنەکان لەگەڵ 3 فراکسیۆنە ئیسلامییەکە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی یاساکە بۆ 2 ساڵی دیکە درێژبکرێتەوە، بەو مەرجەی لە کۆتایی مانگی 12ی 2014 هەموار بکرێتەوە. کەچی هەموارکردنەکە نەکرا و ئیسلامییەکانیش بێدەنگ بوون.

مەروان گەلالی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی ڕوونیدەکاتەوە کە بۆچی داوای کۆتاییهێنان بە یاسایی تیرۆریان کردبوو "زوڵمێکی زۆر بەو یاسایە دەکرێ". گوتیشی "ئەوەی بە یاسای تیرۆر دادگایی کرا، هیچ لێبوردنێک نایگرێتەوە".

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ ڕەتیکردەوە پاشەکشەیان کردبێ لەوەی داوای هەموارکردن بکەن و وەک خۆی باسیکرد پڕۆژەی هەموارکردنەکەشیان ئامادە کردووە، بەڵام نەیانداوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان "داعش هات و شەڕی بەم وڵاتە فرۆشت و دۆخەکەی ئاڵۆز کرد، ئەو یاسایە هەندێک مادەی تێدایە کە زێدەڕۆیی زۆری تێداکراوە و هەر کەس قسەیەک بکات و هێزە ئەمنییەکان گومانی لێبکەن بە یاسای تیرۆر دادگایی دەکەن".

نزیکەی دوو هەفتە لەمەوبەر لە سلێمانی، بەرپرسی ڕێکخراوی هیوای کەمئەندامان بە یاسای تیرۆر دەستگیرکرا، دواتر باس لەوە دەکرا کە هۆی دەستگیرکردنەکەی ئەوە بووە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک پۆستەکانی جۆرێک لە پشتگیریکردنی داعشی تێدا بووە.

یاسای تیرۆر کە بە یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2006 ناسراوە، تاوەکو ئێستا 4 جار ماوەی کارپێکردنی درێژکراوەتەوە و هەر جارێک بۆ 2 ساڵ بووە. دواجار بۆ 16/7/2015 درێژکرایەوە.

یەکێکی دیکە لەو پەرلەمانتارانەی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی کە واژۆی لەسەر پرۆژە یاسای هەموارکردنەکە کردووە، دەڵێ ئەگەر داعش نەهاتایە و ئەو شەڕەی تووشی کوردستان نەکردایە، ئەوان کۆششی بەردەوامیان دەکرد بۆ هەموارکردنەکەی "شەڕی داعش وای کرد کە ئیتر زەحمەت بێت داوای هەموارکردنی بکەی".

نەجیبە سدیق پێیولیە بەو یاسایە خەڵکی زۆر دەستگیرکراون و سزادراون "تۆمەتەکەشیان بەزۆر سەپێندراوە بەسەریاندا، گوتمان با هەموارەکە بەجۆرێک بێت، حوکمەکان لاستیکی نەبن و دەکرێ یاسایەکی باشتر بێت".

تاکە پەرلەمانتارەکەی بەرەی تورکمانی پڕۆژە یاساکەی پەرلەمانتارانی کۆمەڵی ئیسلامی ئیمزاکردبوو، بەڵام دواتر پاشەکشەی کرد. ئایدن مەعروف دەڵێ ئەو سەرەتا هەندێک سکالای هەبووە لەسەر یاساکە، بەڵام کە شەڕی داعش دەستیپێکردووە "بەپێویستم زانی ئەو یاسایە بەرەنگاری مەترسییەکان ببێتەوە، کۆمەڵی ئیسلامی زۆر پێداگیری دەکرد هەمواربکرێت و دواتریش هەموو فراکسیۆنەکان ڕێککەوتن بۆ 2 ساڵ درێژ بکرێتەوە".

ئەندامێکی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان، ڕەخنەی ئیسلامییەکان لە یاسای تیرۆر ڕەتناکاتەوە و دەڵێ بۆ خۆشی هەندێک تێبینی لەسەری هەیە "وشەی لاستیکی هەیە لەناو یاساکەدا و هەندێک کەموکورتی تێدایە، وشە یان دەستەواژە هەیە ناڕوونە و لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێ".

قادر وەتمان هەروەها باسی یەکێک لە بڕگەکانی ناو یاسای تیرۆر دەکات و دەڵێ "ئەوانەش کە بانگەشە بۆ تیرۆر دەکەن یان بە گوتاری سیاسی پشتیوانی دەکەن، دەستگیر دەکرێن.

ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی کە ئەندامی لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدانە هەروەها دەڵێ "بەپێی ئەو یاسایە هەر کەس چەک و تەقەمەنی و موادی سووتێنەری پێبگیرێت دەچێتە خانەی تیرۆرەوە، یان کاتێک سەردانی گرتووخانەکانمان کرد خەڵکانێک هەبوون بەتەقەمەنی و تی ئێن تی گیرابوون و وەک تیرۆریست مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، ئەوەش نابێ و دەبێ ڕوون بکرێتەوە".

بەبڕوای قادر وەتمان شەڕی داعش و تیرۆر وایکرد پێویستی درێژکردنەوەی یاسای تیرۆر بێتە ئاراوە "پەرلەمان پێی باشبوو بۆشایی یاسایی دروستنەبێ، لە یاساکەشدا باسی هەموارکردن نەهاتووە".

سۆران عومەر، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ هەموو فراکسیۆنەکان لە بەرامبەر یاسای تیرۆر دۆخەکەیان ڕەچاوکردووە، بەڵام نیگەرانە لە مامەڵەی هێزە ئەمنییەکان و دەڵێ "پێشێلکاری زۆری یاساکە دەکرێ".

ناوبراو دەڵێ سەربارى تێبینییەکانی لەسەر ئەو یاسایە "بەڵام ئەگەر هێزە ئەمنییەکان و ئاسایش پێشێلی نەکەن ناوەڕۆکێکی باشی هەیە، بەڵام بەداخەوە ئێستاش زیندانیان ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن، بەڵگەی دادگای تەمیزم لایە کە خەڵک هەیە 2 ساڵە هیچی لەسەر ساخ نەبووەتەوە و ئازادیش ناکرێت".

سۆران عومەر هەروەها دەڵێ 10 حاڵەتی لەو جۆرە هەیە "ئەوانە چاوەڕوانییەکی زۆریان هەیە و ئاسایش بەریان نادات، خەڵک هەیە بەناوی تیرۆرەوە بە شێوازێکی بەعسییانە ئەشکەنجە دراوە، دادگا بڕیاری ئازاد کردن و قەرەبووکردنەوەی بۆ دەرکردووە، کەچی دەزگا ئەمنییەکان جێبەجێی ناکەن".


تەقینەوەکەی بەردەم ئاسایشی هەولێر
(فۆتۆ:سیروان عەزیز)

## داهاتی نەوتی کوردستان دەچێتە چەند بانکی جیهان؟

# مانگانە 180 ملیۆن دۆلار داهاتی نەوتی کوردستانە

**محەممەد هادی**
**ڕووداو – هەولێر**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای ئەمساڵەوە دەستی بە هەناردەکردنی نەوت کردووە. لە مانگی ئایاری ساڵی ڕابردووش دەستی بە فرۆشتنی نەوت کرد. بەگوتەی ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان داهاتی فرۆشتنی ئەو نەوتە، لە سێ بانکی جیهاندا دادەنرێت، کە یەکێکیان (هالک بانک)ی تورکییە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) ئێستا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە زیاتر لە 400 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات. لەو ڕێژەیەش 250 هەزار بەرمیلی لە بەندەری جەیهانی تورکییەوە دەداتە کۆمپانیای سۆمۆ-ی سەر بە وەزارەتی نەوتی عێراق. جگە لەوەش 150 هەزار بەرمیل نەوتی دیکە بەجیا دەفرۆشێت.

دڵشاد شەعبان، جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی گوت: "حکومەتی کوردستان نەوت دەفرۆشێتە کۆمپانیاکانی جیهان. کۆمپانیاکانیش پارەی نەوتەکە لەڕێگەی بانکە جیهانییەکانەوە، کە حکومەتی کوردستان لەوێ ژمارە حیسابی هەن، دادەنێت".

بەگوتەی ئەو پەرلەمانتارە، ئێستا داهاتی نەوتی کوردستان زۆر کەمبووەتەوە: "هۆیەکەشی ئەوەیە کە نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان دابەزیوە. ئێستا بەرمیلێک نەوت بە 38 تاوەکو 42 دۆلار دەفرۆشرێت". جگە لەوەش "گرێبەستەکانی حکومەتی کوردستان گرێبەستی هاوبەشیپێکردنن. بەپێی ئەو گرێبەستانە دەبێت حکومەتی کوردستان تێچووی دەرهێنانی نەوت بداتە کۆمپانیاکان. جگە لە قازانجەکەش، کە لەنێوان 25 تاوەکو 30 لەسەدی نرخی فرۆشتنی نەوتەکەیە. بۆ هەندێک کۆمپانیا ئەو ڕێژەیە تاوەکو 35 لەسەدیش بەرزدەبێتەوە. هەروەها تێچووی دەرهێنانی نەوت و قازانجی کۆمپانیاکانیش هەیە. بۆیە ئەوەی بۆ هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە، لەنێوان 20 تاوەکو 25 دۆلاردایە بۆ هەر بەرمیلێک نەوت".

حکومەتی کوردستان ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیل نەوت بە 40 دۆلار بۆخۆی دەفرۆشێت. کە داهاتی مانگێکی دەبێتە 180 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی. ئەمەش لەکاتێکدایە کە بۆ دابینکردنی مووچەی مانگانەی فەرمانبەران، هەولێر پێویستی بە زیاتر لە 600 ملیۆن دۆلار هەیە.

سەبارەت بە ئەگەری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، شارەزایەکی ئابووری دەڵێت "بەو ئاسانییە بەرزنابێتەوە". محەممەد سەلمان، پرۆفیسۆر لە سیاسەتی دارایی، بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی گوت: "دابەزینی نرخی نەوت بۆ شەش تاوەکو هەشت مانگی داهاتوو وەکو خۆی دەمێنێت و نایەتە خوارەوە. ڕەنگە نرخی نەوت لەنێوان 28 تا 38 دۆلاردا جێگیربێت. لە چارەکی کۆتایی ئەمساڵیشدا ئەو نرخە هەندێک بەرزدەبێتەوە و لەنێوان 45 تاوەکو 55 دۆلاردا بەرز و نزم دەبێتەوە."

ئەو شارەزا ئابوورییە پێشبینیش دەکات تاوەکو کۆتایی ساڵی 2016، نرخی نەوت لەو بازنەیەدا بسووڕێتەوە: "بە ئاسانیش نرخی نەوت بەرزنابێتەوە. هەروەها دابەزینی نرخی نەوت کاریگەریی لەسەر داهاتی نەوتی فرۆشراوی باشووری کوردستان دەبێت. چونکە تا نرخی نەوت دابەزێت، داهاتی نەوتی کوردستانیش کەمتردەبێتەوە".

پێشتر لە کوردستان وا بڵاوکرایەوە کە داهاتی نەوتی کوردستان دەچێتە بانکێکی تورکی، بەناوی (هالک بانک). بەڵام جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەی بۆ (ڕووداو) ئاشکراکرد کە حکومەتی کوردستان، "جگە لەو ژمارە بانکییەی لە هالک بانک-ی تورکیا هەیەتی، دوو ژمارەی بانکیی دیکەشی هەیە، کە داهاتی نەوتی تێیدا دادەنرێت. ئەوانیش بانکێکی ئەمریکی و بانکێکی ئەڵمانین".

بەگوتەی دڵشاد شەعبان، "ئەو داهاتەی دەچێتە هالک بانک، بە بەراورد بەو دوو بانکە، زۆر کەمترە. تەنیا حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەسەڵاتی ئەوەی هەیە دەستکاریی ئەو پارانە بکات کە لەو ژمارە بانکییانەدا دانراون. بڕێکی زۆر لەو پارەیەش لەڕێگەی بانکی کوردستانی نێودەوڵەتییەوە دەگوازرێتەوە باشووری کوردستان و دەکرێتە مووچەی فەرمانبەران".

بانکی نێودەوڵەتیی کوردستان بانکێکی ئەهلییە، دەبووایە داهاتی ئەو نەوتە بگوازرێتەوە بۆ بانگی ناوەندیی هەرێمی کوردستان. دلشاد شەعبان لەوبارەوە گوتی: "هەرێمی کوردستان نزیکەی 84 بانکی حکومیی هەیە، بەڵام ئەو بانکانە بانکی لۆکاڵین و نێودەوڵەتی نین. کڕیارانی نەوت و بانکە جیهانییەکانیش بۆ گواستنەوەی پارە مامەڵە لەگەڵ بانکە نێودەوڵەتییەکاندا دەکەن".

جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان ئەوەش ئاشکرادەکات کە "لە بانکی نێودەوڵەتیی کوردستان سندووقێکی تایبەت هەیە کە پێیدەڵێن (سندووقی مووچە). هیچکەس بۆی نییە دەستکاریی ئەو پارانە بکات، جگە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. سوودی بانکی کوردستانیش لەو پرۆسەیە تەنیا لە گواستنەوەی پارەکەدایە".



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

- بەرمیلێک نەوتی کوردستان بە کەمتر لە 45 دۆلار دەفرۆشرێت
- لە هەر بەرمیلێک نەوتی فرۆشراو 25 دۆلاری بۆ کوردستانە
- کوردستان 400 هەزار بەرمیل ڕەوانە دەکات، بەڵام 250 هەزاری بەرمیل دەداتە بەغدا

## "یەک تریلیۆن و 200 ملیار دینار بۆ پێشمەرگە دەبێت"

# بەشی کوردستان لە بودجەی عێراق 15 تریلیۆن دینارە



**محەممەد هادی**
**ڕووداو–هەولێر**

هەرێمی کوردستان لە بودجەی ساڵی 2015ی عێراق، ڕێژەی 17%ی، دوای دەرهێنانی خەرجییە سیادییەکان، بۆ تەرخانکراوە. ئەوەش دەکاتە 14 تریلۆن و 800 ملیار دینار لە کۆی 119 تریلیۆن و 585 ملیار دیناری بودجەی عێراق.

بەپێی بودجە پەسندکراوەکە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە دەبێ وەزارەتی بەرگریی عێراق لە بودجەی هێزە وشکانییەکان مووچە و چەک و کەرەستەی سەربازی بۆ پێشمەرگە دابین بکات. ئەمەش لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەبێت، نەک ڕێژەی 17%ی چەسپێندراو وەک پشکی هەرێمی کوردستان.

بەگوتەی مەسعود حەیدەر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، ئەو بڕە پارەیەی ڕێککەوتنی لەسەرکراوە بۆ پێشمەرگە بنێردرێت "یەک تریلیۆن و 200 ملیار دینارە، ئەوەش ڕێککەوتنێکی سیاسییە و لەناو بودجەدا ئەو ژمارەیە دیارینەکراوە". ئەمەش لەکاتێکدایە کە نزیکەی یەک تریلۆن دینار لە بودجەی حاکیمە بۆ هەرێمی کوردستان دیاریکراوە.

سەبارەت بە پارەی پێترۆ دۆلاریش ئەو پەرلەمانتارەی عێراق ڕوونیکردەوە کە "پارەی پێترۆ دۆلار بریتی دەبێت لە پێدانی یەک دۆلار بەرامبەر فرۆشتنی هەر بەرمیلێک نەوت بە ئیدارەی سەرجەم پارێزگاکانی عێراق، جگە لە بەسرا کە یەک دۆلار و نیو دەبێت. ئەو پارەیە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە".

بەوپێیەش بێت دەبێ حکومەتی کوردستان، بە نەوتی کەرکووکەوە، لەماوەی سێ مانگدا 50 ملیۆن بەرمیل نەوت و لەماوەی ساڵێکیشدا 200 ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە بکات. بەمەش لەکۆتایی ساڵدا 91 ملیۆن دۆلار وەکو پارەی پێترۆدۆلار بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت، لەبەرامبەر هەناردەکردنی ڕۆژانەی 250 هەزار بەرمیل نەوت. ئەو پارەیە بەشێوەی مانگانە دەدرێتە حکومەتی کوردستان. ئەگەر داهاتی نەوتی عێراقیش لەکۆتایی ساڵدا زیادیکرد، پارەی پێترۆ دۆلار زیاد دەبێت و دەبێتە دوو دۆلار. بەمەش تێکڕای داهاتی کوردستان لە بودجەی فیدراڵیی عێراقدا دەبێتە 17 تریلیۆن و 111 ملیار دینار و 200 ملیۆن دینار. بڕیاروایە دوای پەسندکردنی بودجەش لەلایەن سەرۆککۆماری عێراقەوە، بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بنێردرێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوتی خۆی و 300 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوک بداتە کۆمپانیای نەوتی عێراق (سۆمۆ). لەبەرامبەریشدا بەغدا بودجەی کوردستان بەپێی پرۆژەیاسای بودجە دەنێرێت. ئەگەر هەریەکە لە بەغدا و هەولێریش پابەندنەبوون بەو ڕێککەوتنەوە، لایەنی دووەمیش بۆی هەیە پابەندنەبێت.

سەبارەت بە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانیش زۆرترین بەشە بودجە بۆ پارێزگای سلێمانی دانراوە. ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ژمارەی دانیشتووانی ئەو پارێزگایە لە پارێزگاکانی دیکەی کوردستان زۆرترە.

سەبارەت بە پارێزگای هەڵەبجەش مەسعود حەیدەر گوتی: "گەورەترین دەستکەوتی بودجە دیاریکردنی هەڵەبجە بوو وەک پارێزگا. دیاریکردنی بەشە بودجەی ئەو پارێزگایە لە بەشە بودجەدا، لە ڕێژەی 17%ی هەرێمی کوردستان دیاریدەکرێت. ئەمە جگە لەوەی 2 ملیار دیناریش وەک بودجەی ئاوەدانکردنەوەی ئەو پارێزگایە تەرخانکراوە".

دەربارەی ئەو ئاوارانەی لە باشووری کوردستانن و بڕە پارەی دیاریکراو بۆیان، ئەو ئەندامەی لیژنەی دارایی دەڵێت لە پرۆژەیاسای بودجەدا "هەر خێزانێکی ئاوارە کە کارتی ئاوارەی هەبێت بڕی 400 هەزار دیناری وەکو مووچە پێدەدرێت. هەروەها 125 ملیار دینار دیاریکراوە بۆ حاڵەتی لە ناکاو بۆ ئاوارەکان".

حەشدی شەعبی کە میلیشیایەکی چەکدارە، لە پرۆژە یاسای بودجەدا 2 تریلیۆن و 179 ملیار دیناری بۆ دانراوە، کە یەک تریلیۆن دیناری لەسەر بودجەی سیادی بۆ دانراوە و بڕەکەی دیکەش لەسەر بودجەی بەکاربردن تەرخانکراوە. ئەو میلیشیایە لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا، جگە لە هەرێمی کوردستان، هەروەها لە سنووری ناوچەی ماددەی 140 چالاکە. لەو سنوورەش بەبێ تەنسیقکردن لەگەڵ پێشمەرگە بۆی نییە هیچ چالاکییەک بکات.

### بودجەی پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان چەندە؟

**پارێزگای دهۆک:** یەک ملیۆن و 82 هەزار و 358 دانیشتووی هەیە. بودجەی دیاریکراو بۆ پەرەپێدانی پارێزگای دهۆک 107 ملیار و 100 ملیۆن دینارە.

**پارێزگای سلێمانی:** ژمارەی دانیشتوانی یەک ملیۆن و 769 هەزار و 863 کەسە. بودجەی پەرەپێدانی ئەو پارێزگایەش 175 ملیار و 700 ملیۆن دینارە.

**پارێزگای هەولێر:** ژمارەی دانیشتوانی یەک ملیۆن و 596 هەزار و 904 کەسە. بودجەی دیاریکراوی 158 ملیار و 550 ملیۆن دینارە.

**تێکڕای پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان 441 ملیار و 350 ملیۆن دینارە.**

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (345) دووشەممە 2015/2/2

## "مەرجی سەر پەنابەران قورس بکەن"



**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

پارتی لیبراڵی گەل لە سوێد داوا دەکات مەرجی وەرگرتنی پەنابەران سوێد قورس بکرێت و گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی گونجاندن بێت. یان بیوێرکلوند سەرۆکی ئەو پارتە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا راگەیاند ئەو پێشنیازەیان بەگشتی سیاسەتی کۆچ و گونجاندن دەگرێتەوە. بۆ نمونە، مافی پێدانی پەنابەری بەچی شێوەیەک بگۆڕێت و مافی مانەوە و پەنابەری بەکێ بدرێت. خاڵێک کە جەختی لەسەر کرایەوە و پەیوەستە بەپێدانی مافی مانەوە و پەنابەری. توانای خۆ بەخێوکردن یان خۆ بژێوی هەبێ.

### سەربوردەی ژنێکی رووسی لەگەڵ پێشمەرگەیەکی بارزانی

# پاش 40 ساڵ چاوەڕوانی دەچێتە سەر گۆڕەکەی باوکی



**خۆشەوی محەممەد**
**ڕووداو- پەڤلۆڤە**

کاژێـر 2ی بەرەبەیانی 2015/1/24 یە. لە وێستگەی شـەمەندەفەری کورسکایەی شاری مۆسکۆوە بەرەو نیژنی نۆڤگۆرەد بەڕێدەکەوم و بڕیارە 7:33 خولەکی بەیانی بگەمە وێستگەی شـەمەندەفەری نیژنـی نۆڤگـۆرەدا. دوای گەیشتنم بە تاکسـیەک بەرەو شاری پەڤلۆڤە بەڕێدەکەوم. بەفر شارەکەی داپۆشیوە، پلەی گەرما دابەزیوە بۆ 11 پلەی ژێر سفر.

هاتنم بۆ ئەم شـارە بۆ بیسـتنی چیرۆکی خێزانـی پێشـمەرگەیەکی کـوردە کە سـاڵی 1947 لەگـەڵ مەلا مسـتەفا بارزانـی و 500 پێشمەرگەی دیکە گەیشتووەتە خاکی یەکێتی سۆڤیەت.

بەگوێرەی ناونیشـانەکەی کە وەرمگرتووە، دروسـت لـە کاژێـر 9:30 خولەکـی بەیانـی گەیشـتمە بـەردەم ئەو ئەپارتمانـەی خێزانی یەکێـک لـە هەڤاڵانی مسـتەفا بارزانـی تێدا دەژی، باڵاخانەیەکـی پێنج نهۆمی کە چەندین خێزانی تێدایە، بەڵام کپ و خامۆش.

لە زەنگی دەرگا دەدەم، ئافرەتێک دەرگاکە دەکاتەوە و بەخێرهاتنم دەکات.

– "نـاوم ئامینەیـە". بەبینینـی سـەر و سـیمای تێدەگەم کە ئاهی خەمێکی گەورە لە ناخیدا هێشـتا قوڵـپ دەدات، خەمی دابڕانی لە باوک و چەندین سـاڵ چاوەڕوانی، ناسۆری شەهیدبوونی، ئاهی دووریی لە کەسوکار.

راسـتەوخۆ دەمباتە لای ژنێکـی بەتەمەن کـە ناوی ماریـا ئەلێکسـاندەرۆڤنایە و دایکی ئامینەیە. نەخۆشـی و بەسـاڵاچوون جوڵە و هێزی زۆر سست کردووە.

ماریـا ئافرەتێکی رووسـە، کۆتایی سـاڵی 1958 ژیانـی هاوسـەرگیری لەگـەڵ ئەحمەد حاجـی پێکهێنـاوە کـە یەکێـک بـوو لـە هاوسـەفەرانی بارزانی بۆ یەکێتی سـۆڤیەتی جاران. بەرهەمی ئەو هاوسەرگیریەشیان تاقە کچێکە بەناوی ئامینە.

خۆم بـە ماریا دەناسـێنم، دەڵێم کوردم و لە کوردسـتانەوە هاتووم. بـە زەردەخەنەیەک وەڵام دەداتەوە. لە ژوورێکی دیکەی هەمان ئەو شـوققەیەدا، ڤیکتۆریای کچی ئامینە و ماشای کچـی ڤیکتۆریـا دەژین، ئـەوان لەبنەڕەتدا لە هەرێمی کریمیای ئۆکراینا دەژین، بەڵام بەهۆی نەخۆشکەوتنی نەنکیان هاتوونەتە لای ئەو.

### چۆن یەکدییان ناسی؟

ئامینـە ئەحمـەد حاجی، تاقـە کچی ماریا لە تەنیشـت دایکییەوە دانیشتووە و چیرۆکی یەکترناسـینی دایکـی و باوکی بـۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە "وەک دایکم بۆ منی باسـکردووە، حاجـی لێـرە قوتابی بـوو دەیخوێند. سـاڵی 1947 دوای تێکچوونی کۆماری مهاباد، پەنایان هێنابوو بۆ سـۆڤیەت تا پاڵپشـتی بۆ خۆیان و گەلەکەیـان بەدەسـتبێنن. نزیکـەی 500 پێشـمەرگە بوون، 62 رۆژ بەپێ رۆیشـتبوون تاوەکـو گەیشـتبوونە نێـو خاکی سـۆڤیەت، پاشـان حکومەت سەرجەم شۆڕشـگێڕەکانی لەیەک دابڕیبوو، هەر یەکێکیانی خستبووە شار و گوندێک، باوکم و چەند شۆڕشگێڕێکی دیکەی کورد کەوتبوونە شارەکەی ئێمە، ساڵی 1958 لێرە لەگەڵ دایکم یەکدییان ناسیوە و پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانیان دروستبووە".

ماریـا بۆ کچەکـەی باسـکردووە کە باوکی مرۆڤێکی زۆر بەسۆز بووە، رووخۆش و دڵسۆز بـووە، بۆیە رازی بووە شـووی پێبکات. رۆژی 1959/3/8 ئامینەیـان هێنایـە دونیاوە و هەر باوکیشی ناوی لێنا ئامینە.

### بە ناچاری لێکدابڕان

وەک ئامینـە دەڵێـت، باوکـی دوای دەوامـی قوتابخانـە سـەرقاڵی کارکردن بـووە، لە رووی ئابوورییەوە پێناچێت ژیانێکی باشیان هەبووبێت، بەڵام لەگەڵ دایکی زۆر ئاسوودە بووە و یەکدییان زۆر خۆشویستووە.

تەنیـا 20 رۆژ دوای لـە دایکبوونـی ئامینە، ئەحمەد حاجی خواحافیزی لە ماریا دەکات.

ئامینـە لەزمانـی دایکییـەوە دەڵێـت "رۆژی 1959/3/27 بـە چاوی پڕ لـە گریانەوە تۆی لە باوەش گـرت و ماچی کردی، پاشـان ماڵئاوایی لێکردین و گەڕایەوە بۆ کوردستان".

ئامینـە ناوبەنـاو لەکاتـی گێڕانـەوەی بیرەوەرییەکەدا خەیاڵ دەیبردەوە بۆ بیرکردنەوە لەو رووداوە تاڵ و ناخۆشانەی بەسەریاندا هاتووە، بە پرسـیارکردن جارێکی دیکە دەمخستەوە سەر رێڕەوی بەردەوامیدان بەگێڕانەوەی سەرگوزەشتەی ژیانیان.

ئامینە لە درێژەی گێڕانەوەکانیدا گوتی "دایکم ئـەوکات زۆر داوا لە باوکم دەکات کە نەگەڕێتەوە کوردستان، چونکە شەڕ و نائارامی بەردەوام لەو ناوچەیـە هەیە، بەڵام باوکم دەڵێ من لە پێناوی کورد و کوردسـتان کەسوکارم جێهشتووە و ئەم رێـگا دوور و سـەختەم بڕیـوە و 12 سـاڵە لـە ئاوارەیی دەژیم، ئێستاش میللەتەکەم و وڵاتەکەم پێویستیان بە منە، بۆیە مانەوە لێرە و دابڕان لە هەڤاڵانم خیانەتێکی مەزنە، هەر دەبێت بگەڕێمەوە و ئێوەش لەگەڵ خۆم دەبەم".

بـەڵام ئەحمـەد ناتوانێت بەڵێنەکـەی خۆی بەرامبەر ماریا بباتە سـەر. ئامینە دەڵێت "باوکم ئەوکات ویسـتوویەتی من و دایکـم لەگەڵ خۆی ببات بۆ کوردسـتان، بەڵام پزیشکەکان رێگەیان نەدابـوو، چونکە دایکم تەنیا 20 رۆژ بوو منداڵی بووبوو".

### یەکەمین نامە لەدوای 8 مانگ

ئامینە لەکاتی گێڕانەوەکانیدا دەقی ئەو نامانەی پێشاندام کە باوکی و براکانی بۆیان ناردوون "باوکم دوای هەشـت مانگ لە دوورکەوتنەوەی لێمان، لە 1959/11/17 یەکـەم نامـەی بـۆ ناردووین لە رێگای پورە سـۆنیا، ئەویـش ئافرەتێکی رووس بوو، هاوسەری هەڤاڵێکی بارزانی بوو، بەسەردان گەڕابووەوە پەڤلۆڤە، لـە نامەکەدا دوای ئەحواڵ پرسـینی ئێمە و کەسـوکار و دۆسـتانی دایکم، نووسـیبووی: زۆر بیرتـان دەکـەم، داوا دەکـەم کە خۆت و ئامینەی کچیشـم بێنی لەگەڵ خۆت، هەمیشە چاوەڕێتانم".

وەک ئامینـە دەڵێـت، باوکـی دوای ئەوە زوو زوو نامەی بۆ ناردوون "باوکم کەسـێکی دڵسـۆز و بەڕەحـم بوو، هەر کەسـێک هاتبێتە پەڤلۆڤە نامـەی پێـدا نـاردووە، تەنانـەت سـاڵی 1960 لەگەڵ نامەیەکدا چەند پارچە قوماشـێکی بۆ من ناردووە".

### داوای باروت و فیشەک دەکات

ئامینە نامەیەکی دیکەی پێشاندام کە باوکی لە کوردستانەوە بۆی ناردوون، رێکەوتی نامەکە روون نییە، بەڵام بەپێی ناوەڕۆکەکەی بێت پێدەچێت لە ساڵی 1961 نووسرابێت.

ئەحمەد لە نامەکەیدا بۆ ماریا دەنووسێت "تکا دەکـەم لە تۆ کە هاتـی لەگەڵ خۆت دوو پاکێت فیشـەک و دوو کیلـۆ باروتم بـۆ بهێنە، بۆ من تاڕادەیەک ئەستەمە لێرە، لەوە زیاتر هیچ مەهێنە، تەنیا کچەکەم نەبێ".

### رێگەیان پێنادەن بچنە کوردستان

ماوەیەکی زۆر ماریا و ئەحمەد تەنیا لە رێگەی نامـەوە هەواڵی یەکدی دەپرسـن، بەڵام هیچیان ناتوانن سـەردانی یەکدی بکـەن، ئەحمەد لەبەر شـۆڕش و ماریـاش لەبـەر رێگرییەکانی یەکێتی سۆڤیەت.

ئامینـە دەڵێـت "باوکـم نامەیەکی بـۆ دایکم ناردووە و دەڵێت من ناتوانم لەم کاتەدا بگەڕێمەوە لاتـان، بۆیـە هـەر چۆنێک بێت پێویسـتە ئێوە بێنە کوردسـتان. دایکیشم زۆر هەوڵیدا بچین بۆ لای باوکـم، بەڵام حکومەتی سـۆڤیەتی ئەوکات رێگای پێنەداین. کاتێکیـش باوکم دڵنیا بووەوە کـە حکومەت رێگا بەچوونی ئێمە نادات، وەڵامی ناردبـوو بۆ دایکم کـە لەوێ لەگـەڵ ئافرەتێکی خزمی خۆیان هاوسەرگیری دەکات، چونکە چیدی ناتوانێ تەنیا بژی، کەسوکاریشی داوای لێدەکەن، دواتر شـەڕ دەستیپێکرد، بۆیەش باوکم و خێزانە تازەکـەی لەگەڵ لەشـکرەکەی بارزانـی روویان کردبووە چیاکان".

ئامینە کاتێک گەورە دەبێت زۆر پرسیاری لەلا دروسـت دەبـێ، کێ باوکمە؟ بۆ دیـار نییە؟ بۆ ناگەڕێتـەوە ماڵ؟ ئەو دەڵێـت "منیش وەک هەر منداڵێکـی دیکە حەزم دەکرد لە باوەشـی باوکم بوومایە و، پیاسـەی لەگەڵم بکردایە، هەرچەندە دایکم بەشێک لەو کەلێنە گەورەیەی پڕکردبووەوە، بـەڵام کاتێ منداڵەکانی دیکـەم دەبینی زۆر دڵم بەخۆم دەسـووتا! دەبێ باوکی من ئێستا لەکوێ بێـت؟ دوایـی دایکـم ئـەو راسـتیە تاڵانەی بۆ باسکردم کە باوکم بۆچی دوورە لە ئێمە".

ئـەو کاتـەی ئامینـە سەرگوزشـتەی خـۆی دەگێڕایـەوە، ماریای دایکی بە بێدەنگی سـەیری دەکـرد. بێگومـان ئەویـش بیـرەوەری زۆری هەن، بـەڵام بەهـۆی نەخۆشـییەوە نەیدەتوانی بیانگێڕێتەوە.

ئامینە باسی ژیانی خۆیانی کرد دوای باوکیان و گوتـی "بەڕاسـتی ژیانێکـی زۆر ناخۆش و پڕ دەردەسەریمان گوزەراند، زۆر بە هەژاری و نەداری ژیایـن، تەنانەت شـوێنێکمان نەبـوو لێی بژین، نەنکمان ئێمەی بردە لای خۆی، لە ژوورێکی دوو بە پێنج، سێ کەس دەژیاین. ئەوکات حکومەتی سـۆڤیەت مانگانە 5 رۆبلیان پێدەداین، بەڵام زۆر کەمبوو، بەشی هیچی نەدەکرد".

دایکـی ئامینـە لـە قوتابخانەیەکی ئێـواران ئێـش دەکات بۆ دابینکردنی بژێـوی ژیانیان، تا دەهات ئەرکی سەرشـانی قورستر دەبوو. ئامینە لە سـاڵی 1966 دەچێتە قوتابخانە. ئەو دەڵێت "رۆژانـە دوای تەواوبوونی دەوام دەمبینی زۆربەی قوتابییەکان باوکیان دێت بە دوایاندا، من لەژیانمدا رۆژێک باوکی خۆمم نەبینی، لە ماڵەوەش هەمیشە چاوم لە دەرگابوو، ئاخۆ کەی باوکم دێتەوە".


ماریا ئەلێکساندەرۆڤنا و ئامینە

## سوپاسی خودام کرد کە ئاواتەکەی باوکم بەدیهات و کوردستان ئازاد بوو

### هەواڵی شەهیدبوونی ئەحمەد

ئامینە و ماریا بـەردەوام چاوەڕێی ئەوە بوون کەسێک لە زەنگی دەرگایان بدات و ئەو کەسەش ئەحمـەد بێت، بەڵام دواجار ئـەو چاوەڕوانیەیان دەبێتە ئەبەدی و هەواڵی شەهیدبوونی ئەحمەدیان پێدەگات.

ئامینە دەڵێت "ساڵی 1969 بوو، پورە سۆنیا لە کوردسـتان گەڕابـووەوە رووسـیا، لای دایکم دانیشـتبوو، باسوخواسـی ژیـان و رووداوکانـی کوردسـتانی بۆ دایکم دەگێڕایـەوە، ئەوکات من تەمەنـم 10 سـاڵان بوو، گوێم لێبوو سـۆنیا بە دایکمی گوت: بەداخەوە ئەحمەدی هاوسـەرت لە شـەڕێکدا شەهید بووە، کە گوێم لەو قسەیە بوو هێزم لێ بڕا، تەنانەت توانای قسەکردنیشم نەما، ئیدی ئەو خەون و ئاواتانەی هەمبوون، هەموویان چوونە ژێر گڵ، بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە چاوم لەدەرگا بوو باوکم ببینم، بەڵام بەداخەوە نەمبینی و نەمبینی".

ئامینە زۆر بە پەرۆش بووە بۆئەوەی گۆڕەکەی باوکی ببینێ. ساڵی 1985 شوودەکات، بەڵام لە رێگەی نامەوە پەیوەندی بە ماڵی باوکییەوە هەر دەمێنێ.

ئامینـە دەڵێـت "سـاڵی 1988 لـە ئێرانەوە پۆسـتێکم بـۆ هات، کـە کردمەوە سـەیرم کرد نامەیـەک و پارچەیەک چوکلێـت و 100 دۆلاری تێدابوو، نامەکە لەلایەن ئەحمەدی برامەوە رەوانە کرابـوو، زۆر دڵخۆش بووم کـە بینیم براکانم لە هەواڵم دەپرسـن و ئەوانیش حەزدەکەن بمبینن، منیش وەڵامی نامەکەم دایەوە، بەڵام وا دیار بوو نامەکەی بەدەسـت نەگەیشتبوو، چەند جارێکی دیکە نامەی ئەوم بەدەست گەیشت و دەینووسی کـە بـۆ وەڵامـم نییـە، هەمیشـە داوای دەکرد سەردانیان بکەم".

### خەونەکەی هاتەدی

سـاڵی 2006 پۆستێک لە کوردسـتانەوە بۆ ئامینـە دێت کە دەبینێ جگە لـە نامەیەک بڕی 1000 دۆلاریشـی تێدایە، بۆیە لەگەڵ ڤیکتۆریای کچی پاسـپۆرت دەردەهێنن و هەواڵ بۆ خوشک و براکانـی دەنێرێت کە بەم نزیکانە سـەردانیان دەکات.

ئامینە تیکیتی فڕۆکە دەکرێت و پورە سـۆنیا هەتا تورکیایان دەبات و لەوێشـەوە بە ئۆتۆمبێل دێنە سەر سـنووری هەرێمی کوردستان. ئامینە دەڵێت "کاتێک لە کۆنترۆڵی پاسـپۆرتی دەروازی ئیبراهیم خەلیل ئاودیو بووین، بینیمان ژمارەیەکی زۆر ژن و پیاو وەسـتاون، هەموویان بە خەندەوە بەرەو رووومـان دێن، ئێمە ئەوانمان نەدەناسـی، تاوەکو پورە سـۆنیا نەیگوت ئەوانە کەسـوکاری تـۆن. یەکەم کەس کە باوەشـی پێداکردین دادە غوربەت بوو کە ژنی دووەمی باوکم بوو".

ئامینە زیاتر باسی سەردانەکەیان بۆ کوردستان دەکات و دەڵێت "بەڕێکەوتین بەرەو شـارۆچکەی پیرمام، شـوێنی ژیانی کەسوکارم. زۆر هیلاک و ماندوو بووین، ئەو رۆژە پشـوومان دا، بۆ رۆژانی دواتـر چووین بۆ ئەو ناوچانـەی کە باوکم تێیدا پێشـمەرگەیاتی کردووە و شـەهید بووە، پاشان چووینە سـەر مـەزاری نەمران لە بـارزان. دوای ئەوەش چووینە سـەر گۆڕەکەی باوکم، لە پاڵیدا هەستم بە ئارامی کرد و سوپاسی خودام کرد کە خـەون و ئاواتەکەی باوکم هاتەدی و کوردسـتان رزگار بوو".

ئامینـە لەسـەر گێڕانەوەکانی بـەردەوام بوو "ئەوەی لەو سـەفەرە بینیم بـە درێژایی تەمەنم نەمبینیبـوو، زۆر شـت سـەرنجیان راکێشـام، دایکـم زۆرجـار دەیگوت کـورد میللەتێکی باش و رووخۆشـن، بەڵام لەو سـەردانەمدا سـەرجەم راسـتییەکانم بەچاوی خۆم بینی، بەڕاستی کورد مرۆڤـی رووخۆش و میواندۆسـتن، زۆر رێزیان لە ئێمـە گرت، یـەک مانگ لەوێ ماینـەوە، هەموو ژەمێـک لە ماڵێک دەعوەت بووین، ئێمەیان بردە زۆر شـوێنی دڵگیر و جوان، جلـی کوردییان بە دیاری داینێ".

ئامینـە و ڤیکتۆریـای کچـی هـەر بـەو جلە کوردیانەوە سەردانی مەسـعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان دەکەن، ئامینە دەڵێت "کاک مەسـعود بارزانی کە ئێمەی بینـی زۆر دڵخۆش بـوو، دوای پێشـوازی لێکردنێکـی گەرم باسـی خەبات و قوربانیدانی بارزانی نەمر و هەڤاڵەکانی و پەڕینەوەیانی کرد لە رووباری ئاراس".

ئێستا خەونی ئامینە ئەوەیە رووسیا بەجێبێڵێ و بچێتە لای خوشـک و براکانی لە کوردسـتان، بـەڵام لەبـەر دایکی ناتوانێت، چونکە نەخۆشـە "ئەگـەر لەبـەر ئـەو نەبوایـە دەمێـک بـوو لە کوردستان بووم".


ماریا ئەلێکساندەرۆڤنا و ئامینە


ئەحمەد حاجی و ماریا ئەلێکساندەرۆڤنا

رووداو
هونەری
ژمارە (345) دووشەممە 2015/2/2



## ئەیوب عەلی حەسرەت کلیپ دەکات

**رێکەوت سەلام / رووداو- هەولێر**

هونەرمەند ئەیوب عەلی نوێترین بەرهەمی خۆی بەناوی "حەسرەت" لە چەند رۆژی داهاتوودا بڵاودەکاتەوە. دەروون گێژەن کە کاری دەرهێنانی بۆ کلیپەکەی ئەیوب عەلی کردووە، بە (رووداو)ی گوت "ئەو بەرهەمەی هونەرمەند ئەیوب عەلی، لە چەند رۆژی داهاتوودا بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ بڵاودەکرێتەوە". حەسرەت لە تێکستی ئەیوب عەلی خۆیەتی و لەلایەن بریار فەتاحەوە کاری وێنەگرتنی بۆ کراوە.



### نهێنی سەردانەکەی بۆ باشووری کوردستان

# "ئەنجلینا جولی چیرۆکی ئاوارەکانی کوردستان دەکاتە فیلم"

**بەرپرسە میدیاییەکەی ئەنجلینا:** لەسەردانەکەی پێشوودا راستی ژیانی ئاوارەکانیان لێ شاردینەوە

**ژنە ئاوارەیەک:** ئەنجلینا جولی دووجار لێی پرسیم دەتەوێت بچیە دەرەوە؟



"ئەنجلینا جولی بەرگەی گێڕانەوەی چیرۆکی منداڵێکی ئێزدی نەگرت و گریا"

(فۆتۆ: AFP)

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

ئەو رۆژنامەنووسەی هاوەڵی ئەنجلینا جولی بوو لە سەردانەکەی ئەمجارەیدا بۆ هەرێمی کوردستان، چەند نهێنییەک لەبارەی سەردانی ئەو ئەکتەرە ئەمریکییە ئاشکرا دەکات و دەڵێت "ئەنجلینا جولی دەیەوێ چیرۆکی راستەقینەی ئاوارەکان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بگوازێتەوە".

هەروەها گوتی کە جولی بەنیازە چیرۆکی ئەو ئاوارانە بکاتە پرۆژەی فیلمێک.

هەفتەی رابردوو ئەنجلینا جولی، ئەکتەری نێوداری جیهانی بۆ جاری دووەم سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، بەڵام ئەم سەردانەی جیاواز بوو لە سەردانەکەی رابردووی، سەردانێکی لە ناکاو و رانەگەیەنراو بوو. جگە لە رۆژنامەنووسە تایبەتەکەی خۆی، نەیهێشت رۆژنامەنووسانی بیانی و کوردیش هاوەڵی بن لەکاتی سەردانی بۆ لای ئاوارەکان.

ئەنجلینا جولی کە باڵیۆزی نیازپاکییە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمجارە دوو رۆژ و شەوێک لە شاری دهۆک مایەوە، رۆژی یەکەم سەردانی سێ کەمپی ئاوارەکانی کرد لە دۆمیز و خانکێ. رۆژی دووەمیش سەردانی ناحیەی ئەلقۆشی کرد لە قەزای تکلیف و چاوی بە چەند ئاوارەیەکی کریستیانی شاری مووسڵ کەوت.

لەو کاتەی ئەنجلینا جولی و فەرهاد ئەترۆشی، پارێزگاری دهۆک لە کۆبوونەوەدا بوون لە کەمپی خانکێ، کامێرامان و رۆژنامەنووسی تایبەتی ئەنجلینا جولی لە دەرەوەی هۆڵەکە بوون، سونی رۆژنامەنووسی تایبەتی جولی تاکە رۆژنامەنووس بوو کە زۆرترین زانیاری لەبارەی ئەو سەردانە لەلا بێت.

### راستییەکانیان لێ شاردنەوە

کاتێک لە سونیم پرسی، بۆچی جولی ناهێڵێ رۆژنامەنووسان رووماڵی سەردانەکەی بکەن، ئەو گوتی "سەردانی ئەمجارە زۆر تایبەت بوو، جولی دەیویست راستیی ژیان و بۆچوونی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان بزانێت و هەمووی بە دۆکیومێنت بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ببات، جاری پێشوو کە هاتین، ئێمە بە رێگای پارێزگار و بەڕێوەبەری کەمپەکان چووینە ناو ئاوارەکان، پاش گەڕانەوەمان بۆمان دەرکەوت کە راستی ژیانی ئاوارەکانمان نەزانیوە، چونکە ئەوان تەنیا ئەو ئاوارانەیان پێشانداین کە رازین و هیچ گلەییەکیان نییە".

رۆژنامەنووسە تایبەتەکەی جولی قژێکی زەردی کورتی هەبوو، کچێکی دەم بەخەندە بوو، باسی هۆکاری ئەو سەردانە لە ناکاوەی ئەنجلینا جولی کرد و گوتی "زۆر داواکاری لەلایەن مەسیحییەکان و ئێزیدییەکانی باشووری کوردستان گەیشتوونەتە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان کە گوتوویانە لە کوردستان مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە، داوایان کردووە بگوازرێنەوە بۆ وڵاتانی ئەورووپی، بۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان جولییان دەستنیشان کرد بۆئەوەی بێت چەند ئاوارەیەک لە جێگای جیاواز ببینێت و راستیی ئەو دۆخە و ژیانی راستەقینەی ئاوارەکانی کوردستان بزانێت کە ژمارەیان نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەیە".

لە شاری دهۆک ئەنجلینا جولی سەردانی کەمپی دۆمیزی کرد کە ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستانی لێ نیشتەجێن، هەروەها سەردانی کەمپی خانکێ یەک و خانکێ دووی لە شارۆچکەی خانکێ کرد کە ئاوارە ئێزدییەکانی لێ نیشتەجێن. جولی لە کاتی سەردانەکەی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی خێوەتێکی دەستنیشان دەکرد و قسەی لەگەڵ ئاوارەکان دەکرد، جگە لە کامێرامان و رۆژنامەنووسی تایبەت بە خۆی نەیدەهێشت کەس لەگەڵی بچێتە ژێر خێوەتەکان.

سونی باسی داواکاری ئاوارەکانی کرد و گوتی "بەگشتی ئاوارەکانی دهۆک سێ داواکارییان هەبوو، بەشێکیان داوایان دەکرد لە رێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بنێردرێنە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا، بەشێکیان داوایان دەکرد هاوکاریی پێشمەرگە بکرێت بۆ ئەوەی ناوچەکانیان کۆنترۆڵ بکەنەوە، بەشێکیشیان گلەییان هەبوو لە کەمیی خزمەتگوزاری لە نێو کەمپەکاندا".

سونی ئاماژەی بەوەدا کە سەرجەم ئەو گفتوگۆیانەی جولی لەگەڵ ئاوارەکانی کردوون، بە دەنگ و رەنگ تۆمار کراون و بە ئەمانەتەوە دەگەیەنرێنە دەست بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

### منداڵێکی ئێزدی جولی دەگریێنێ

ئەنجلینا جولی، ساڵی 1975 لە ویلایەتی لوس ئەنجلسی ئەمریکا لەدایکبووە و یەکێکە لە ئەستێرە دیارەکانی هۆلیود، جولی خاوەنی خەڵاتی ئۆسکارە و چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتی سینەمای لە فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا وەرگرتووە، هەروەها چەند ساڵێکیش وەکو کاریگەرترین ژنی جیهان هەڵبژێردراوە.

ئایا جولی چیرۆکی ئاوارەکان دەکاتە فیلم؟ سونی گوتی "هەندێک چیرۆکی ئاوارەکان کاریگەری زۆریان لەسەر ئەنجلینا جولی هەبوو، بۆ نموونە لەژێر یەکێک لە خێوەتەکاندا منداڵێکی ئێزدی چیرۆکی کوشتنی دایک و باوکی خۆی بە دەستی چەکدارانی داعش گێڕایەوە، جولی خۆی رانەگرت و گریا".

هەروەها گوتی "لە نێو ئۆتۆمبێلدا جولی دەیگوت زۆربەی ئەو چیرۆکانە سیناریۆی بەهێزن بۆ فیلم، بۆیە رەنگە هەندێک لەو چیرۆکانە وەکو سیناریۆ بۆ فیلم بنووسم و رۆژێک بێت لە هۆلیوود بکرێنە فیلم".

ئەنجلینا جولی لە ساڵی 2004 وە لەگەڵ براد پیت ئەکتەری ئەمریکی دەژیت، ساڵی 2014 لە فەرەنسا و لە کەنیسەیەکی بچووکدا ئاهەنگێکی بچووکی هاوسەرگیرییان ساز کرد. ئێستا ئەنجلینا 7 منداڵ بەخێو دەکات، بەڵام تەنیا 3 لەوانە منداڵی راستەقینەی ئەون و ئەوانی دیکە بێ کەسوکارن.

### بەڕێوەبەری کەمپەکان ئاگایان لێنەبوو

لە مانگی ئەیلولی 2012 ئەنجلینا جولی سەردانی شاری دهۆکی کرد، کە گەڕابووەوە گلەیی لە بەرپرسانی کورد کردبوو کە لەبەر وێنەگرتن نەیانهێشتبوو کارەکانی خۆی بەباشی بکات، بۆیە ئەمجارە دوور لە چاوی کامێراکان سەردانی کوردستانی کرد و جگە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لە کەمپی خانکێ، رێگەی نەدا هیچ کەناڵێک بە تایبەتی بیبینێت.

سالم سەعید، بەرپرسی راگەیاندنی کەمپی دومیز دەڵێت "دوور و نزیک ئاگامان لە سەردانەکە نەبوو، نیو کاژێر پێش ئەوەی بگاتە کەمپەکەمان بینیمان هێزێکی زۆری ئەمنی هاتنە ناو کەمپ، دوای ئەوە چەند ئۆتۆمبێلێک هاتن و کە گەڕایەوە ئینجا زانیمان ئەنجلینایە، بۆیە ئێستاش نازانم بۆچی هاتبوو".

### چ پرسیارێکی لە ئاوارەکان کرد؟

لە کەمپی خانکێ 1، یەکێک لەو ژنانەی بەتەنیا ئەنجلینا لەگەڵی دانیشتبوو، قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "ئەنجلینا جولی زۆر پرسیاری لێکردم و دەیگوت مەترسە بە راشکاوی وەڵام بدەوە، بەڵام دووجار لێی پرسیم دەتەوێت لێرە بژی یان بچیە دەرەوە؟ منیش پێمگوت کەسوکارەکەم لەلایەن داعشەوە کوژراون، چیدی نامەوێ لێرە بژیم، دەمەوێت بچمە ئەورووپا". خرنێ موراد هەروەها گوتی "سەرجەم قسەکانمان بە کامێرا تۆمار کران".

## ئاڕەش، گۆرانیبێژی ئێرانی بۆ رووداو:

# پشتگیری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکەم



پرۆژەیەکم هەیە بۆ گوتنی گۆرانییەک لەگەڵ خانمێکی کورد

بۆ وێنەگرتنی بەشێک لە نوێترین کلیپی گۆرانی خۆی بەناوی "One Day" سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد بەو سەردانەشی زۆر خۆشحاڵ بوو، ئێستا کلیپەکەی بڵاوکردووەتەوە و تائێستا نزیکەی 10 ملیۆن بینەری هەبووە، بەڵام کەم کەس هەیە بزانێت ئەم کلیپە لە هەولێر وێنە گیراوە. ئاڕەش یەکێکە لە گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی ئێران، بەڵام لەلایەن کاربەدەستانی وڵاتەکەیەوە قبوڵکراو نییە و ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژیت. ئەو دەڵێت زۆرجار بۆ بینینی کەسوکاری خۆی دێتە هەرێمی کوردستان. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) ئاڕەش زۆر شت لەبارەی کارە هونەرییەکانی و ژیانی تایبەتی خۆی باس دەکات.

دەرباز یونس
رووداو — هەولێر

**رووداو: بۆچی هەولێرت هەڵبژارد بۆ وێنەگرتنی کلیپەکەت؟**

**ئاڕەش:** هەولێر شارێکی جوانە، نەک هەر من، بەڵکو هەموو کەسێک بۆ جارێکیش بێت پێویستە سەردانی هەولێر بکات. ئێمە لەگەڵ کۆمپانیایەک گفتوگۆی کارێکی بازرگانیمان هەبوو، هاوکات ئەو تەکنیکەی کە پێویست بوو بۆ دروستکردنی ئەو کلیپەی من دەمویست لە هەولێر هەبوو، بۆیە هاتم.

**رووداو: ئەمە یەکەمین سەردانت بوو بۆ هەرێمی کوردستان؟**

**ئاڕەش:** نەخێر پێشتریش جارێکی دیکە هاتوومەتە هەرێمی کوردستان، ئەو جارە تەنیا بۆ کارێکی بازرگانی بوو.

**رووداو: بەنیاز نیت جارێکی دیکە سەردانی بکەیتەوە؟**

**ئاڕەش:** بێگومان، من کوردستان بە وڵاتی خۆم دەزانم، چونکە ئەگەر بگەڕێمەوە ئێران دەستگیر دەکرێم و تووشی کێشەی گەورە دەبم، بۆیە خزم و هاوڕێکانم لە هەولێر دەبینم.

**رووداو: بۆچی لە میدیاکان باسی ئەوەت نەکرد کە هاتوویتە هەولێر و کلیپت لەوێ دروستکردووە؟**

**ئاڕەش:** چۆن؟ لە هیچ شوێنێک ئەوەم نەشاردووەتەوە، دەتوانی سەیری کلیپەکە بکەیت لە تایتڵی سەرەتا نووسراوە کە ئەم کلیپە لە هەولێر وێنەگیراوە.

**رووداو: دەڵێن لە دەرەوەی پەیوەندی هاوسەرگیری پەیوەندی خۆشەویستیت لەگەڵ چەندین کچ هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ ئایلەر کە مۆدێلێکی فارسە، ئەمە راستە؟**

**ئاڕەش:** نەخێر ئەوە بەهیچ شێوەیەک راست نییە، من هاوسەرەکەم زۆر خۆش دەوێت و منداڵیشمان هەیە، ئەو هەواڵانەی لە بارەی ناپاکی هاوسەرگیریی من بڵاودەکرێنەوە هیچ بنەمایەکیان نییە.

**رووداو: ئەمە کێشەی خێزانی بۆ دروست نەکردووی؟**

**ئاڕەش:** نەخێر، هاوسەرەکەم زۆر تێگەیشتووە، باوەڕی تەواوی بە من هەیە، خۆشی لە بوارەکە نزیکەو دەزانێت ئەم قسانە خەڵکێکی نەخۆش دروستی دەکەن.

**رووداو: باسی ئەوەت کرد کە بگەڕێیتەوە ئێران دەستگیر دەکرێی، بۆچی؟**

**ئاڕەش:** نەک هەر من، زۆربەی گۆرانیبێژە فارسەکانی دەرەوەی وڵات ئەگەر بگەڕێینەوە ئێران دەستگیر دەکرێین، ئەو دەسەڵاتەی ئەوێ نایەوێت لە هیچ شتێک تێبگات، رەنگە بشمانکوژن.

**رووداو: تۆ لەگەڵ چەندین گۆرانیبێژ زۆرترین دوێتت هەیە، بەنیاز نیت دوێت لەگەڵ گۆرانیبێژێکی کورد بکەی؟**

**ئاڕەش:** بۆ نا؟ من خەڵکی کوردستانم زۆر خۆشدەوێن، پرۆژەیەکیش هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ خانمە هونەرمەندێکی کورد دوێت بکەین، بەڵام جارێ بڕیاری کۆتایی لەسەر نەدراوە.

**رووداو: ئەو خانمە کێیە؟**

**ئاڕەش:** با ئەمە بۆ ئەو کاتە بێت ئەگەر گۆرانییەکە تۆمارکرا.

بگەڕێمەوە ئێران دەستگیر دەکرێم بۆیە هاوڕێ و خزمەکانم لە کوردستان دەبینم

هیوای سەرکەوتن بۆ پێشمەرگە دەخوازم

**رووداو: بەڵام ئێمە زانیاریمان هەیە کە تۆ لە هەولێر چاوت بە دەشنێ موراد کەوتووە، دواتریش مێلی لەڤت بینیوە، ئایا یەکێک لەم دوو خانمە هونەرمەندەن؟**

**ئاڕەش:** (بەپێکەنینەوە) با باسی ئەو پرۆژەیە نەکەین تاوەکو ئەو کاتەی سەردەگرێت.

**رووداو: هاوسەرەکەت کێیە؟ چۆن هاوسەرگیریتان کرد؟**

**ئاڕەش:** دەتوانم بڵێم ئافرەتێکی تێگەیشتووە، ناوی بەهناز ئەنساریە و خەڵکی ئێرانە، نزیکەی 4 ساڵە لە دوبەی هاوسەرگیریمان کردووە.

**رووداو: زانیاریت هەیە سەبارەت بەو جەنگەی یەخەی کوردستانی گرتووە؟**

**ئاڕەش:** بێگومان، من تا ئەوپەڕی دژی داعشم و هیوای سەرکەوتن بۆ پێشمەرگە دەخوازم.

**رووداو: پشتگیری لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەکەی؟**

**ئاڕەش:** 100% پشتگیری دەکەم، کورد مافی خۆیەتی ببێتە خاوەنی دەوڵەت و هەموو مەرجێکی بۆ ئەوە تێدایە.


NEW ESKAN
پڕۆژەی
ئیسکانی نوێ
نیو ئیسکـــان پێی نایـە قۆناغی کۆتایـــی و بـەرە و داهاتووەکی گەش و کۆمەڵگایەکی ئارامـمان دەبات.
پڕۆژەی ئیسکانی نوێ کەوتۆتە بەنرخترین شوێن و ناوەڕاستی سەنتەری شاری هەولێر.
لە یەکەکانی نیو ئیسکان گرنگی دراوە بـە هـەمـوو خزمـەت گوزارییەکانی ئێستا.
لە هاوینی ئەمساڵ ژیـانی تێـدا دەبێت بۆیە پەلە بکەن لەکرینی کۆتا شوقەکان.
بۆ پەیوەندی و وەرگرتنی زانیاری:
07501429999
07501439999

رووداو ژنان
ژمارە (345) دووشەممە 2015/2/2

## ژنێک خۆی دەخنکێنێت



**رووداو – PNA**

ژنێکی دانیشووی شاری کەرکووک خۆی دەخنکێنێت و پۆلیسیش دەڵێت نەخۆشی دەروونی هەبووە.

هەفتەی رابردوو ژنێکی تەمەن 25 ساڵ بە ناوی (س.ج.ع) لە نێو ماڵەکەی خۆیدا بە پەتێک خۆی هەڵواسیی و گیانی لەدەستدا. عەقید رەزوان شکور، بەرێوەبەری نەهێشتنی تاوانەکانی کەرکووک، لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی پەیامنێر گوتی "بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس دەرکەوتووە ئەو ژنە نەخۆشی دەروونی هەبووە". هەروەها گوتی "ئەو ژنە پێشتریش چەندجارێک هەوڵی خۆکوشتنی دابوو".

### بە وێنە و دەنگ دەڵێت ژنەکەی کوشتووە

# بکوژی ژنێک تەنیا 10 ساڵ حوکم دەدرێت



**تەیار عادل گۆران**
**رووداو- شێخان**

کاتێک دنیا سلێمان لەلایەن مێردەکەیەوە کوژرا، زۆربەی رێکخراوەکانی ژنان بە حکومەتیشەوە هاتنە دەنگ و لیژنەی لێکۆڵینەوەیان بۆ پێکهێنا، بەڵام بەم دواییە بەبێ دەنگی و بە سوڵحێکی عەشایری کێشەی نێوان هەردوو بنەماڵە چارەسەرکرا و مێردی دنیاش تەنیا 10 ساڵ لە بەندیخانە دەمێنێتەوە.

تەرمی دونیا سلێمان حوسێن تەمەن 15 ساڵ، رۆژی 2014/5/24 لە بناری چیای مەقلوب دۆزرایەوە، تەرمەکە جگە لە شوێنەواری گولله، شوێنی ئەشکەنجەدانیشی پێوە دیاربوو، پێدەچوو بەرلەوەی بکوژرێت ئەشکەنجەیەکی زۆر درابێت.

دونیا شووی بە پیاوێکی دانیشتووی ناحیەی کەلەکچی سەر بە قەزای بەردەڕەش کردبوو بە ناوی سلێمان زیاب کە 30 ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو. سلێمان هەرزوو دانی بە کوشتنی ژنەکەیدا نا پاش ئەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی بۆ لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان نارد و تێیدا سوێندی خوارد کە ژنەکەی لەسەر "خیانەت" کوشتووە. دواتریش سلێمان خۆی رادەستی پۆلیس کرد.

سلێمان لەو گرتە ڤیدیۆییەدا بە عەرەبی قسە دەکات و دەڵێت ئەو کارەی کردوویەتی پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام نییە، ئەو بە چاوی خۆی کەسێکی بەناوی (ئا.ش) لە ژووری خەوتنی ژنەکەیدا بینیوە، بۆیە ژنەکەی کوشتووە.

کوشتنی دونیا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، چونکە دوای دۆزینەوەی تەرمەکەی دەرکەوت ئەو ژنە بەرلەوەی بکوژرێت ئەشکەنجە دراوە. بەڵام دەنگدانەوەکە هەر زوو خامۆش بوو.

رۆژی 2015/12/28 دادگای تاوانەکانی دهۆک دۆسیەی دونیای یەکلایی کردەوە و سزای تەنیا 10 ساڵ زیندانیکردنی بۆ بکوژی ئەو ژنە دیاری کرد.

### خوێنەکەی بایی 40 هەزار دۆلار بوو

مێردی دونیا بەپێی مادده 406 لە یاسای سزادانی عێراقی تۆمەتبار کرابوو، سزای ئەو تاوانە زۆربەی جار تاوەکو لە سێدارەدان دەچێت، بەڵام بکوژی دونیا تەنیا 10 ساڵ زیندانی کرا.

(رووداو) زانیویەتی چوار رۆژ بەرلەوەی دادگا دوا بڕیاری خۆی لەبارەی دۆسیەی دونیا بدات، کەسوکاری هەردوولا رێککەوتوون و بنەماڵەی سلێمان زیاب 40 هەزار دۆلاریان لەبری خوێنی دونیا، داوەتە خێزانەکەی.

پارێزەرێکی نزیک لە دۆسیەکە بە (رووداو)ی راگەیاند کە سلێمان بە ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی تۆمەتبار بوو، پلانی پێشوەختیشی بۆ کوشتنی ژنەکەی دانابوو جگە لەوەش جەستەی ژنەکەی شێواندبوو لەکاتی کوشتنەکە و کەیسی کوشتن لەسەر نامووسیش لە دادگا سزای توندی هەیە، بۆیە حوکمەکەی سلێمان گران بوو "ئەگەر کەسوکاری دنیا لە داواکەیان خۆش نەبوونایە سزای لە سێدارەدان بەسەر سلێماندا دەسەپێنرا، بەڵام ئەوان لە سلێمان خۆشبوون، بۆیە دادگا حوکمی 10 ساڵ بەندکردنی بۆ دانا".

### پەرلەمانتارێک داوای سوڵحی کرد

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری سوڵحی نێوان ئەو دوو بنەماڵەیە بووە و داوای لێکردوون سوڵح بکەن.

پەرلەمانتار بەشار موشیر ئاغا کە ئاگاداری ئەو سوڵحەیە، بە (رووداو)ی گوت "پێش ئەوەی سوڵحە عەشائیریەکە بکرێت کەسوکاری کوڕەکە پرسیان بە من کرد و منیش لەگەڵ ئەوەدا بووم کە سوڵح بکرێت و کێشەکە چارەسەر بکرێت و ئەوانیش بڕیاری خۆیان دابوو، بۆیە سوڵحیان کرد".

بەشار ئاغا کە سەرۆکی عەشیرەتی گۆرانە، گوتیشی "کەسوکاری دونیا بە تایبەتی دایک و باوک و خوشک و برای گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە کچەکەیان ناحەق بووە و بەخۆشیان گوتیان کچەکەمان ناحەقە. ئەوانیش زانیان کە کێشەکە لەسەر نامووسە، بۆیە گوتیان سوڵح دەکەین".

پاش سوڵحەکە وا بڵاوکرایەوە کە بەشار موشیر وەکو ئاغای ناوچەکە و کەسایەتیەکی عەشائیری بەشداری سوڵحەکە بووە و ئەوانی پێکهێناوە. بەڵام بەشار ئاغا ئەو قسانەی رەتکردەوە و گوتی "بەهیچ شێوەیەک من بەشداری ئەو سوڵحە نەبووم. من لە 2014/12/22 سەفەری دەرەوەم کرد و ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم ئەو سوڵحە لە 2014/12/25 کرا". بەڵام نەیشاردەوە کە بۆ مەبەستی سوڵحەکە پەیوەندی پێوەکراوە و ئەویش لەگەڵ ئەوە بووە کە ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە بە سوڵح تەواوبێت، بەڵام ئەو بەشداری تێدا نەکردووە.



# 5 ژن لە سلێمانی هاوسەری خۆیان دەکوژن

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

بە تاوانی کوشتنی بەئەنقەست، 5 ژن لەنێو گرتووخانەی چاکسازیی ژنانی سلێمانی، دەبێ دوا ساڵەکانی تەمەنیان بژمێرن. چیرۆکی ئەو ژنانە تەواو پێچەوانەی ئەو دۆسیانەیە کە رێکخراوەکانی ژنان بەرگریی لێدەکەن، چونکە ئەمان بکوژی پیاوەکانی خۆیان بوون.

ئاماری ساڵانەی چاکسازیی ژنان کە وێنەیەکی دراوەتە (رووداو)، دەریدەخات کە حاڵەتەکانی کوشتنی بەئەنقەست لەلایەن ژنانەوە بەرەو هەڵکشان چووە.

بەپێی ئامارەکە، لە ساڵی 2014دا 5 ژن بەو تۆمەتە دەستگیرکراون و ساڵی 2012ش 4 ژن بەو تۆمەتە دەستگیرکراون. بەڵام ساڵی 2013 هیچ ژنێک لەسەر تاوانی لەوجۆرە سزا نەدراوە.

ئومێدە محەممەد، بەرێوەبەری چاکسازیی ژنان و نەوجەوانان لە سلێمانی کە لە 2008ەوە ئەو پۆستەی وەرگرتووە، دەڵێت کوشتنی بەئەنقەست لەلایەن ژنانەوە رووی لەزیادبوون کردووە. گوتیشی "ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ رێکنەکەوتنی ژن و مێردو لاساییکردنەوەی ژیانی ئەوروپا بەبێ بنەماو زۆر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، جگە لەوەش بەهەڵە تێگەیشتن لەمانای ئازادی، چونکە ئازادی مانای ئیلتیزام و بەرپرسیارێتییە".

### مادەی هۆشبەر

ئامارەکانی بەرێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و نەوجەوانان لەسلێمانی، لە بڕگەیەکی دیکەدا باسی ئەو گەنجانە دەکات کە تێوەگلاون بە بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر.

ساڵی 2014 رێژەی سزادراوانی گەنجانی تازەپێگەیشتوو لەتەمەنی (18-22) ساڵی بە رووداوی هاتوچۆ لە پلەی یەکەمدا بووە کە 130 سزادراون، دوای ئەویش سزادراوی ماددەی هۆشبەر دێت کە 21 گەنجن.

بەڵام بەپێی ئاماری بەراوردکاریی سێ ساڵی رابردوو 2012 و 2013 و 2014 ، دەردەکەوێت سزادراوانی ماددەی هۆشبەر رووی لەزیادبوون کردووە، چونکە لە ساڵی 2013دا 13 گەنج و لەساڵی 2012شدا 5 گەنج بوون.

ئومێدە محەممەد عەبدولڕەحمان، هێما بۆ قەیرانە داراییەکە دەکات کە رووی لەباشووری کوردستان کرد "یان ئەو بێکارییەی کە گەنج وا لێدەکات بیر لە رێگەی خراپ بکاتەوە بۆ ژیان و پەیداکردنی پارە".

### منداڵیش تۆمەتباری هاتوچۆن

هەرچەندە لە سنووری پارێزگای سلێمانی باس لەکەمبوونەوەی رووداوەکانی هاتوچۆ دەکرێت، بەڵام ئامارەکانی چاکسازی شتێکی دیکە دەڵێن.

بەپێی ئامارەکە، 7 منداڵ کە تەمەنیان لە نێوان 11- 18 ساڵا بووە، بەهۆی رووداوی هاتوچۆوە سزادراون، بەڵام لە ساڵی 2013دا 2 منداڵ و ساڵی 2012یش منداڵێک سزادراوە.

بەرێوەبەری چاکسازیی ژنان و منداڵن لە سلێمانی دەڵێ منداڵ لەو تەمەنەدا زیاتر حەزی لەبەکارهێنانی ئۆتۆمبێلە "لەو کاتانەی باوک و دایکی سەرقاڵن، ئۆتۆمبێل دەباتە دەرەوەو رووداوی هاتوچۆی لێدەکەوێتەوە".

### وەرزی رووداوەکان

ئەو ئامارەی چاکسازی ژنان و منداڵن، وەرزی رووداوەکانیشی جیاکردووەتەوە، بەجۆرێک زۆرترین سزادراوی هاتوچۆی لاوە تازەپێگەیشتووەکان بەپلەی یەکەم لەمانگی نیسان بووە کە 44 حاڵەت بووە. هەروەها زۆرترین سزادراوی ژنانیش بەپلەی یەکەم لەمانگی ئاداردا بووە کە 5 سزادراون.

### جیاوازی چینایەتی

گرتووخانەی بەرێوەبەرایەتی چاکسازیی ژنان و منداڵن، هەوڵدەدا ساڵانە ئاستی خزمەتگوزارییەکانی نێو گرتووخانەکە و رەوشی ژیانی زیندانییەکان باشتر و گونجاوتر بکات.

ساڵی 2014 منداڵنی سزادراو بەپلەی یەکەم لەدایکبووی 1997 بوون کە 21 منداڵ بوون، دوای ئەوەش لەدایکبووی 1996 کە یەک منداڵ بووە.

ئومێدە محەممەد باسی ئەو سزادراوانە دەکات و پێیوایە سزادراوانی منداڵ لەو تەمەنەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەکوردستان جیاوازییەکی بەرزی چینایەتی هەیە "چینێک زۆر دەوڵەمەندن و چینێکی زۆر هەژاریش دروستبووە".

گوتیشی بۆیە کاتێک منداڵ سەیری هاوتەمەنەکانیان دەکەن ژیانیان خۆشترە "ئەوانیش دەیانەوێت وەک ئەوان بژین و بەو هۆیەشەوە تووشی هەڵە دەبن".

# سێ کچە خوێندکار لە راپەڕین هەوڵی خۆکوشتن دەدەن

**هەمزە بیتوێنی**
**رووداو- راپەڕین**

لە سنووری قەزای رانیە، سێ کچە خوێندکار لە سێ کاتی جیاوازدا هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، دوویان ویستیان خۆیان بخنکێنن و سێیەمیش ویستی خۆی بسووتێنێ، بەڵام هەوڵەکانیان سەرنەگرێت، چونکە کەسوکاریان زوو فریایان کەوتوون و رزگاریان کردوون.

رۆژی 2015/1/23 کچێکی تەمەن 18 ساڵ بەناوی (رووپاک، هـ، ع) قوتابی پۆلی 12ی ئامادەیی، ویستی خۆی بکوژێت، بەڵام هەوڵەکەی سەری نەگرت.

(ح.ع) کە دایکی ئەو خوێندکارەیە بە (رووداو)ی گوت، ساڵی رابردوو کچەکەی زۆر زیرەک بووە لە قوتابخانە، بەڵام کۆی نمرەکانی لە پۆلی شەشدا تەنیا 64 بوو، بۆیە باری دەروونیی زۆر تێکچوو.

(ح) باسی هەوڵی خۆکوشتنی کچەکەی دەکات و دەڵێت "کاژێر 12ی شەو چووە دەرەوە، ماوەیەکی زۆری پێچوو نەگەڕایەوە، منیش گومانم کرد شتێکی بەسەرخۆی هێنابێت. کە چوومە دەرەوە بینیم خۆی بە شیشی سەقفی گەراجەکەدا هەڵواسیوە، یەکسەر لە شیشەکەم کردەوە و خێرا گەیاندمانە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رانیە، دواتر بەڕێکرا بۆ نەخۆشخانەی دەروونی لە هەولێر". گوتیشی "باری دەروونی زۆر جێگیر نییە و تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە بووە، پزیشکەکان پێیانگوتین نابێت بە هیچ شێوەیەک باسی ئەو رووداوەی لەگەڵ بکەین".

مستەفا محەممەد باپیر گوتەبێژی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین رایگەیاند کە رۆژی 2015/1/23 نەخۆشێکی کچی تەمەن 18 ساڵ بەناوی رووپاک، کە هەوڵی خۆخنکاندنی دابوو، گەیەنرایە نەخۆشخانەی رانیە و دواتر بەڕێکرا بۆ هەولێر، بەڵام گوتەی لێوەرنەگیراوە، بۆیە هۆکارەکەی دیار نییە".

### ویستی ژووری بەرێوەبەرەکەی بسووتێنێ

هەر بەهۆی خراپی لە خوێندن، رۆژی 2015/1/27 کچێک بەناوی (ئاشتی ئە.ح) دەبەیەک نەوت لەگەڵ خۆی دەباتە قوتابخانەکەی و دەیەوێت ژووری بەرێوەبەری قوتابخانەکەی بسووتێنێ، بەڵام دواتر نەوتەکە بەخۆیدا دەکات و ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات، مامۆستاکان هەرزوو فریای دەکەون و دەیکوژێننەوە.

سەرچاوەیەک لە پەروەردەی رانیە لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند کە دوای بەدواداچوون دەرکەوت ئەو خوێندکارە خێزاندارەو بەهۆی هەندێک کێشە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە.

### سێ ساڵە قسە ناکات

رۆژی 2012/3/25 کچە خوێندکارێک بەناوی (کەوسەر.م) کە لە پۆلی 12ی ئامادەییە بە پەت خۆی هەڵدەواسێ، بەڵام کەسوکارەکەی زوو فریای دەکەون. ئەو کچە هەرچەندە لە مردن رزگار دەکرێ، بەڵام ئەوە نزیکەی سێ ساڵە قسە ناکات و بەبێ هۆشی لەسەر جێگە کەوتووە.

خوشکێکی کەوسەر بەسەرهاتەکەی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی "ئەو رۆژەی خوشکەکەم کارەکەی کرد، پێشتر هەوڵی دا خۆی بسووتێنێ، رێگەیمان نەدا، جاری دووەم ویستی خۆی بخنکێنێ، بەڵام پێش ئەوەی بخنکێت رزگارمان کرد".

ئەو کچە نزیکەی 3 مانگ لە نەخۆشخانەی سلێمانی لەژێر چاودێریی پزیشک دەمێنێتەوە، بەڵام هەوڵی پزیشکەکان بۆ چارەسەرکردنی بێسوود دەبن، بۆیە کەسوکارەکەی بەناچاری دەیبەنەوە ماڵەوە.

گوتیشی "خوشکەکەم ئەرکی گرانە، لەسەر جێگە کەوتووە، بە سۆندە خواردنی دەدەینێ، رۆژ بە رۆژ کێشی زیاتر دەبێت، پزیشکەکان دەڵێن ئۆکسجین بۆ مێشکی ناڕوات و تووشی شەلەل بووە". گوتیشی "من لە پۆلی نۆی بنەڕەتی بووم، لەبەر خاتری خوشکەکەم وازم لە خوێندن هێنا".


ئەو خوشکەی کەوسەر باسی هۆکاری هەوڵی خۆکوشتنی خوشکەکەی کرد و گوتی "خوشکەکەم زۆر زیرەک بوو، رۆژی وەرگرتنەوەی نمرەکانی دوا قۆناغی دوازدەی زانستی زۆر دڵخۆش بوو، چاوەڕێ بوو بە نمرەیەکی بەرزەوە لە زانکۆ وەربگیرێت، بەڵام کۆی نمرەکانی 53 بوو، بەوەش باری دەروونی زۆر تێکچوو

### "لەبەر کەمیی نمرە نەبووە"

هەرچەندە کەسوکاری ئەو سێ خوێندکارە دەڵێن کچەکانیان بەهۆی کەمیی نمرەوە ویستوویانە خۆیان بکوژن، بەڵام بەرپرسانی پەروەردە دەڵێن پەیوەندی بە نمرەوە نەبووە.

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی پەروەردە بە (رووداو)ی گوت "یەکێک لەو خوێندکارانە لە بەهاری 2012ەوە لە کاتی رووداوەکەوە بێهۆشە و هیچ قسەیەک ناکات و خوێندکارەکەی دیکەش تاوەکو ئێستا قسەی نەکردووە، چونکە دوای رووداوەکە تووشی شۆک بووە".

ئەو سەرچاوەیە گوتی "ئەو کچانە بەبێ هۆ هەوڵی خۆکوشتنیان نەداوە، بەڵام لەبەر ئەوەی خوێندکار بوون خوێندنەکەیان دەکەن بەبیانوو".



ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (345) دووشەممە 2015/2/2

## شوفێری شۆفڵێک گەنجێک دەکوژێت



**ڕووداو- هەولێر**

گەنجێک دەکەوێتە ژێر شۆفڵێک بەو هۆیەش گیان لە دەست دەدات. ڕائید کاروان عەبدولکەریم لە پەیجی خۆی لە فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە کە هەفتەی ڕابردوو پۆلیس ئاگادارکراوەتەوە لە ڕووداوێک لە کۆمپانیایەکی نەوت، دوای گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداوەکە لە کەورگۆسک، دەرکەوت شۆفەلێک بەسەر گەنجێک کەوتووە بە ناوی حاتم ڕۆستەم عومەر، تەمەن 20 ساڵ و بەو هۆیەش گیانی لە دەستداوە. دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم ڕووداوە کرایەوە، شوفێری شۆفەلەکەش کە مۆڵەتی نییە دەستگیرکراوە.

وەسیەتی سەیر لە سۆران

# "تەرمەکەم بخەنە نێو ڕووبار با ماسی بمخوات"



**وەسیەتی دکتۆرێک:** لاشەکەم مەخەنە ژێرگڵ، چونکە ڤایرۆس بڵاودەکاتەوە

(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**مەهدی محەممەد ڕواندزی**
**ڕووداو- سۆران**

ماسیگرێکی دەڤەری سۆران وەسیەت دەکات دوای مردنی ئەندامە بەسوودەکانی جەستەی ببەخشرێن بە زیندووەکان و ئەوەشی دەمێنێتەوە بخرێتە نێو ڕووبار بۆ ئەوەی ماسیەکان بیخۆن. مۆسیقارێکیش وەسیەت دەکات کە مرد، ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنەکەی بەدەم ژەنینی ئەو پارچە مۆزیکەوە بێت کە خۆی حەزی لێیە.

هەندێک کەس بەر لەوەی بمرن وەسیەت دەکەن کە هەندێک لەو وەسیەتانە بەلای خەڵکەوە سەیرن و تەنانەت هەندێکیان جێگەی قبوڵکردن نین، بۆیە زۆر لەو وەسیەتانە دوای مردنی کەسەکە جێبەجێ ناکرێن.

### مردوو زەوییان داگیرکردووە

ئەگەر سەردەمێک (هۆشی منە) سەرکردەی دیاری شۆڕشی ڤێتنامییەکان وەسیەتی کردبێ کە دوای مردنی لاشەکەی بسووتێنن و خۆڵەمێشەکەشی لە ئاسمانەوە بەسەر خاکی ڤێتنامدا بڵاوبکرێتەوە، ئێستا خەڵکانێک هەمان وەسیەتیان هەیە.

دکتۆر مەحموود فەقێ عیسا، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، نزیکەی 30 ساڵە لە شاری سۆران لە باشووری کوردستان نیشتەجێیە، ئەو حەز ناکات دوای مردنی بخرێتە ژێر گڵ "بەهیچ شێوەیەک پێم خۆش نییە لاشەکەم بخرێتە ژێر گڵ، چونکە هۆکارێکە بۆ بڵاوبوونەوەی جۆرەها ڤایرۆس".

مەحموود فەقێ کە دکتۆری ددانسازە، وەسیەتی کردووە دوای سوودمەندبوونی خەڵکانی دیکە لە ئەندامانی، تەرمەکەی بسووتێنرێ و خۆڵەمێشەکەی بەسەر خاکی کوردستاندا بڵاوبکرێتەوە "چونکە سووتاندنی تەرم هیچ زیانێک لە دوای خۆی جێناهێڵێت و بگرە تا ڕادەیەکیش سوودی بۆ ژینگە دەبێت". دکتۆر مەحموود لەو باوەڕەدایە خواستەکەی دێتەدی، چونکە لە کەسوکارەکەی دوورە.

سالار قادر سەعید، 58 ساڵ، دانیشتووی ڕواندز پێیوایە دەبێت گرنگی بە وەسیەتی ئەو کەسانە بدرێت کە داوا دەکەن بەو شێوەیەی ئێستا هەیە نەخرێتە ژێر گڵ، ئەو دەڵێت خەڵکی زەوییان نییە بۆ خانوو، کەچی مردووەکان بە هەزاران دۆنم زەوییان داگیرکردووە.

سالار قادر کە بە هاوڕێ سالار ناسراوە و شاعیرێکی دیاری شارۆچکەی ڕواندزە، لە هەمانکاتدا ماسیگریشە، بۆیە وەسیەت دەکات لەدوای مردنی، تەرمەکەی بخرێتە ڕووبارەوە بۆ ئەوەی ماسییەکان بیخۆن.

بەڵام کاتێ هاوسەرەکەی هەردوو گورچیلەی لەدەستدەدا و بە مەبەستی چارەسەرکردن دەیباتە شاری بەغدا و لەوێ گەنجێک ئامادە دەبێت لە بەرامبەر بڕێک پارە یەکێک لە گورچیلەکانی خۆی ببەخشێت بە خێزانەکەی و لەمردن ڕزگاری دەبێ، وەسیەتەکەی خۆی دەگۆڕێت.

ئەو دەڵێت "ماسیگرتن و خواردنی لە دەم ڕووبار تام و چێژێکی تایبەتی هەیە، باوەڕ بکە ئەوەندەم ماسی خواردووە، گوتم وەسیەت بێ ئەگەر مردم تەرمەکەم بخەنە نێو ڕووبار بۆ ئەوەی ماسیەکانیش لەگۆشتی من بخۆن، بەڵام دوای ئەو ڕووداوەی کە بەسەر خێزانەکەم هات، وەسیەتم کرد کە تەواوی ئەندامانی جەستەم هەر لە نینۆکی پێمەوە تاوەکو مووەکانی سەرم هەر کەسێک سوودی لێ ببینێ، دوای مردنی من ئازادن بیبەخشن".

ئەگەرچی پێشتر وا بڵاوبوو کە وەسیەتی ئەوەی کردبێ لەدوای مردنی ئامێرێکی مۆزیک لەگەڵ تەرمەکەی بخرێتە گۆڕەوە، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە کە وەسیەتی لەو جۆرەی کردبێ.

هونەرمەند زرار محەممەدی تەمەن 78 ساڵ کە زیاتر لەنیو سەدەیە خزمەتی هونەری کوردی و بواری مۆزیک دەکات لەشاری ڕواندز، دەڵێ "ئەگەرچی مردن ڕێگایەکە دەبێ هەر هەموومان پێیدا بڕۆین، بەڵام من زۆر گەشبینم بەو ژیانە، هەر لەبەر ئەوەشە تاکو ئێستا هیچ وەسیەتێکم نەکردووە". ئەو هونەرمەندە لەڕێگای (ڕووداو)ەوە وەسیەت دەکات ئەگەر مرد، بەدەم ژەنینی مۆزیکەوە تەرمەکەی بەرەو گۆڕستان ببرێت "لەڕێگای ئێوەوە دەڵێم پێم خۆشە کاتێ دەمرم و تەرمەکەم بەرەو گۆڕستان دەبرێت، تا بە ناشتنەکەش ڕادەگات، یەکێک لەو پارچە مۆزیکانەی کە من حەزی لێدەکەم و قوتابیەکانم دەزانن کامەیە، لەگەڵ ڕێوڕەسمەکە بژەنرێت ئەگەر مامۆستایانی ئاینی قبووڵی بکەن".



رائیدی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر *

## بە گومانێک تێکەوت

پۆلیسی فریاکەوتن باوک و کوڕێکیان هێنابووە نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان. کوڕەکە بریندار بوو، دیاربوو باوکی لێی دابوو. کاتێک وتەیان وەرگیرا کوڕەکە گوتی سێ مانگ لەمەوبەر لەگەڵ خێزانەکەی کێشەی هەبووە لەسەر تەلەفۆنکردن، گومانی هەبووە کە ژنەکەی خیانەتی لێدەکات، بۆیە بە براو باوکی دەڵێت کە یارمەتی بدەن و کێشەکەی بۆ چارەسەر بکەن.

دوای بەدواداچوون ئەو کوڕە بۆی دەردەکەوێت کە ژنەکەی هیچ پەیوەندییەکی بەو تەلەفۆنەوە نییە، بەڵکو کەسێک لە خۆڕا هەراسانی دەکات و دەیەوێت ژنەکەی لە خشتە ببات، بۆیە ئەو گومانانەی نامێنێت کە پێشتر بەرامبەر بە خێزانەکەی هەیبوو، بەڵام باوک و براکانی وازی لێناهێنن و دەڵێن دەبێت ژنەکەی تەڵاق بدات.

ئەو کوڕە زۆر هەوڵ لەگەڵ باوک و براکانی دەدات، بەڵام بێسوود دەبێت و پێیدەڵێن دەبێ دەستبەرداری ژنەکەی ببێت. کاتێک کوڕەکە سوور دەبێت لەسەر ئەوەی ژنەکەی تەڵاق نادات، باوکی بەردەبێتە گیانی و برینداری دەکات، بە ژنەکەشی دەڵێت بچێتەوە ماڵی باوکی.

کوڕەکە یەکسەر پەیوەندی بە پۆلیسی فریاکەوتنەوە دەکات، ئەوانیش دەیهێنن بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی. ئەو کوڕە سکاڵای لەسەر باوکی هەبوو کە وازی لێناهێنێ و دەیەوێت بە زۆر ژنەکەی پێ بە تەڵاقدان بدات، لە کاتێکدا ئەو هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ژنەکەی نییە و هیچ شتێکی نەشیاوی لێ نەبینیوە.

ئەو کوڕە گوتی "بینیم ژنەکەم بە تەلەفۆن قسە دەکات، بەڵام سوێندی خوارد کە تەلەفۆنی نەکردووە، بەڵکو بۆی کراوە. من خۆم پێڕانەگیرا و یەکسەر باوکم و براکانم ئاگادار کردەوە".

کاتێک قسە لەگەڵ باوکی کوڕەکە کرا، گوتی "من ڕازی نیم کوڕەکەم ئەو ژنەی لەلا بمێنێ، دەبێت تەڵاقی بدات، چونکە هاتە لای من و بە دەمی خۆی گوتی ژنەکەم ناپاکی کردووە لەگەڵم و دەمەوێ تەڵاقی بدەم، دواتر کوڕەکەم هەر خۆی هات گوتی من لێپێچینەوەم کردووە لەگەڵ خێزانەکەم و دەرکەوت هەڵەی نەکردووە، ئێمە نەمانزانی چۆن بووە، بۆیە ئەمڕۆ چووم لێمدا".

پەراوی لێکۆڵینەوە بۆ کێشەکەیان کرایەوە، بەڵام کوڕەکە هەر لەوێ لە باوکی خۆشبوو، باوکەکەش بە دەستەبەری ئازاد کرا. بۆ هەردووکیان ڕوون کرایەوە ئەگەر ناپاکی هاوسەرێتی کرا، تەنیا بۆ ژن و پیاوەکە هەیە داوا لەسەر یەکدی بنووسن و بۆ کەسی دیکە نییە داوا بنووسێ.

ئەگەر یەکێک لە تاکەکانی خێزان بە زۆر هەوڵ بدات ژن و مێرد لە یەکدی جیا بکاتەوە، ئەوا بەپێی بڕگە 4 لە مادەی دووی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، بە یەکێک لە جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی ئەژمار دەکرێت.

بەپێی مادە 7ی هەمان یاسا هەر کەسێک کارێکی لەو شێوەیە بکات، ئەوا سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێت، هەروەها سزا دەدرێت بە غەرامەکردن کە لە ملیۆنێک دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، یان بە یەکێک لەم دوو سزایە.

ئەگەر سەیری ئەم کێشەیە بکەین، دەبوایە سەرەتا پیاوەکە بە ئارامی و هێمنی بەدواداچوونی وردی کردبا، چونکە خۆی لە ناو کێشەکەدا بووە، نەدەبوو یەکسەر بە کەسوکارەکەی بڵێت، چونکە ئەوان یەک ڕووی کێشەکەیان بینیوە کە گومانی کوڕەکە بووە لە ژنەکەی.

***بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

ژێر خێوەتی ئاوارەیی بێهیوایان ناکات

# دوو کچ و کوڕی ئێزدی لە کەمپی عەربەت خێزان پێکدێنن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

"قسمەت و نسیب وابوو کە لێرە هاوسەرگیری بکەین" ئەوە قسەی حەیات حەجی تەمەن 15 ساڵ بوو کە ماوەی دوو مانگ و نیوە لەگەڵ موشتاق عومەر خێزانیان پێکهێناوە. موشتاق دەڵێت ئەوان یەکدییان خۆشدەویست.

ژیانی ژێر خێوەتەکانی ئاوارەیی ڕێگری نەکردووە لە خۆشەویستیی نێوان کچان و کوڕان، تەنیا لەم ماوەیەدا لە کەمپی عەربەت ئەوە دووەم جارە کچان و کوڕانی ئێزدی بەهۆی پەیوەندیی خۆشەویستی خێزان پێکدێنن.

کاتێک شنگال، شارۆچکەکەی ئەوان لە سەرەتای مانگی ئابی ڕابردوو لەلایەن چەکدارانی داعشەوە داگیرکرا، خێزانی موشتاق و حەیات وەکو زۆربەی خێزانەکانی دیکەی شنگال لە ترسی چەکدارانی داعش ڕوویان لە چیای شنگال کرد و ماوەی 11 ڕۆژ لەوێ مانەوە، دوای ڕزگارکردنیشیان لە چیا، زۆربەی ئاوارەکان ڕوویان لە کەمپی خانکێ کرد، بەڵام ئەمان لە کەمپی عەربەت لە نزیک شاری سلێمانی گیرسانەوە.

موشتاق عومەر تەمەنی 23 ساڵە و ماوەی دوو ساڵە بووەتە پێشمەرگە لە شنگال، بەڵام لەگەڵ هاتنیان بۆ کەمپی عەربەت کەوتە داوی خۆشەویستی حەیات، دوای دوو مانگ و نیو بڕیاریان دا هەر لەوێ خێزانێک پێکەوەبنێن.

موشتاق بە پێکەنین و خێزانەکەشی بەبزە و شەرمەوە باسی ماوەی ئەڤیندارییەکەیان دەکرد. موشتاق گوتی "پێشتر یەکدیمان نەدەناسی، لێرە حەزمان لەیەک کرد و دواتر بڕیارمان دا زەواج بکەین". بەڵام حەیاتی خێزانی بەبزەیەکەوە گوتی "قسمەت و نسیب بوو".

ئەوان هەرچەندە لەزێدی خۆیاندا خێزانیان پێکنەهێناوە و بەپێچەوانەی زۆربەی کوڕان و کچانی دیکە کە تازە خێزان پێکدێنن، مانگی هەنگوینیشیان هەر لەنێو خێمەیەکدا بەسەربرد، بەڵام هێشتا هەست بەئاسوودەیی دەکەن "ڕاستە ئاوارەین، بەڵام ژیانمان خۆشە".

ئەڵقەی هاوسەرگیری نیشانەی گواستنەوە و بەجێهێشتنی ژیانی زگوڕتییە بەرەو ژیانێکی تازە، بەڵام حەیات ئەڵقەی هاوسەرگیری لەدەستدا نەبوو. موشتاق گوتی "لەبەرئەوەی یەکدیمان زۆر خۆشدەویست، تەنیا داوای جووتێک گوارەی لێکردم، جگە لەوەش باری دارایشمان باش نەبوو".

تەنها موشتاق و حەیات نین کە لەو کەمپەدا گرێی بەختیان کراوەتەوە، بەڵکو کەمپی عەربەت بووە یادگارییەکی نەمر بۆ عادل عەبدال و عامشە خەڵەفی خێزانی کە ئەوانیش دوو مانگ و نیو لەمەوبەر خێزانیان پێکهێنا.

عادل عەبدال پێشمەرگەیەکی تەمەن 27 ساڵە و خێزانەکەشی 23 ساڵە و دوای تێپەڕاندنی مانگێک لە ئەڤینداری بڕیاریان دا هاوسەرگیری بکەن".





عادل 10 ڕۆژ لای خێزانەکەیەتی و 10 ڕۆژیش دەچێتە سەنگەرەکانی شەڕ لە دژی داعش، بەڵام بەهەمانشێوەی خێزانەکەی پێشوو هەست بەخۆشحاڵی دەکەن کە چوونەتە نێو ژیانێکی نوێ. عادل بەپێکەنینەوە گوتی "ئەڤینداری قورسە، بۆیە نەمانویست هاوسەرگیرییەکەمان دوابخەین بۆ شنگال و لێرە کۆتاییمان پێهێنا".

عادل وەک زۆربەی پیاوەکانی دیکە ئەو کاتانەی کە ئیشی نییە دەچێتە لای هاوڕێکانی، یاخود وەک خۆی گوتی خەریکی فەیسبووک دەبێ.

ئەو جیاواز لە زۆربەی ئێزیدییەکانی دیکە، بەبێ کێشە بە شێوەزاری سۆرانی قسەی دەکرد، چونکە بەر لەوەی ببێتە پێشمەرگە ماوەی 2 ساڵ لە شاری سلێمانی کاری کردووە.

عامشەی خێزانیشی کە بەپێچەوانەی پێشبینییەکانی خۆیەوە وەکو کچانی دیکە مەراسیمەکانی هاوسەرگیری بە نیسب نەبووە، بەڵام خۆشحاڵە بەو ژیانەیان و گوتی "وەک چۆن لێرە دەستمان پێکرد، بە پشتیوانی خودا لە شنگالیش تا مردن بەردەوام دەبین".

خاڵە هاوبەشەکانی ژیانی هاوسەرگیری ئەو دوو خێزانە نوێیەی کەمپی عەربەت کەلوپەلەکانی نێو خێمەکانیانە کە بەشی پان و بەرینیان بۆ دانیشتنی خۆیان و میوانەکانیان تەرخانکردووە و بەشی بچووکی پشتەوەشیان بۆ شوێنی نووستنیان داناوە، لەهەر خێمەیەکیشدا تەلەفزیۆنێکیان لەسەر تەپڵەکێکی بچووک داناوە لەگەڵ چەند دۆشەک و سەرینێک بۆ خۆیان و میوانەکانیان.

ڕووداو
ژمارە (345) دووشەممە 2015/2/2

# تایوان کابینە بۆ ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان دابین دەکات

**یودیت نیورینک**
**ڕووداو- هەولێر**

لــە مەراســیمێکدا لــە کامپــی ئاوارەکانی هەرشــەمی نزیک هەولێر ژمارەیەک کابینە بۆ 1400 خێزانی ئاوارەی ناو کامپەکە دابین کرا.

بەرپرســێکی باڵا لــە ڕێکخــراوی وایکلیف سۆنگوا، سەر بە کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی نەتــەوە یەکگرتووەکان گوتی "ئــەم کابینانە ئاســوودەیی و ژیانێکی شەریفانە بەو خێزانە ئاوارانە دەبەخشــێ. ئەم کابینانە سەلامەتتر و باشــترن. خێمەیەک بۆ شــەش مانگ زیاتر بەرگە ناگرێت، بەڵام ئەم کابینانە نزیکەی سێ ساڵ دەمێننەوە".

نەتەوە یەکگرتــووەکان خوازیارە خێوەتی هەموو ئاوارەکانی هەرێمی کوردســتان بگۆڕێ بــە کابینەی لەو جۆرە، بەڵام وەک ئەو گوتی "ئەگەر بودجەی پێویستیان هەبێت".

هەرێمــی کوردســتان دەرگای واڵا کردووە بــۆ نزیکــەی ملیۆنێک و 400 هــەزار ئاوارەی بەشەکانی دیکەی عێراق و نزیکەی 600 هەزار ئاوارەی ســووری کە زۆرینەیان لە کامپەکاندا نیشتەجێ بوون.

ئــەو کابینانــەی کامپی هەرشــەم لەلایەن حکومەتی تایوانەوە پێشــکەش بــەو ئاوارانە کراون. سۆنگوا مەراسیمێکی بچووکی ڕێکخست بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو هاوکارییە، بە ئامادەبوونی باڵیۆزی تایوان لە عەمان و پارێزگاری هەولێر نــەوزاد هــادی. کامپەکــە لە نزیــک گەڕەکی عەنکاوەیە و لەلایەن ڕێکخراوێکی فەرەنسییەوە بەڕێوەدەبرێــت. هەروەهــا ولیــەم ســیلک لە کونســوڵخانەی ئەمریکا ئامادەی مەراسیمەکە بوو.

ماســیو لــی، باڵیــۆزی تایــوان لەکاتــی بەســەرکردنەوەی کامپەکەدا گوتــی "دەزانین پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی چەندە گرنگە. ئێمەش هەمان نەهامەتیمان چەشت. بۆیە ئەوە سیاسەتی ئێمەیە هاوکاری مرۆیی دابین بکەین لە هەر شوێنێکی جیهان پێویست بێت".

کامپــی هەرشــەم یەکێکــە لــەو یەکەمین کامپانەی هەرێمی کوردستان کە خێمەکانیان گۆڕابێــت بــۆ کابینــە. ئــەو 300 کابینەیەی دابینکراوە بۆ ئەو کامپە هەریەکەیان شــوێنی زیاتــر لــە حەوت کەســی تێدا دەبێتــەوە. لە چەندیــن شــوێنی نــاو کامپەکــەدا توالێت و شوێنی خۆشۆرین هەیە.

بەپێی گوتەی دانیشــتووانی ناو کامپەکە، یەکێــک لەلایەنە زۆر باشــەکانی ئەو کابینانە ئەوەیــە کە دەرگایــان هەیــە و دەتوانن قفڵ بدرێن، ئەوەش سەلامەتی زیاتر بۆ خێزانەکان دابیــن دەکات. لەو کابینانەدا هەســت دەکەن لــە ماڵــی خۆیانــدان. هەرچەندە گەیشــتنی کابینــەکان کەمێــک درەنگ بوو کــە لەدوای سەرمای سەختی مانگی یەک گەیشتن، بەڵام دانیشــتووانی ناو کامپەکە زۆر سوپاسگوزارن بۆ ئەو کابینانە.

کاتێک پرسیارمان لە ئیبتیسام ئیسماعیل، تەمەن 27 ساڵ کرد کە چۆن ناو ماڵەکەی پاک ڕادەگرێت لەکاتێکدا ناو کامپەکە دەبێتە زۆنگاو کە باران دەبارێت، بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی "دەرگا لەسەر منداڵەکانم دادەخەم لە ژوورەوە. کاتێک لە خێمــەدا دەژیان نەیاندەتوانی ئەوە بکــەن، چونکە هــەردوولای خێمــەکان کراوە بوو".

ئیبتیسام مەسیحییەکی خەڵکی حەمدانیەی نزیک شاری مووسڵە. هەرچەندە دانیشتووانی ناو کامپەکە لە چەندین ڕەگەز و ئاینی جیاواز پێکدێن، بەڵام کەشوهەوای ناو کەمپەکە باشە. لەنێویاندا سوننە هەن کە لە ناوچانەوە هاتوون ئێــزدی و مەســیحییەکانی لێــوە هەڵاتــوون. هەندێک لە دانیشــتووانی هەرێمی کوردستان بەچاوێکی جیاواز تەماشای عەرەبە سوننەکان دەکــەن چونکە بەشــێکی ناوچە ســوننەکان پشتگیری داعشیان کردووە.

غانــم خودەیــدا، تەمــەن 60 ســاڵ کــە ئەفسەری ســوپا بووە لە ڕابردوودا و خەڵکی شــنگالە، ئێســتا دووکانێکــی بچووکی میوە فرۆشــتنی هەیە لەناو کامپەکــەدا. ئەو گوتی "وەک براو باشتر لە براش لێرە پێکەوە دەژین، چەنــد مانگێکە برا راســتەقینەکەمم نەدیوە، بەڵام لێرە بەردەوام پێکەوەین".

ئەو گوتی کە زۆربەی خەڵکی ناو کامپەکە هەست بە ئاسوودەییەکی زیاتر دەکەن بەهۆی کابینەکانــەوە، چونکە یەکێک لە خێوەتەکان بەمدواییــە ئاگــری تێبەربوو بەهــۆی خراپیی ســۆبەکەی ناوی، بەو هۆیەشــەوە کۆرپەیەک گیانی لەدەستدا.

یاســمین کۆلژین لە ڕێکخراوە فەرەنسیەکە گوتــی "هەرچەندە بارودۆخەکە باشــتر بووە، بەڵام هێشــتا شــتی زیاتر ماوە بکرێت. کاری نــاو کامــپ هەرگیز تــەواو نابێــت. توالێت و شــوێنی خۆشــۆرینەکان هێشــتا پێویستیان بــەکاری زیاتــرە، هەروەها دەبێــت هاوکاری زیاتر پێشکەشــی کەم ئەندام و پەککەوتەکان بکەین".

یونیسێف خەریکی کردنەوەی قوتابخانەیەکە لەنــاو کامپەکــەدا، بــەڵام دانیشــتووانی نێو کەمپەکــە بەهۆی هێرشــەکانی ئــەم دواییەی پێشمەرگە لە دژی داعش، هیوایان لا دروست بووە بۆ گەڕانەوە.

ئیبتیسام بە دەنگێکی پڕ لە پەرۆشی گوتی "مانگێکی دیکە نابات دەگەڕێمەوە سەر ماڵ و حاڵــی خۆم. بەدڵنیاییەوە داعش تا ئەو کاتە لــە ناوچەکەمــان نامێنێت. زۆر بە تاســەوەم دووبارە بژیم".

هەروەها غانم خودەیدا گوتی ئەو ســاتەی داعش بەتەواوی لە شــنگال پاک کرایەوە ئەو دەگەڕێتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆی سەرەڕای ئەوەی بیســتوویەتی کە زۆربــەی ماڵەکانیان رووخێنــراون و تــاڵان کــراون. لــەو ســاتەدا ژنەکەی بــە هیوایەکەوە گوتــی "خودا کەس لەبیر ناکات. بەدڵنیاییەوە یارمەتیمان دەدات".



# وەبەرهێنان لە بواری فڕۆکەوانی و مامەڵەیەکی هەستیار

**دانا توفیق باڵەکی***

وەک هەر سێکتەرێکی دیکە، بواری فڕۆکەوانی ڕۆڵێکــی کاریگــەری هەیــە لە گەشەســەندنی ئابووری و وڵاتانی جیهان پشــتی پێدەبەســتن بۆ زیادکردنی داهاتی وڵات، ئەوەش بەهۆی ئەو خواستەی کە بەردەوام لە زیادبووندایە لە بواری فڕۆکەوانی و گەشتی ئاسمانی.

ماوەیەکــە بابەتی بەکرێدانــی فڕۆکەخانەی ســلێمانی لــە میدیاکانــی ناوخۆدا زۆر باســی لێوەدەکرێــت. بــۆ زیاتــر ڕوونبوونــەوەی ئەم بابەتە بە پێویســتم زانی شــیکردنەوەیەکی بۆ بکــەم. بەکرێدانی فڕۆکەخانە یاخود بە کەرتی تایبەتکــردن (Airport Privatization — Airport lease) لە هەموو جیهاندا هەیە و زۆر لە وڵاتان لە هەوڵی ئەم کارەدان، بەڵام شــێواز و چۆنیەتــی مامەڵەکان زۆر جیاوازن لەوەی لە کوردستان دەکرێت.

مێژووی بەکرێدانی فڕۆکەخانە دەگەڕێتەوە بۆ ســاڵی 1987 کاتێک بــۆ یەکەمجار لە جیهاندا حکومەتی بەریتانیــا 3 فڕۆکەخانەی بەکرێ دا بە کۆمپانیای تایبەت. پاش دەرکەوتنی ئەنجامە بەراییە ســەرکەوتووەکان لەم 3 فڕۆکەخانەیە، وڵاتانی دیکەش لە ئەورووپا دەســتیان کرد بەم کارە و دواتــر لە هەموو جیهاندا بڵاوبووەوە. بە شــێوەیەکی گشــتی بەکرێدانی فڕۆکەخانە دوو جۆری هەیە:

1 – بەکرێدانــی بەشــێک (Partial Privatization) : هەندێک فڕۆکەخانە بەشێک یان زیاتری فڕۆکەخانە بە تایبەتی لەو بوارانەی وەبەرهێنانیان تێدا دەکرێت، بەکرێ دەدەن. زۆر لــە فڕۆکەخانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت ئەم شێوازە پەیڕەو دەکەن، ئەوەش لەکاتێکدایە کە ئەم فڕۆکەخانانە نایانەوێت بەشەکانی ئاسایش و تــاوەر بدەنــە کۆمپانیــا لەبەر هەســتیاریی بەشەکان.

2- بەکرێدانی تێکڕای فڕۆکەخانە بە هەموو بەشــەکانیەوە ( Full Privatization or Long-Term Lease) : لەم جۆرە مامەڵەیەدا، حکومــەت (یــان دەســەڵاتی فڕۆکەوانــی) وەبەرهێنــان لە تێکڕای فڕۆکەخانەدا دەکات بە شــێوەیەک هیچ دەسەڵاتی بەسەر فڕۆکەخانەدا نامێنــێ و بە هەموو بــەش و کەلوپەلەکانیەوە ڕادەستی کۆمپانیای تایبەتمەندی دەکات.

کاتێک حکومەت یــان فڕۆکەخانە دەیەوێت فڕۆکەخانە بەکرێ بــدات، دەبێت زۆر ئاگاداری گرێبەســت بێت کەوا بەشێکی هەستیاری ئەم جۆرە مامەڵەیەیە، چونکە تا ئێستاش هەندێک فڕۆکەخانە بەدەست کەموکورپیی ئەم مامەڵەیەوە دەناڵێنن، بە تایبەتی بەکرێدانی فڕۆکەخانە بۆ مــاوەی درێژخایەن، بۆ نموونە لە فڕۆکەخانەی ســیدنی لە ئوســترالیا، حکومەت بە بڕی 2.2 بلیــۆن دۆلار زەرەرمەندبــوو لــە بەکرێدانــی فڕۆکەخانەکە لە نێوان ساڵانی 2004- 2010. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێت لەم کارەدا، ئەویش ئەوەیە کــەوا زیاتــر فڕۆکەخانەکان بەکــرێ دەدات بە کۆمپانیاکانــی هێڵــی ئاســمانی (Airlines)، لەگەڵ ئەمەشــدا ئەم جــۆرە مامەڵەیە زۆر باو نییە بەهۆی چەند بڕیارێکی تایبەت بە گومرگ ( Tax) کەوا پێویســتە لەدەســەڵاتی گشــتی فیدراڵیــدا گۆڕانکاری بکرێت ، ئەمەش ئاســان نییە.



## هۆیەکانی بەکرێدان:

1- کاتێــک فڕۆکەخانەیــەک فراوانبوونێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت و حکومەت توانای دابینکردنی بودجەی پێویستی نەبێت.

2- زیاترکردنــی داهــات ، باشــترکردنی بەڕێوەبردن و توانایی و چاککردنی بەرهەمداری (Productivity). بۆ نموونە فڕۆکەخانەی شاری مەدینە لە سعودیە، پاش هەوڵێکی زۆر لەلایەن حکومەتەوە بۆ بە جیهانیکردنی فڕۆکەخانەکە و گەورەکردنی تێرمیناڵ بۆ ئەوەی بتوانێت لەکاتی حەجکردن گەشــتیاران ڕاســتەوخۆ بگوازێتەوە لــە مەدینــەوە بۆ مەککە یان لــە هەر وڵاتێکی ترەوە کە گەشــتیاران بتوانن ڕاستەوخۆ بگەنە شــاری مەدینە، بەڵام حکومــەت لەم هەوڵەیدا ســەرکەوتوو نەبــوو، بۆیە بڕیــاری بەکرێدانی درا. پــاش ڕادەســتکردنی فڕۆکەخانەکــە بــۆ کۆمپانیایەکــی تایبەتی جیهانی، فڕۆکەخانەکە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی و توانرا لە ماوەی تەنها هەشت مانگدا جموجۆڵی فڕۆکە (Traffic Movement) بــۆ 29% زیاد بکرێت، زیادبوونی داهات، دروســتکردنی تێرمیناڵێکی نــوێ زۆر بەخێرایــی و هەروەها باشــترکردنی خزمەتگوزارییەکان.

3- پێشــبرکێ لەگــەڵ فڕۆکەخانەکانــی دەوروبەر بەتایبەت لە وڵاتانی دراوسێ.

## قۆناغەکان:

1- دانانی پلانێکی چڕوپڕ لەگەڵ بیرکردنەوە لە مامەڵەی دروســت، بەتایبەتی بەســتنەوەی مەرجەکان بە ســتاندەری جیهانــی فڕۆکەوانی ( ICAO) و هەروەهــا بڕیــاری دروســت لــە هەڵبژاردنی جۆر و چۆنێتی بەکرێدان.

2- پرۆســەی مەزادکردن (Bid process): بانگهێشتکردنی ئاشکرا بۆ کۆمپانیای جیهانی تایبەتمەند کە لەو بوارە کاری ســەرکەوتوویان ئەنجامداوە.

3- ئامادەکردنــی پرۆپۆزاڵــی تەکنیکــی ( Technical Proposal): دیاریکــردن و خەملاندنی هەموو بەشەکانی تەندەر بە تایبەتی توانای وەرگرتنی گەشتیار بۆ تێرمیناڵ و توانای فڕگە (Runway) بۆ جۆرەکانی فڕۆکە و هەموو ئەو سیستەمانەی لە فڕۆکەخانەکان بەکاردێن.

4- دڵنیابوون لە ســەرچاوەی دارایی پرۆژە ( Project Finance): بــۆ دووربــوون لــە کێشەی قەیرانی دارایی کۆمپانیا و دابینکردنی سەرچاوەیەکی دارایی بەهێز.

5 – خســتنە کار (Operational): ڕادەستکردنی پرۆژە بۆ کۆمپانیای سەرکەوتوو لە تەندەر یان مەزاد.

6- چاودێریــی بــەردەوام لــە پــرۆژە و دەرئەنجام.

بۆیە بەکرێدانی فڕۆکەخانە بەشێوەی بەشی یا تێکڕای فڕۆکەخانە کارێکی ئاساییە بەمەرجێک ئەگەر پرۆسەکە بە قۆناغەکاندا تێپەڕێت و پشت ببەسترێت بە ســتاندەری جیهانی (ICAO) و بەشــێوەیەکی ڕوون و ئاشــکرا کارەکە ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بە وڵات بکرێت و لە بەرژەوەندیی گشتی دەرنەچێت.

***قوتابی ماستەر لە بەڕێوەبردنی فڕۆکەوانی- ئەمریکا**

# "پرۆژەی عەلوەی هەولێر بە بڕیاری دادگا ڕاگیراوە"



هەفتەنامــەی (ڕووداو) لــە ژمــارە 344ی ڕۆژی 2015/1/26 ڕاپۆرتێکــی بەناونیشــانی "بــە زەبری هێز پرۆژەیەکــی وەبەرهێنــان ڕادەگــرن" بڵاوکــردەوە کــە دەربــارەی پــرۆژەی عەلــوەی هاوچەرخــە لــە هەولێر، بەڵام ئێمــە لێــرەوە ڕایدەگەیەنین، ســەرلەبەری ئــەو قســە و زانیاریانــەی لــەو ڕاپۆرتــەدا هاتوون ڕاســت نیــن، بەڵکو ڕاپۆرتێکی چەواشــەکارییە و لەلایــەن ئــەو وەبەرهێنەرانە دەردەچــێ کــە ماڵــی خەڵــک دەخــۆن. لێــرەدا ڕاستییەکانتان خاڵ بە خاڵ بۆ ڕوون دەکەینەوە.

1- ئەو کۆمپانیایە تاوەکو ئێســتا هیــچ گرێبەســتێکی لەگــەڵ هیــچ کۆمپانیایەکدا نییــە، ئەو کارانەی کــراون کە پێکدێن لــە (192 عەلــوە، 40 بــەڕاد و ئاو و ئــاوەڕۆ) تەنیــا لەلایــەن کۆمپانیــای ڕەســەنەوە جێبەجــێ کــراون کــە بە گوێرەی ڕاپۆرتــی (خەبیر قەزائی) بە بــڕی 13 ملیــۆن و 835 هەزار و 592 دۆلار جێگیــر کــراوە. لــەو پارەیــەش کۆمپانیای ڕەســەن تەنیــا 6 ملیۆن و 220 هەزار دۆلاری وەرگرتووە، ماوەی ساڵێکشــە بڕی 7 ملیۆن و 615 هەزار دۆلاری لەلا ماوە و نایدەن، کەچی بایی 32 ملیــۆن دۆلار عەلــوە و بەڕاددیــان بە خەڵک فرۆشتووە، کەسیش نازانێت پارەکەیــان بۆ کــوێ بــردووە، هەموو کارەکەش کۆمپانیای ڕەسەن بە پارەی خۆی جێبەجێی کردووە.

2- دۆســیەکە مــاوەی ســاڵێکە لە دادگایــە، دادگای تەمیــز کارەکانــی ڕاگرتــووە، بــە بڕیاری تەمیــزی ژمارە (25/ت ق م/2014) کــە لــە ڕۆژی 2014/6/30 دەرچووە، لەبارەی داوای ژمارە (22/ا ژ ن/ب2014/5).

3- هیچ چەکدارێک لە نێو پرۆژەکەدا نییــە، تەنیــا 4 پاســەوانی فەرمی کە کۆمپانیای (ئەمنی)ن و بۆ پاسەوانیی کارەکان و کەلوپەلــی پــرۆژەکان کــە بایی 500 هەزار دۆلارە، لەوێن.

لــەم نزیکانــەش بڕیــاری دادگا دەردەچێــت کە 7 ملیۆن و 615 هەزار دۆلار قــەرزارن و دەبێت بیدەن، ئینجا کارەکە دەستپێدەکاتەوە.

4- لەو 4 گرێبەستەش 3 گرێبەست (100%) تــەواو بــووە و تەنیا بایی 2 ملیــۆن و 800 هــەزار دۆلار ماوە تەواو ببێــت، ئەگەر مافی ئێمە بــدەن، ئەوا ئەویش بەزووتریــن کات تەواو دەکەین بە گوێرەی مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی.


5- پرۆژەکــە تەنیــا 50%ی هــی ئەوانــە، 50%ەکــەی دیکــەی بەنــاوی جەوهــەر خــدر عەزیــزە کــە ماڵــی ئەویشــیان خواردووە و ئەویش ئێســتا دۆسیەکەی لە دادگایە.

6- ئێمە ئامادەیــن بە ئامادەبوونی هەردوولامــان دۆســیەکە لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت، با یاسا ســەروەر بێت لە بڕیاردان، چونکە بڕیاری کۆتایی لەلای دادگایە.

**پارێزەر فەرمان حەسەن حاجی**
**ڕاوێژکاری یاسایی کۆمپانیای ڕەسەن**

رووداو
هەمەجۆر
ژمارە (345) دووشەممە 2015/2/2

## نەجمەی غولامی باسی خۆی دەکات



**رووداو- هەولێر**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ نەجمەدین غولامی دوو سروود بەرهەم دێنێت کە یەکێکیان لەسەر کچانی کۆبانێیە و ئەوەی دیکەشیان باسی خەباتی پێشمەرگایەتی خۆی دەکات. نەجمەی غولامی بە (رووداو)ی گوت "دوو سروودم تۆمار کردووە و بەم نزیکانە کلیپیان بۆ دەکەم، بەرهەمێکیان لەسەر ژنە شەڕڤانەکانی کۆبانێیە، بەرهەمەکەی دیکەشم بەناوی پێشمەرگەیە". بەرهەمی کچی کۆبانی لە تێکستی ناسر حوسامییە و لە ئاوازی نەجمەی غولامییە، تێکستی گۆرانی پێشمەرگەش ئیسماعیل خورماڵی نووسیویەتی کە باسی خەباتی چەند ساڵەی پێشمەرگایەتی نەجمەی غولامی دەکات.



# پەرواز و گۆران دەرمان کۆدەکەنەوە

**رووداو- هەولێر**

خانمە گۆرانیبێژی کورد پەرواز حوسێن رەتیکردەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی کۆنسێرت سەفەری دەرەوەی کوردستانی کردبێت و دەڵێت لەگەڵ گۆرانی هاوسەرم چووبووین دەرمان بۆ پێشمەرگە و ئاوارەکان کۆبکەینەوە.

پەرواز حوسێن بە (رووداو)ی گوت "لە چەند رۆژی رابردوودا گەشتێکم بەرەو چەند وڵاتێکی ئەورووپی کرد بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێکی خێرخوازی، ئەویش کۆکردنەوەی دەرمان بوو بۆ ئەو ئاوارانەی کە لە کوردستان نیشتەجێن و بەر لە گەشتەکەشم گۆران ساڵحی هاوسەرم لەگەڵ وەزیری تەندروستی قسەی لەو بارەیەوە کردووە و وەزیری تەندروستیش پێی کارێکی زۆر باش بوو".

گۆران ساڵح کە هاوسەفەری پەرواز بووە، گوتی "داو و دەرمانێکی باشمان کۆکردووەتەوە، چاوەڕێی ئەوەین هاوکاری بکرێین بۆ گواستنەوەی دەرمانەکان".

# حەمید سەنگەر چۆڵ ناکات



**رووداو- هەولێر**

هونەرمەندی گەنج حەمید عوسمان کۆتایی بە کارەکانی گۆرانییەک هێنا کە بۆ پێشمەرگەی گوتووە.

ئەو هونەرمەندە کە ئێستا بە سەردانێک لە دەرەوەی کوردستانە، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (رووداو)ی راگەیاند "خەریکی بەرهەمێک بووم بەناوی (سەنگەری خۆم بۆ کەس چۆڵ ناکەم)، کارەکانی تەواو بووە و بەم نزیکانە دەگەڕێمەوە کوردستان و کلیپی بۆ دەکەم".

ئەم گۆرانییە لە تێکستی ئیسماعیل محەممەدە، ئاوازەکەی لەلایەن بورهان موفتی زادەوە دانراوە و بڕیار فەتاح کاری وێنەگرتن و مۆنتاژ و دەرهێنانی بۆ دەکات.

حەمید عوسمان لە ماوەی رابردوودا گۆرانی هۆ کاکی پێشمەرگەی بە شێوازێکی نوێ گوتەوە، بەڵام لەلایەن کەسوکاری هونەرمەندی کۆچکردوو محەممەد جەزاوە رووبەڕووی رەخنە بووەوە. حەمید لەو بارەیەوە دەڵێت "هەموو ئەو بەرهەمانەی لە ماوەی رابردوودا نوێم کردوونەتەوە، پێشوازییەکی گەرمیان لێکراوە، چونکە هیچیانم نەشێواندووە".

# هەژان وازی نەهێناوە



**رێکەوت سەلام**
**رووداو- هەولێر**

کچە ئەکتەر هەژان هێرش رەتیدەکاتەوە کە وازی لە کاری نواندن هێنابێت.

ئەو ئەکتەرەی بواری دراما و شانۆ سەبارەت بە دەرنەکەوتنی لە دراماکاندا گوتی کە هۆیەکەی بۆ سەرقاڵیی خۆی بە ژیانەوە دەگەڕێتەوە.

گوتیشی "بارودۆخی ئێستای کوردستان وای لە دەرهێنەران کردووە زۆر بە کەمی کار بکەن، لە کوردستان قەیرانی دارایی هەیە و ئەوەش کاری درامای کەمکردووەتەوە".

هەژان هێرش کە پێشکەشکاری بەرنامەی 3step بوو لە کوردسات، سەبارەت بەدووبارە دەرکەوتنەوەی لەسەر شاشەی تیڤییەکان گوتی "لە زۆر شوێن داوام لێکراوە، بەڵام رەتمکردووەتەوە، ئەگەر کەناڵێکی جیاواز هەبێت بێگومان کاری تێدا دەکەم".

# عەزیز وەیسی دەبێتە خێرخواز



**رێکەوت سەلام**
**رووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ عەزیز وەیسی رایگەیاند داوای مۆڵەتی دامەزراندنی رێکخراوێکی خێرخوازی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کردووە.

عەزیز وەیسی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (رووداو)ی راگەیاند "داوای مۆڵەتم لە کۆماری ئیسلامی کردووە بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی خێرخوازی". گوتیشی رێکخراوەکە ناو دەنێم رێکخراوی خێرخوازیی عەزیز وەیسی.

سەبارەت بە دوا کاری هونەریشی گوتی "خەریکی ئامادەکاریم بۆ نەورۆزی داهاتوو، بە نیازی گەشتێکم بۆ دانیمارک و سوید بەمەبەستی سازکردنی چەند ئاهەنگێک بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە شنگال و کۆبانی، هەوڵیش دەدەم داهاتێکی باش کۆبکەمەوە بۆ ئەو ئاوارانەی روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە".

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

## بەختی رووداو



**کاور**
لەم مانگە نوێیەدا هەست دەکەیت لە گەیشتن بە ئاواتەکەت نزیک دەبیتەوە. ئەو گۆڕانکاریەی تۆ دەتەوێ هەر روودەدات، بەڵام دەبێت دان بەخۆتدا بگری. بۆ ئەوەی لە گرفتەکان بەدووربیت خۆت تێکەڵی کاری خەڵکی دیکە مەکە.

**گا**
پەیوەندییەکانت لەگەڵ بەرپرسی کارەکەت بەرەوباشی دەچێت، کاتی ئەوە نییە ئەوەندە هەستەکانی ناخت لێکبدەیتەوە، چاونەترسانە هەرچی لەناختدا هەیە دەریبڕە و خۆت لەو هەموو ئاڵۆزییە رزگار بکە. کەسەکانی چواردەورت بۆ تاقیدەبێتەوە.

**جمک**
لەگەڵ شوێنە دوورەکان پەیوەندی دروست دەکەن. هەست دەکەن کەسایەتیتان کاریگەر و بەهێزتر دەبێت، بەمەش سەرنجی زیاتری چواردەورەکەتان رادەکێشن. هەنگاوەکانی کارکردن بەرەوپێش دەچن. پشت بەو پرۆژانە مەبەستە کە ئەنجامەکەی پێویستی بەچاوەڕوانی زۆر هەیە.

**قرژاڵ**
رێگا ئاسانەکان تاقیبکەرەوە نەک ئاڵۆزەکان. پەرە بە بیرۆکەکانی رابردوو بدە رەنگە بگەنە ئەنجامێکی باش یان ببنە پرۆژەیەک. کاتێکی باشە بۆئەوەی هەوڵەکانتان لەباری دەرامەت چڕبکەنەوە، بەختیش هاوکارییەکی باشتان دەکات و کارەکانیش ئاسانتر دەبن لەوەی چاوەڕوان دەکرێت.

**شێر**
دوودڵ مەبە لەوەی پێشنیارێک بۆ کەسێک بکەیت کە سوودی هەردوولای تێدا بێت. هەوڵ بدە تەنها بە بابەتە سەرەکیەکانەوە خۆت سەرقاڵ بکەیت، چونکە لەکاتێکی باشدایت. واباشە کاتی زیاتر بەو کارانە ببەخشی کە دەبنە هۆی گۆڕینی داهاتووی ژیانت.

**گوڵەگەنم**
ئەم ماوەیە زۆر چالاک دەبن. ئەو شتانەی لەدەستت چووبوون جارێکی دیکە دێنەوە پێشت، وەکو هەلی سۆزداری و بەختەوەری و کاری نوێ، چواردەورەکەت زیاتر گرنگیت پێدەدەن و تۆش هەوڵ بدە زیاتر تێکەڵ بیت.

**تەرازوو**
کارەکانت وەک شەپۆلی دەریا دێن و دەچن، ئەگەر بەشێوەیەکی باش رێکیان نەخەیت ماندووت دەکەن و دیسان دوادەکەون لە وادەی خۆیان، بەڵام ئێستا فرسەتێکی زێڕینە کار بۆ سەرکەوتن بکەیت و ببیتە جێی سەرنجی چواردەورەکەت.

**دووپشک**
پەلە مەکە نەوەک ئەو بیرۆکەیە بەرەو ئاراستەیەکی هەڵەت ببات. کاتێکی باشە بۆ بەجێهێنانی کارەکانت، بەڵام هەوڵ مەدە چەند کارێک پێکەوە و لەیەک کاتدا بگەیەنیتە ئەنجام. بەڵکو بیریان لێبکەرەوە و پاشان بڕیار بدە.

**کەوان**
هەرچەندی دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی بچێ کاردانەوەی توند مەنوێنە، بەڵکو بەهێمنی پەنا بۆ چارەسەری بەرە. کاتێکی کەمێک قورسە بۆ جێبەجێکردنی کارەکان، بەڵام باشە بۆ خۆئامادەکردن و بەرنامەڕێژیی داهاتوو. هەمیشە دەتوانی پارێزگاری لەو شتانە بکەیت کە پێشتر پێیانەوە ماندوو بووی.

**کارژۆڵە**
کاتی جێبەجێکردنی ئەو کارانەیە کە لەمانگی رابردوو ئامادەکاریت بۆ کردوون. خۆت لە ململانێ و رووبەڕووبوونەوە بپارێزە، بیرکردنەوە و چالاکیت زیاد دەکات، ئەو کارانەی تا ئێستا بەئەنجام نەگەیشتوون فرسەتی ئەنجامدانیان دێتە پێشێ. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێز دەبێتەوە.

**سەتڵ**
بۆ سۆزداری کاتێکی باشە. دەرگاکانی بەختەوەری بەسەرتاندا دەکرێنەوە و گۆڕانکاریەک لە ژیانتاندا روودەدات.کاتی هەنگاوە نوێیەکانە بەڵام دەبێت پشت بەتوانای خۆت ببەستی، لەهەموو شتێک گرنگتر ئەوەیە خێزانەکەت هاوکاریت دەکەن.

**نەهەنگ**
هەواڵەکان و گۆڕانکارییەکان زۆردەبن، رەنگە هەندێکیان دڵخۆشت نەکەن، بەڵام دەروونت ئاسوودە دەبێت کە لە رارایی دوور دەکەویتەوە. پێویستە بڕیارێک یەکلایی بکەیتەوە ئەمەش رێگریت بۆ دروست ناکات، بەڵام بەوردی بیر لەهەموو ئەگەرەکان بکەرەوە.

# شەهێن تاڵەبانی دەگەڕێتەوە سنە



**رێکەوت سەلام**
**رووداو- هەولێر**

هونەرمەند شەهێن تاڵەبانی سەرقاڵی تۆمارکردنی نوێترین بەرهەمی خۆیەتی لە ئێران و دەڵێت بەم بۆنەیەوە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە زێدی خۆی، شاری سنە.

شەهێن تاڵەبانی لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (رووداو)ی راگەیاند "چەند کارێکی هونەریم بە دەستەوەیە و ئێستا کاریان تێدا دەکەم بۆ ئەوەی بۆ پێش نەورۆز ئامادەبن و لە نەورۆزدا بڵاویان بکەمەوە".

تاڵەبانی گوتی "کاری ئەم بەرهەمانەم لە ئێران دەکەم، هەر بەم بۆنەیەوە جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە سنە". گوتیشی "لەوەتەی شاری سنەم جێهێشتووە، ئەوە پێنجەمین جارە دەگەڕێمەوە".

شەهێن تاڵەبانی ئاماژەی بەوەدا کە لە ماوەی رابردوودا لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی کورد ژمارەیەک کۆنسێرتیان لە وڵاتانی ئەورووپا کردووە، داهاتی کۆنسێرتەکانیشیان ناردووەتەوە کوردستان بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان".

# لەشولاری کەیت بەرناکەوێت

**رووداو- ئاژانسەکان**


ئەستێرە ونمایشکاری ئەمەریکی، کەیت ئەپتۆن گەورەترین داواکاری لەسەرە بۆ نمایشکردنی جلوبەرگی وەرزی نوێی کۆمپانیا جیهانییەکان لە بەهاری 2015دا.

بەپێی هەواڵێکی پێگەی SI ی ئەمەریکی کە گرنگی زۆر بە بواری فاشیۆن و نمایشکاری دەدات، کەیت ئەپتۆن زۆرترین داواکری لەسەرە بۆ ئەوەی جلوبەرگی وەرزی بەهاری کۆمپانیاکان بۆ ساڵی 2015 نمایش بکات.

هەر بەپێی هەواڵەکە، ئەپتۆن دەبێتە ئەستێرەی نمایشکارانی بەهاری ئەمساڵ و تاوەکو ئێستا چەندین گرێبەستی واژوو کردووە، بەردەوامیش داواکاری گەورەترین کۆمپانیاکانی جیهانی ئاراستە دەکرێت.



# لۆهان دەدرێتەوە دادگا



**رووداو - ئاژانسەکان**

دادگای تاوانی لۆس ئەنجلس لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دادگاییکردنی ئەستێرەی ئەمەریکی لێندسی لۆهانی دواخست.

لۆهان چەندین جار بەتۆمەتی خراپ لێخوڕینی ئۆتومبێل لە ژێر کاریگەری ماددە هۆشبەرەکان دەستگیرکراوە، چەندین جاریش بە کەیسی جۆراوجۆر لەسەر هەمان بابەت دادگایی کراوە، دوایین تۆمەتیش کە دراوەتە پاڵی خراپ لێخوڕینی ئۆتومبێل بووە لەساڵی 2013دا.

جارێکی دیکەش دادگا لۆهانی تەمەن 28 ساڵ دادگایی دەکات و تۆمەتباری دەکات بە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لە ژێر کاریگەری ماددەی هۆشبەر و پێدانی زانیاری هەڵە بە پۆلیس. بەڵام لۆهان گوتی "من سزای تاوانەکەم تەواو کردووە لە لەندەن، پێویست ناکات جارێکی دیکە دادگایی بکرێمەوە".

# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تورکیا پەراوێز دەخات

ئاسۆ محەممەد
ڕووداو- هەولێر



وێڕای گرنگیی جیۆپۆلیتیکی تورکیا لە شەڕی دژ بە تیرۆردا، بەڵام ڕۆژئاوا بە گشتی و ئەورووپا بە تایبەتی، تورکیای لە شەڕەکەدا پەراوێز خستووە، ئاسان نییە بڵێی تورکیا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا گۆشەگیرکراوە، بەڵام دوودڵی ناوێت ئەگەر بگوترێ تورکیا پەراوێزخراوە. بەڵگەش بۆ پەراوێزخستنی تورکیا بانگهێشتنەکردنیەتی بۆ کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان.

ڕۆژی 12ی ئەم مانگە لە برۆکسل کۆبوونەوەیەکی نێودەوڵەتی دەبەسترێ کە تورکیای بۆ بانگهێشت نەکراوە، بەهەمانشێوە ڕۆژی 18ی ئەم مانگە لە واشنتن کۆبوونەوەی لوتکەی دژ بە تیرۆر دەبەسترێ و تاوەکو ئێستا تورکیا بانگهێشت نەکراوە.

بەشدارنەکردنی تورکیا لەم کۆبوونەوانە، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆئەوەی کە ڕۆژئاوا متمانەی بە تورکیا نەماوە، لانیکەم لە شەڕی دژ بە تیرۆردا.

لەدوای هێرشەکانی سەر هەفتەنامەی چارلی ئیبدۆ، جارێکی دیکە گرنگیی هەماهەنگیی هەواڵگری لە نێوان وڵاتان بووە سەرەکیترین بابەتی گفتوگۆ. تورکیا لەم نێوەندەدا بەهۆی هاوسنووریی لەگەڵ سووریا و داعش و عێراق، دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت، بەڵام بۆچی ئەنکەرە بانگهێشتی ئەو کۆبوونەوانە ناکرێت.

ڕای گشتی تورکیا لەبارەی پرسی ئامادەنەبوونی تورکیا لە کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا تێڕوانینی جیاواز دەخەنەڕوو. هەندێک ڕەخنە لە حکومەتەکەی ئەردۆغان دەگرن و هەندێکی دیکە تۆپەکە فڕێدەدەنە یاریگای ئەورووپییەکانەوە، بۆ نموونە ڕۆژنامەی تودەی زەمان لە یەکێک لە مانشێتەکانیدا دەنووسێت بۆچی تورکیا لە کۆبوونەوەکاندا غائیبە؟ لە بەرامبەردا ڕۆژنامەی حوریەت هەمان پرس بەشێوەیەکی دیکە دەخاتە ڕوو بە ناونیشانی "نابێت تورکیا لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆر دووربخرێتەوە".

فەتحی ئاشکیل، پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی ئەنکەرە پێیوایە بە جددی ڕۆژئاوا متمانەی بە تورکیا نەماوە، بۆ ئەمەش ڕۆژئاوا پاساوی خۆی هەیە، یەکەم تورکیا وەکو پێویست هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا ناکات. دووەم: حکومەتی تورکیا و بەتایبەتی پارتی دادوگەشەپێدان، لەگەڵ بەرەی نوسرە و چەند لایەنێکی دیکە پەیوەندی هەیە، چەکدار و سەرکردەکانی بەرەی نووسرە لە زۆربەی شارەکانی تورکیا مەشقیان پێکراوە، تورکیا هاوکاری لۆجستیان دەکات، نەخۆشخانەکانی تورکیا بۆ سەرکردەکانی بەرەی نوسرە کراوەن.

هەروەها چەکدارانی داعش سوود لە تورکیا وەردەگرن بۆ هێرشکردنە سەر سوپای سووریا.

ئەمەش بووەتە مایەی نیگەرانیی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا، بەڵام ئاشکیل پێیوایە کە تورکیا هێشتا بە تەواوەتی لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆر دوورنەخراوەتەوە.

مەنسور ئاکون، بەڕێوەبەری ناوەندی نێودەوڵەتی زانکۆی ئیستەنبوڵ پێیوایە ئەم بابەتە پەیوەندی بە دانوستاندنی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا هەیە. ئەورووپا لەبەر فشاری ڕای گشتی ئامادە نییە لەگەڵ تورکیا گفتوگۆ لەسەر ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیەکەدا بکات، تورکیاش دەیەوێت فشار لەسەر یەکێتی ئەورووپا دروست بکات. بە بۆچوونی ئاکۆن، ئەورووپا بژارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە جگە لەوەی کە دەبێت لەگەڵ تورکیا هەماهەنگی بکات.

لە ئاستی نێوخۆدا ڕەوشی مافی مرۆڤ و ئازادیی ڕادەبڕین لە تورکیا، بووەتە بابەتی ڕەخنەگرتن. دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕەخنەی توند لە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی تورکیا و حکومەتی ئاکەپە دەگرن. هەفتەی ڕابردوو ڕێکخراوی (Freedom House) و ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ ڕەخنەیان لە تورکیا گرت و دوو ڕاپۆرتی جیاوازیان سەبارەت بە تورکیا بڵاوکردەوە.

لە ڕاپۆرتەکەی (Freedom House) دا سەبارەت بە ئازادییەکان لە تورکیا، ئاماژە بەوە کراوە کە: "تورکیا لەڕووی مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی، شەفافیەت و ئازادییەکانەوە بە ئاراستەیەکی خراپدا دەڕوات".

مارک لاگۆن، سەرۆکی فریدەم هاوس لەوبارەوە ڕایگەیاند "ساڵی ڕابردوو تورکیا لەڕووی ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە پاشەکشێی زۆری کردووە".

لاگۆن هەروەها گوتی "زۆرترین نیگەرانیی ئێمە لەوەیە کە ڕۆژنامەنووسان دەستگیر بکرێن جا بە هەر بیانوویەک بێت، ئەگەر حکومەت بیەوێ شکست بە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بهێنێ و بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژنامەنووسان دەستگیر بکات، کەواتە کێشەیەکی گەورە لە ڕەوشی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤدا هەیە".

هاوکات ئارچ پودینگتن، یاریدەدەری بەشی لێکۆڵینەوە لە فریدەم هاوس گوتی "زۆر نیگەرانین لەو پاشەکشێیەی کە تورکیا بەخۆیەوە دەبینێت".

پودینگتن کە ڕاپۆرتەکەی ئامادە کردووە، دەڵێ "ئەو پاشەکشێیە پێنج ساڵ بەر لە ئێستا دەستی پێکردووە، کاتێک لەگەڵ دۆسیەی ئەرگەنەکۆن ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەنووس دەستگیرکران، ئەم هەڵوێستە بەرامبەر میدیای ئازاد لە تورکیا تاوەکو ئێستا بەردەوامە، ئەمەش هۆکارە سەرەکییەکەی داکشانی دیموکراسیەتە لە تورکیا".

ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤیش لە ڕاپۆرتی ساڵانەیدا ڕەخنەی توندی لە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە تورکیا گرت. ڕاپۆرتەکە کە لە 650 لاپەڕە پێکهاتووە، ڕەخنە لە 90 وڵاتی جیهان دەگرێت، 8 لاپەڕەی ڕاپۆرتەکە تایبەتە بە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە تورکیا.

لە ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە "پارتی دادوگەشەپێدان بە سەرۆکایەتی ئەردۆغان کە لە مانگی ئابی 2014 بە سەرۆک کۆماری تورکیا هەڵبژێردرا، چەند هەنگاوێکی ناوە کە مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا کاڵ دەکاتەوە".

لە ڕاپۆرتەکەدا فۆرمەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە تورکیا خراونەتەڕوو، لەوانە بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ڕادەربڕین و گرتنی کورد بەبێ فەرمانی دادگا و تەنانەت کوشتنیان، هەروەها دەستێوەردان لە کاروباری دادگا.

پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دژ بە کوردی باکوور بەشێکە لە ڕەخنەکانی ڕێکخراوەکە. لە لاپەڕە 551ی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە داخستنی کەیسی کارەساتی ڕۆبۆسکی کرا کە سوپای تورکیا 34 گوندنشینی لە بۆردومانێکدا کوشت، ئەمە وەکو بەڵگەیەک خراوەتەڕوو کە دەوڵەت دەست لە کاروباری دادگا وەردەدات.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ سەدان هاووڵاتی باکووری کوردستان لە ساڵی ڕابردوودا لەلایەن پۆلیس و دەزگای هەواڵگرییەوە بەبێ بوونی هیچ فەرمانێکی دادگا دەستگیرکراون، ژمارەیەکی دیکەش بەشێوازی جۆراوجۆر لەلایەن دەوڵەتەوە کوژراون.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "کوشتنی نایاسایی کۆسپێکی گەورەیە لەبەردەم دادوەری، چەندین دۆسیە داخراون بێ ئەوەی هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان تێدا بکرێت".

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە پێشێلکارییەکانی دەزگای هەواڵگریی تورکیاش دەکات دژ بە مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەتیش لەسەر ئەوە ڕادەوەستێ کە لە مانگی ئەپریلی ڕابردوودا حکومەتی تورکیا یاسایەکی تێپەڕاندووە بۆ دانانی پارێزبەندیی یاسایی لەسەر ئەندامانی دەزگای هەواڵگریی تورکیا کە بە میت ناسراوە. ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات ئەم هەنگاوە ڕێگری دەکات لەوەی ئەندامانی دەزگاکە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، بۆیە دەستکراوە دەبن لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ.

بەکورتی تورکیا لە ئاستی نێودەوڵەتی متمانەی وڵاتانی ئەورووپا و تەنانەت ئەمریکای لە دەستداوە، لە ئاستی نێوخۆدا بەهۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا و لێدان لە بنەماکانی دیموکراسیەت، دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕەخنە لە تورکیا دەگرن.

---

## کۆنگرێسمانێکی ئەمریکی:

# نیگەرانم لە خیانەتی ئەمریکا بەرامبەر کورد

یەریڤان سەعید
ڕووداو- بۆستن



لە ڕەخنەیەکی توندیدا لە ئیدارەی ئۆباما، کۆنگرێسمانێکی ئەمریکا دەڵێت داوەتنەکردنی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبوونەوەکەی لەندەن کە 21 دەوڵەتی بەشدار لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لە دژی داعش تێیدا بەشداربوون مایەی بێزارییەکی گەورەیە لەو کەمتەرخەمییەی ئەمریکا.

دانا ڕۆراباچەر، کۆنگرێسمانی سەر بە کۆمارییەکان لە گوتەیەکیدا ڕەخنە لە هەردوو کۆشکی سپی و یەکێتی ئەورووپا دەگرێت و دەڵێ "سەربەخۆیی کورد" باشترین پارێزگارییە لەوان.

ڕۆراباچەر کە نوێنەرایەتی کالیفۆرنیا دەکات لە کۆنگرێسی ئەمریکادا، دەڵێت "بەشدارنەکردنی کوردستان لە کۆبوونەوەکەی لەندەن کە بۆ گفتوگۆی هەڕەشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بەسترابوو، یەکێکە لە بێزارکەرترین کەمتەرخەمیەکانی ئەمریکا لە مێژووی هاوچەرخی دیپلۆماسی ئەمریکادا".

ئەو کۆنگرێسمانە کە هەروەها سەرۆکی لقێکی لیژنەی کۆنگرێس بۆ کاروباری ئەورووپا-ئۆراسیایە، هاوڕێیەکی لە مێژینەی کوردە و چەندینجار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە لە چەند ساڵی ڕابردوودا.

پاش دوا سەردانی لە مانگی کانوونی یەکەمی ڕابردوودا، داوای کرد کە کوردستان وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانی پێدا بنرێت و گوتی "لە مێژە کاتی ئەوە هاتووە دان بە کورددا بنێین وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ، نەک وەکو چەند پارێزگایەکی ژێر دەسەڵاتی عێراق".

بە ئاماژەدان بە کۆبوونەوەکەی لەندەن، ڕۆرا باچەر ڕایگەیاند "دیپلۆماتەکان پشتیان لەم خەڵکە ئازایە کرد. گوایە ئەو کۆبوونەوەیە بۆ ئەوە بوو کە ستراتیژێک بۆ ڕێگەگرتن لە توندڕەوەکانی داعش دابڕێژرێ، کەچی ئەو کۆبوونەوەیە ڕۆڵی کوردی لەبەرچاو نەگرت کە پێشانیاندا دەتوانن ڕێگری لە داعش بکەن. بەڵام ئەوەشی پێشان دا کە دڵنیاترین ڕێگە بۆ ئاسایشی کورد، سەربەخۆییە".

ئەو هەروەها گوتی کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەیتوانی هاوپەیمانەکان قایل بکات بەوەی ڕێگە بدەن نوێنەرێکی کورد لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بێت.

"ئەم هەرێمەی عێراق کە بە کوردستان ناسراوە، زۆر لە مێژە لەلایەن بەغداوە سووکایەتی پێدەکرێت، کارێکی زۆر ناڕەوایە بۆ سەرکردایەتی ئیدارەی ئۆباما کە ڕێگە بە حکومەتی عێراقی دەدات بەو شێوە لووتبەرز و خراپە مامەڵە لەگەڵ کورد بکات" کۆنگرێسمانەکەی کالیفۆرنیا وا دەڵێت.

گوتیشی "ئاشکرایە وەزارەتی دەرەوە دەیتوانی فشاری خۆی بەکاربهێنێت تا ئەندامە ئەورووپییەکانی کۆبوونەوەکە قایل بکات کە کورد ڕۆڵی ڕەوای خۆیان لە هێنانەکایەی ئاشتی لەو ناوچە پڕ لە کێشەیەدا بگێڕن".

ڕۆژی 21ی کانوونی دووەم نوێنەرانی 21 دەوڵەت لە لەندەن کۆبوونەوە تاوەکو جەخت بکەنە سەر پابەندبوونیان بە لەناوبردنی داعش. کورد کە خۆی وەکو جێ متمانەترین هاوپەیمانی گۆڕەپانی شەڕی دژی داعش سەلماندووە، بۆ کۆبوونەوەکە داوەت نەکران. هەربۆیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا نیگەرانیی کوردی لەو ڕەفتارە ڕاگەیاند.

لە وتەکەیدا ڕۆراباچەر هەمان نیگەرانیی بارزانی دەربڕی و ڕایگەیاند "هەمان نائومێدیی سەرۆکی کورد سەرۆک بارزانیم هەیە بەرامبەر ئەو ناژیرە دیپلۆماتانەی کە لە کۆبوونەوەکەدا بەشداریان نەکرد".

باچەر گوتیشی کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پێویستە وەڵامی پرسیاری ئەو بەشدارییەی وەزارەتی دەرەوە بداتەوە لەم فیاسکۆ دیپلۆماتییەدا.

لە بەشێکی دیکەی گوتەکانیدا، گوتی کە واشنتن پێویستە ڕاستەوخۆ هاوکاری سەربازی ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، نەک لە ڕێگەی بەغداوە کە بووەتە هۆی دواکەوتنی گەیشتنی هاوکارییە سەربازی و مرۆییەکان بە هەرێمی کوردستان.

"هیچ نەبێت دەبێت هاوکاری ئەمریکا ڕاستەوخۆ ڕادەستی کورد بکرێت، نەک سنووردار بکرێت بەوەی کە دەبێ بە بەغدادا بڕوات".

ڕۆراباچەر هێرش دەکاتە سەر ئیدارەی ئۆباما و دەڵێت "نەبوونی ناوی کورد لە لیستی بانگهێشتکراواندا خیانەتێکی دیکەیە کە ئەمریکا لە هاوڕێکانی دەکات، ئەمەش تەنیا لاوازکردنی هەوڵەکانی شەڕی تیرۆریزمی ئیسلامی لێدەکەوێتەوە".

ئەو هەروەها سوپاسگوزاری خۆی بەرامبەر کوردستان و سەرکردایەتی کورد دەربڕی کە سنوورەکانی کوردستانیان بەڕووی یەک ملیۆن ئاوارەدا کردووەتەوە، بەبێ جیاوازی ئاینی و مەزهەبی.

"چەند هەفتەیەک لەمەوبەر بۆ خۆم بینیم، کورد سەرەڕای هەموو ئەوانەی کە بەرامبەریان دەکرێت و سەرەڕای کەم توانایی داراییان، پەناگەیان بۆ هەزارەها کریستیان دابین کردووە کە لەلایەن ئیسلامییە تیرۆریستیەکانەوە لە نیشتیمانی دێرینی خۆیان وەدەرنراون".

# کوردستان سیستمی تەندروستیی ئوردن دەکاتە مۆدێل

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

بە ئوردنیکردنی سیستمی تەندروستیی کوردستان، ئەگەر نەشبووبێتە باسوخواسی هاووڵاتیان، ئەوا بابەتی گەرمی نێو پزیشکان و کارمەندانی تەندروستییە. زەقبوونەوەی ئەم بابەتەش لەدوای سەردانێکی چەند ڕۆژەی د.ڕێکەوت حەمەڕەشید وەزیری تەندروستی هات بۆ ئوردن کە پەیامی نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە گەیاند بۆ گۆڕینی سیستمی تەندروستیی کوردستان. جگە لەوەش چەند یاداشتێکی لێکگەیشتن لەنێوان وەزارەتی تەندروستی هەردوولا واژۆ کران. دەگوترێ هەردوولا گرێبەستێکی سێ ساڵەیان واژۆ کردووە بۆ چاکسازی لە سیستمی تەندروستیی کوردستاندا.

## بەهێزیی سیستمەکەی ئوردن لەچیدایە؟

بەراورد بە عێراق، سیستمی تەندروستیی ئوردن چەند خاڵێکی بەهێزی هەیە وەکو:

- جیاکردنەوەی تەواوەتی کەرتی گشتی و تایبەت.
- دابینکردنی ڕێژەیەکی بەرچاوی بودجە بۆ کەرتی تەندروستی.
- پێشکەوتوویی کەرتە تایبەتەکەی، کە توانیویەتی گەشتیاریی پزیشکیی ئوردن ببووژێنێتەوە و بیکاتە سەرچاوەیەک بۆ داهاتی وڵات، ساڵانە ملیارێک دۆلار لەم ڕێگایەوە پەیدا دەکات.
- دابینکردنی بیمەی تەندروستی بۆ 70%ی دانیشتووان.
- لە ڕیزبەندی کواڵیتیی خزمەتە تەندروستییەکاندا لەنێوان 191 وڵاتدا، ئوردن پلەی 83ی وەرگرتووە، لەکاتێکدا عێراق لە 103 دایە.
- لە ئوردن 10 هەزار کەس 26 پزیشکیان بەردەکەوێت، بەڵام لە عێراق 10 هەزار کەس 6 پزیشکیان بەردەکەوێت.



وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی تەندروستی ئوردن یاداشتی لێکتێگەیشتن واژۆ دەکەن

## خاڵە لاوازەکانی تەندروستی لە ئوردن

دکتۆر گۆران عەبدوڵڵا پسپۆڕ لەبواری سیاسەتی تەندروستی، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) دەڵێت: "سیستمی تەندروستیی ئوردن بەوە جیا دەکرێتەوە کە تێچوویەکی زۆر و بەرهەمێکی کەمی هەیە، سەرەڕای ئەو پارە زۆرەی لە تەندروستییەکەی خەرجی دەکات، ئوردن لەڕووی ڕێژەی جگەرەکێشان و بەرزیی فشاری خوێن و قەڵەوی و چەندین ئاماژەی تەندروستی دیکەوە، تەنانەت لەدوای عێراقیشەوەیە".

هەر بەپێی زانیارییەکانی د.گۆران، 28%ی پارەی دابینکراو بۆ کەرتی تەندروستی لە ئوردن لەسەر شانی هاووڵاتییە. وەک ئەو باسی دەکات، بۆ وڵاتێک کە خاوەن سامانێکی سروشتیی ئەوتۆ نییە، ڕەنگە ئەمە تاڕادەیەک گونجاوبێت، بەڵام کوردستان کە خاوەنی جۆرەها سامانی سروشتییە، نادادپەروەرییە ئەو فشارە بخرێتە سەر شانی هاووڵاتی.

هەروەها د.سەروەر عارف چاودێری تەندروستیی چەند خاڵێکی دیکەی لاوازیی سیستمی تەندروستی لە ئوردن دەخاتەڕوو:

- نەبوونی بیمە بۆ ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی هەژار کە دەگەنە 30%ی دانیشتووان.
- خراپیی کۆنترۆڵی خۆراک.
- قەرەباڵخیی نەخۆشخانە حکومییەکان.
- گرانیی نرخی دەرمان.

## "دەبێت دەستووری بۆ هەموار بکرێت"

سیستمی تەندروستی لە سیستمە ئاڵۆز و گرانبەهاکانە، بەجۆرێک لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا 17%ی بودجەی وڵات بۆ کەرتی تەندروستی دابینکراوە، بۆیە چاککردن و گۆڕینی سیستمیش پارەیەکی بەرچاوی دەوێت کە ڕەنگە لەم قەیرانە داراییەی عێراقدا ئەستەم بێت.

بۆ نموونە کوردستان ئەگەر بیەوێت سیستمی تەندروستیی ئوردن پەیڕەو بکات (بە هەموو خاڵە لاوازەکانیشیەوە) دەبێت سەرەتا لە بودجەوە دەستپێبکات. چونکە ئوردن 9.8%ی بودجەکەی بۆ تەندروستی تەرخان کردووە، لەکاتێکدا عێراق تەنیا 3.6%ی بودجەی بۆ تەندروستی تەرخان کردووە.

د.سەروەر عارف دەڵێت "گۆڕینی سیستمی تەندروستی تەنانەت هەموارکردنەوەی دەستووری عێراقیشی دەوێت، چونکە لەو دەستوورەدا خزمەتی تەندروستی بە خۆڕایی بۆ هاووڵاتی بەڕەوا بینراوە و بە ئەرکی دەوڵەت هەژمارکراوە دابینی بکات. لەکاتێکدا سیستمی تەندروستیی ئوردن گرنگییەکی بەرچاو بە کەرتی تایبەت دەدات لەسەر حیسابی کەرتی گشتی و بەشێکی زۆری خزمەتە تەندروستییەکان لەسەر شانی هاووڵاتییە نەک حکومەت".

## پزیشکان لەگەڵ بە ئوردنیکردنن

بۆچوونی 51 پزیشکمان سەبارەت بە بابەتی بە ئوردنیکردنی سیستمی تەندروستیی کوردستان وەرگرت. لەنێویاندا 25 پزیشک لەگەڵ ئەو گۆڕینە بوون، 18 پزیشک لەگەڵی نەبوون و 8 پزیشکیش شارەزای سیستمی تەندروستیی ئوردن نەبوون، بۆیە دەنگیان بە هیچیەک لەو دوو بژاردەیە نەدا.

د.گۆران عەبدوڵڵا پێیوایە "ئەم هەنگاوە تازەیەی کاربەدەستانی سیاسی و تەندروستی لە کوردستان هەوڵێکی دیکەیە بۆ خۆدەرخستنی میدیایی. لە باشترین حاڵەتدا سەقەتیەکانی سیستمی تەندروستیی ئوردن بۆ لای خۆمان دەگوازنەوە و لە خراپترین حاڵەتیشدا ئەمەش وەکو هەنگاوەکانی دیکە هیچی لێ سەوز نابێت".

ئەو بە گومانەوە دەپرسێت "ئاخۆ وەزیر سیستمی تەندروستیی ئوردن تەنیا وەکو بیانوویەک بەکارناهێنێ بۆ ئەوەی کۆمەڵێک سیاسەت بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ لە ژێر ناوی ئەوەی گوایە لە ئوردنەوە فێری بوون؟ بۆ نموونە بە پارەکردنی خزمەتە تەندروستییەکان و کۆپیکردنی بیمەی تەندروستی".

هەرچی د.سەروەر عارفە دەڵێت "دەتوانین بڵێین بە ئوردنیکردن واتە بە پارەکردنی کەرتی گشتی، بێجگە لە هەندێک سێکتەری وەک کوتان".

بەڵام پزیشکێکی دیکە دەڵێت "من تەنیا بۆیە پێمباشە سیستمی ئوردنی لێرەش پیادە بکرێت، چونکە ئێمە لە بنەڕەتدا شتێکمان نییە ناوی سیستم بێت، واتە لەو بە ئوردنیکردنەدا هیچ نەبێت شتێک لەدەست نادەین، ئەگەر دەستکەوتێکی ئەوتۆشمان نەبێت".

پزیشکێکیش کە پێشتر لە نەخۆشخانەکانی ئوردن کاری کردووە، وەک ئاماژەیەک بەوەی کە بەئوردنیکردنەکەی پێباشە بە (ڕووداو)ی گوت "ئوردن یەکێک لە هەرە پێشکەوتووترین سیستمە تەندروستییەکانی هەیە و لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکەمە و خزمەتی تەندروستیی زۆر باشە".

**سیستمی تەندروستی عێراق و ئوردن**

| پێنوێن | عێراق | ئوردن |
|---|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان | 33 ملیۆن | 7 ملیۆن |
| تێکڕای داهاتی تاکەکەس لە ساڵی 2013دا بە دۆلار | 15000 | 11000 |
| تێکڕای تەمەنی تاکەکەس (نێر/مێ) | 66/74 | 72/75 |
| ئەگەری مردن لەنێوان تەمەنی 60-15 ساڵ (نێر/مێ) لە هەزار | 223/107 | 132/97 |
| تێکڕای خەرجی تەندروستی هەر تاکێک (بە دۆلار) | 149 | 483 |
| ڕێژەی تەرخانکراو بۆ کەرتی تەندروستی لە داهاتی گشتیی وڵات | % 3.6 | % 9.8 |

## لەبارەی کاریگەرییە سایکۆلۆژییەکانی شەڕ

# خەمێک لە باری دەروونیی پێشمەرگە بخۆن

کامەران شۆڕش*

PTSD (Post Traumatic Stress Disorder) بەمانای تێکچوونی باری دەروونی لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کارەسات دێت.

بەر لە شەڕی نەگریسی داعش، لە کاتی کارکردنم لە نەخۆشخانە و نۆڕینگە لە دەڤەری سۆران وەک پسپۆڕی نەخۆشییەکانی مێشک و دەمار Neurologist ، نەخۆشێکی زۆرم دەبینین کە نیشانەکانی PTSD یان بە ڕوونی تێدا دیاربوو. بێگومان نەخۆشەکان هەرهەموویان کەسوکاری بارزانییە ئەنفالکراوەکان بوون. هەڵبەتە PTSD بواری منی نیورۆلۆجیست نییە، بەڵکو بواری پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکانە Psychiatrist . بەڵام لەوانەیە بەهۆی بێئاگایی نەخۆشەکان و بەداخەوە لەبەر نەبوونی پسپۆڕی بوارەکە من دەمبینین. دیارە زۆر دڵگران بووم بەوەی کە ئەم لێقەوماوانە لەکاتی خۆیدا چارەی پێویستیان بۆ نەکراوە و ئێستا نەخۆشییەکەیان لێ تیر بووە و تازە چارەیان زۆر گرانە.

ئێمە ناومان لەباری ئەو گرووپە ناوە Post Anfal Disorder، واتە دەردی دوای ئەنفال.

دیارە زۆر باشتر دەبوو ئەگەر پسپۆڕەکانی بواری دەروونی لە کوردستان لەسەر ئەم بابەتەیان بنووسیبایە، باشتریش بڵێین بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو هەوڵی دەستنیشانکردنی نەخۆشەکان و چارەکردنیان بدابایە.

ئەمە بابەتێکە، بە ناهەق، لە کوردستاندا زۆر بەکەمی توێژینەوەی زانستیی لەسەر کراوە، چونکە بابەتەکە تێری کۆڵێک تێزی دکتۆرا دەکات.

نازانم کێ و کەی ئەم بابەتە گرنگە لە جیاتی ئێمە شەنوکەو دەکات؟

ئەودەمی شەڕی داعشیان تووشی کوردستان کرد، بەهیوا بووم کە وەزارەتی تەندروستی بێ سێ و دوو لێکردن و دواکەوتن فریای ئاوارەکان بکەوێ و پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکانیان بۆ بنێرێت، بۆ ئەوەی تووشبووان بە PTSD دەستنیشان بکات و بەگورجی چارەیان بکات.



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

بەڵام بەداخەوە پێناچێ وەزارەتی تەندروستی بە بوونی ئەم نەخۆشییە و دەرەنجامە مەترسیدارەکانی بزانێ، هەر بۆیە لەمەڕ ئەم بابەتە نقەی لێوە نایێ!

بەڕای ئێمە جگە لە ئاوارەکان و ئەو کەسوکارانەمان کە ڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ناوجەرگەی شەڕەوە، زۆرێک لە پێشمەرگەکانیشمان پێویستیان بە یارمەتیی دەروونی هەیە. چونکە پێشمەرگە لە شەڕدا ڕووبەڕووی مەترسیی مردن دەبێتەوە، بەردەوام هەڕەشەی لەسەرە، هاوسەنگەرەکانی بریندار یان شەهید دەبن.

تائێستا، لە ماوەی شەڕی داعشدا، ژمارەیەک پێشمەرگەی تووشبوو بە PTSD مان بینیوە و چارەمان کردوون. ئەم نەخۆشییە بارێکی نادروستی دەروونیی زۆر ترسناکە کە مرۆڤ بۆی هەیە لەئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کارەساتێکی گەورەی مرۆیی یان سروشتی دووچاری بێت. کارەساتەکان دەتوانن بریتی بن لە تێوەگلان لە شەڕ، ئەشکەنجە، لێدان، هەڕەشەی مردن، بەدیلگیران، ئاوارەبوون، ئاگرکەوتنەوە، لافاو هەڵسان و بومەلەرزە و کارەساتگەلێکی لەم بابەتە. بەگشتی 7 تا 8%ی خەڵک لە ماوەی ژیانیاندا بەشێوەیەک لە شێوەکان نیشانەکانی ئەم بارەیان لێ وەدەردەکەوێ.

سەربازە ئەمەریکییەکانی بەشداربووی شەڕی ڤێتنام 30%یان، بەشداربووانی شەڕی عێراق و ئەفغانستان 20%یان و شەڕی کوێت 10%یان تووشی PTSD بوون. ئەم بارە لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی دوای کارەساتەکە سەرهەڵدەدات. کەسانێکیش هەن کە سەرەڕای ئەوەی لە ژیاندا ڕووبەڕووی کارەساتی ترسناک بوونەتەوە، بەڵام هەست بە هیچ نیشانەیەکی ئەم دەردە ناکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئیدیەمە کوردییەی دەڵێ: (گورگی باران دیتە)، کە مەبەست لێی ئەوەیە مرۆڤ لەئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی ناخۆشییەکان بەهێزتر دەبێت، هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بە گوێرەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەم جۆرە مرۆڤانە ناسکتر دەبن و «پێستیان» تەنکتر دەبێت!.

مرۆڤی تووشبوو بە PTSD بە بەردەوامی وێنە ترسناکەکانی کارەساتەکەی دێتەوە بەرچاوان. ئەم دیاردەیە پێیدەگوترێ (فلاش باک). کە مرۆڤ تووشی دڵەڕاوکێ و ناڕەحەتی دەروونیی بەهێز دەبێت و خۆی لەبارێکدا دەبینێتەوە، یان تووشی هەڵوێستێک دێت کە وێنەکانی کارەساتەکەی وەبیردێنێتەوە. لەم بارەدا کەسەکە دەشێوێ، دڵی دەگوشرێ، دەترسێ، شتی لەبیردەچێ، توانای وردبوونەوەی کەم دەبێت و خەوی دەزڕێ. هەر بۆیەش خۆی بەدوور دەگرێ لەهەر شت و هەڵوێست و بارێکی کە دیمەنە ترسناکەکانی کاتی کارەساتەکەی وەبیردێنێتەوە.

هەندێ کەسی تووشبوو بە PTSD دوای چەند مانگێک یان چەند ساڵێک لە نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە ڕزگاریان دەبێت، بەڵام یەک لە سێ بەشی تووشبووەکان بە درێژایی ژیانیان بەدەست نیشانەکانی ئەم نەخۆشییەوە دەناڵێنن. ئەگەر ئەم بارە بەهەند هەڵنەگیرێ و لەکاتی خۆیدا بە دروستی چارەسەر نەکرێت، ئەوا ئەگەری تیر بوون و مانەوەی زێتر دەبێت.

لێرەدا دەبێ بگوترێ کە ئەم نەخۆشییە زۆرجار، کاتێ دەچێتە باری درێژخایەنییەوە Chronic State ، هێدی هێدی کەسایەتیی مرۆڤەکەش دەگۆڕێ. بەشێوەیەک کە نەخۆشەکە لە دەوروبەری بە گومان دەکەوێ، باوەڕی بە کەس و بە هیچ شتێ نامێنێ، بێ هیوا دەبێ، خۆی پێ نامۆ دەبێ، لە ئاوەدانی وەدوور دەکەوێتەوە و هەردەم هەست بە هەڕەشە و ترسێکی گەورە دەکات. ئەم بارەی دوایی کە لە ئەنجامی تیربوونی PTSD سەرهەڵدەدات، خۆی لەخۆیدا نەخۆشییەکە کە سەربەخۆ پۆلێن کراوە وەک (گۆڕانی کەسایەتی لە ئەنجامی کارەسات Personality Change After Catastrophic Experience .

سایکۆتێراپی، واتە گفتوگۆکردن لەگەڵ نەخۆش و ڕێنماییکردنی نەخۆشەکە لەلایەن پسپۆڕی بواری سایکۆلۆژی تاکە چارەی ئەم نەخۆشییەیە. لە کاتی بەڕێوەچوونی ئەم چارەسەریە، نەخۆشەکە ( لێقەوماوەکە )، بە ڕێنمایی پسپۆڕەکە، بۆ چەند جار زۆر بە وردی و دوورودرێژی باسی بەسەرهاتەکە و هەستی خۆی لەبارەی کارەساتەکە دەکات، بەشێوەیەک ئەگەرگونجاو بێت بگوترێت (نەخۆشەکە کارەساتەکە کاوێژ و هەرس دەکات). بەمجۆرە دوای دواندن و گفتوگۆ لەگەڵ پسپۆڕان، نەخۆشەکە سەرەڕای ئەو کارەساتەی کە بەسەری هاتووە، هەست دەکات کە هێز و ئارەزووی وەبەرهاتۆتەوە بۆ ئەوەی درێژە بەژیان بدات.

هیچ دەرمانێک نییە چارەی PTSD پێبکرێت. بەڵام ئەگەر بارەکە تیر بوو و بۆ خەمۆکی Depression گۆڕا، ئەوسا دەتوانرێ دەرمانی دژی خەمۆکی Antidepressant بەکاربهێنرێت.

ئەگەر نەخۆشەکە بە بەردەوامی باسی کارەساتەکە و هەستی خۆی لەئەنجامی کارەساتەکە بۆ دکتۆر و کەسوکار و ناسیاوان بگێڕێتەوە، ئەوا ئومێدی خێرا چاکبوونەوەی زێترە، ئەمەش تەنها شتێکە کە نەخۆش بۆ چارەی خۆی دەتوانێ بیکات.

هیچ گومانمان لەوە نییە کە ئێستا لە سۆنگەی شەڕی داعشەوە، بە لێقەوماوی سیڤیل و پێشمەرگەوە، لە کوردستان بە هەزاران مرۆڤ بەدەست نیشانەکانی ئەم نەخۆشییەوە دەناڵن. بەهاناوەچوون و فریاکەوتنی هەرچی زووتری ئەو لێقەوماوانە ئەرکێکی هەنووکەیی ئێجگار گرنگی وەزارەتی تەندروستییە. ئەم خەڵکە دەبێ هەر ئێستا بدۆزرێنەوە و چارەسەر بکرێن، چونکە خۆپارێزی و چارەی دەردەکان لە کاتی خۆیاندا هەمیشە کاریگەرتر و ساناتر و هەرزانترە لە چارەسەری وەدرەنگکەوتوو.

پێشنیاز دەکەم کە لێژنەیەکی باڵای کوردستانی پێکبهێنرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییە سایکۆلۆژییە نێگەتیڤەکانی شەڕەکە. پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتەکانی تەندروستی و پێشمەرگە و ناوخۆ پێویستە ئەندامیان لەم لێژنەیەدا هەبێت. وای دەبینم کە لە خوار لێژنەی باڵاشەوە، لێژنە لە هەر پارێزگایەکی کوردستان پێکبهێنرێت. ئەرکی ئەم لێژنانە دابینکردنی پسپۆڕ و دۆزینەوەی سیڤیل و پێشمەرگە بێت کە پێویستیان بە چارەسەری باری دەروونی هەیە.

***مامۆستای زانکۆ- بۆردی نیورۆلۆجی لە زانکۆی ئۆدێنسا، دانیمارک**

# مۆڵ کاڵیگران: هاتووین لە کوردستان بمێنینەوە



**ڕووداو- هەولێر**

"داعش هات" ئەو دەنگۆیەی لە ماوەیەکی کەمدا تـەواوی هەولێری تەنـی. هەمووان دەیانزانی هاتنی داعش چ مانایەکی هەیە. خەڵک ناشرینترین ڕووی ئەم ڕێکخراوەیان لە شـنگال بینیبوو، بەڵام چاوەڕێ نەبوون بـەو خێراییـە مەترسـیەکەیان لـێ نزیک ببێتەوە. بەشـێک لە خەڵکی شـار بەرەو شـوێنەکانی دوور لـە هەڕەشـەی داعـش هەڵاتـن و ئەوانی دیکەش بـە دڵەڕاوکێوە چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد دەنگۆکە درۆ بێ.

بەڵام داعش هەرگیز نەگەیشـتە هەولێر. ئازایەتیی پێشمەرگە و هاوکاری ئاسمانیی هێزەکانی هاوپەیمانان بەس بوون بۆ ئەوەی داعش لە بەرەی گوێڕ- مەخموور تێکبشکێ و پایتەختـی هەرێمـە گەنجەکـە وەک هەمیشـە ئارام بێ. هەولێـر پارێزراو بوو، بەڵام دەنگـۆی هاتنی داعش تەنیا خەڵکە ئاسـاییەکەی نەترسـاند، بەڵکو کۆمپانیا گەورەکانـی نەوت و وزەشـی تۆقاند. ئەو شـەوە 90%ی کۆمپانیاکان کوردسـتانیان بەجێهێشـت. بـەڵام کۆمپانیایـەک جیاواز بیری کـردەوە و بڕیارێکـی بوێرانەی دا و هەولێری جێنەهێشت.

مۆڵ گرووپ، کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی بواری نەوت و گاز کە لە 40 وڵاتی دونیادا چالاکیی هەیە و بارەگاکەی لە بوداپسـتی پایتەختی بولگاریایـە. مۆڵ کاڵیگران لقی کۆمپانیاکەیە لە کوردستان کە یەکێک بوو لـەو کۆمپانیا کەمانەی لـە 2007دا ڕووی لە کوردسـتان کرد. ئەوکات هێشتا نەوتی کوردسـتان لە قومارێکی سـەخت دەچوو. بـەڵام کاڵیگران هـەر ئـەوکات داهاتووی گەشـی کوردسـتانی لـە نـەوت و گازدا بینـی. هەر ئەم متمانـە بەهێزەش بوو بە کوردستان کە وایکرد ئەو شەوەی هەمووان هەڵاتن، ئەم بمێنێتەوە.

زۆڵت هێرناڵدی، سەرۆک و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری مۆڵ گـرووپ دەڵێت: "ئێمە متمانەمان بە کوردسـتان هەیە، هەر لەبەر ئەوەشـە مەترسی و شـۆکە دەرەکییەکان کاریگەری نابێت لەسەر چالاکیەکانمان".

ئەلێکـس دۆدز جێگری سـەرۆکی مۆڵ گرووپ کە ماوەی 25 ساڵ ئەزموونی هەیە لە بەڕێوەبردنـی کۆمپانیـا زەبەلاحەکانی بـواری نـەوت، بـڕوای وایـە کوردسـتان دوا قـەڵای نـەوت و گازە لـە دونیـادا. دۆدز کـە لە هەمان کاتدا سـەرۆکی بەشی گـەڕان و بەرهەمهێنانە لە مۆڵ گـرووپ، ئێسـتا هەوڵ دەدات کوردسـتان بکاتـە سـەنتەری چالاکیەکانـی کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکە.

کوردسـتان خاوەنی 45 ملیـار بەرمیل نەوتـی یەدەگە کـە دەکاتە یەک لەسـەر سێی نەوتی هەموو عێراق، بەشێکی زۆری ئەم نەوتە دەسـتی لێنـەدراوە و کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان لە پێشبڕکێیەکی توندان بۆ وەبەرهێنان لە کێڵگەکانیدا.

مۆڵ گـرووپ لە کێڵگەی نەوتی ئاکرێ- بجیـل وەک بەکارخـەری سـەرەکی و لـە کێڵگـەی شـێخانیش بە هاوبەشـی لەگەڵ گەڵـف کیسـتۆن کاردەکات. حاڵـی حازر تەنیا لە یەک بیرە نەوتی کێڵگەی ئاکرێ- بجیل بەرهەمێنان دەسـتیپێکردووە، بەڵام لـە زۆربـەی بیرەنەوتەکانـدا پرۆسـەی دۆزینەوە بەسەرکەوتوویی کۆتایی هاتووە. ئامانجـی کۆمپانیاکـە بریتیـە لـەوەی کە تـا کۆتایی ئەمسـاڵ بـڕی بەرهەمێنان لە کێڵگـەی ئاکرێ- بجیـل بگەیەنێتە ڕۆژانە 35-40 هـەزار بەرمیل نەوت و لە کێڵگەی شێخانیش بگاتە ڕۆژانە 40 هەزار بەرمیل.

بـارەگای سـەرەکی مـۆڵ گـرووپ لـە بوداپستی پایتەختی هەنگاریایە کە یەکێکە لە جوانترین شارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا. هاتنـی ئـەم کۆمپانیایە بۆ کوردسـتان و گەشەی چالاکیەکانی وایکرد کە حکومەتی هەنگاریـاش گرنگـی زیاتر بە کوردسـتان بـدات. لەکاتـی نزیکبوونـەوەی داعش لە هەولێـر، حکومەتـی هەنـگاری بڕیاری دا بـە ناردنی بەپەلـە و بـێ بەرامبەری 24 تـەن پێداویسـتی سـەربازی بـۆ هێـزی پێشـمەرگە. دواجاریـش لـە نۆڤەمبـەری 2014دا هەنگاریـا کونسـوڵخانەی خـۆی لـە هەولێر کـردەوە. پێدەچـێ ڕوونترین بەڵگەی کاریگەریی مۆڵ گرووپ لە هێنانی وڵاتەکـەی بۆ هەولێر، ئەوە بێت کە بینای کونسـوڵخانەکە دەکەوێتە دەسـتە ڕاستی بارەگای سەرەکیی کۆمپانیاکە.

تەنیـا جورئەتی مانەوە لە سـەختترین کاتەکانـدا نییە کە مـۆڵ کاڵیگران لەوانی دیکـە جیادەکاتـەوە، بەڵکـو پەیوەندیـی بەهێـزی کۆمپانیاکە لەگەڵ ئەو خەڵکانەی لە نزیک کێڵگـە نەوتیەکانن، بووەتە هۆی ئـەوەی مـۆڵ کاڵیگـران وەک دۆسـتێک تەماشا بکرێت.

مەجدی ئەحمەد، سـەرۆکی کۆمپانیاکە کـە لـە هەمـان کاتـدا سـەرۆکی بەشـی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و ئەفریقاشە لە مۆڵ گـرووپ، دەڵێت "ئێمە بەجـدی گرنگی بە کۆمەڵگە دەدەین و خەمی ئەوەش دەخۆین کـە ئابووریـی کوردسـتان پێشـبکەوێت. سـاڵانە بەلایەنی کـەم 500 هەزار دۆلار بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاری دابین دەکەین".

لە نێوان سـاڵانی 2011 بۆ 2014، مۆڵ کاڵیگـران دەیان پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەو گوند و ناحیانە ئەنجامداوە کە دەکەونە ناوچـەی کارکردنی مۆڵـەوە. قوتابخانە و نەخۆشـخانە و جـادە و ڕێگەوبـان و بیری ئـاو و کارەبا و هۆڵـی کۆبوونەوە و یاریگا و چەندیـن خزمەتگوزاری دیکـەی تێدایە. پاش سـەرهەڵدانی شـەڕی داعش و هاتنی بەلێشـاوی ئاوارەکان بـۆ پارێزگای دهۆک، کۆمپانیاکە هەڵمەتێکـی فراوانی هاوکاریی ئاوارەکانی دەسـتپێکرد. هاوژین ئیسماعیل لە بەشی گەشەپێدانی جڤاکیی کۆمپانیاکە، دەڵێت کە لە ساڵی 2015 یشدا 13 پرۆژەی بچووک و مامناوەند و گەورە ئەنجامدەدەن.

مـۆڵ گـرووپ متمانەیەکـی زۆریـان بە سیاسـەتی نەوتـی وەزارەتـی سـامانە سروشـتیەکان و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان هەیـە و پشـتیوانیی دەکەن. مانگـی ئابـی 2014 مـۆڵ گـرووپ کڕینی 80،000 تـۆن نەوتـی کـوردی ڕاگەیانـد، هەنگاوێـک کـە هاوکارێکـی گـەورە بـوو بۆئـەوەی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان ئۆتۆنۆمیـی زیاتر لە بـواری نەوت و وزەدا بەدەستبهێنێ.

مۆڵ گـرووپ لـە قۆناغە ناخۆشـەکاندا هـات و لـە کاتـە مەترسیدارەکانیشـدا مایـەوە، ئێسـتاش بڕوای وایە کوردسـتان واتە داهاتوو. وەک ئەلێکس دۆدز، جێگری سـەرۆکی کۆمپانیاکە دەڵێت "مۆڵ هاتووە بۆ کوردستان بۆئەوەی بمێنێتەوە".



# نرخی نەوت بەرزدەبێتەوە؟

**عومەر ئەحمەد**

کـەس نەیزانیبـوو کـە ژمارەی سـەکۆ نەوتییـەکان لە ئەمریـکا، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە لە حـەوت مانگی ڕابردوودا هێنـدە کـەم بوونەتـەوە، تـا ئەوکاتـەی کۆمپانیـای خزمەتگوزاریی نەوتی (بەیکێر هیوز) داتاکانی بڵاوکردەوە و دەرکەوت کە تەنیـا لە هەفتەی ڕابردوودا، 94 سـەکۆی هەڵکۆڵینـی بیری نـەوت، واتە 7%ی کۆی گشـتیی سـەکۆ نەوتییـەکان لـە ئەمریکا لەکارەکانیان ڕاوەستاون. لەڕاستیدا ژمارەی سـەکۆ نەوتییەکان لە ئەمریکا دابەزیون بۆ ئاستی ساڵی 1987.

کەمبوونـەوەی ژمـارەی سـەکۆ نەوتییەکان، هێمایەکە بۆ دابەزینی ئاستی وەبەرهێنان لە ئەمریکا لە بواری دەرهێنان و بەرهەمهێنانـی نەوت کـە لەبەر دابەزینی نرخی نەوت و کەمبوونەوەی قازانجی پرۆژە نەوتییەکان دروستبووە.

بڵاوبوونـەوەی داتاکانـی پەیوەسـت بە کەمبوونـەوەی چالاکییـە نەوتییـەکان لە ئەمریکا ئاراسـتەی دابەزینی نرخی نەوتی گـۆڕی کـە لە حـەوت مانگـی ڕابـردوودا بـەردەوام ڕووی لە سـەرەولێژی بووە. ئەو ئاراستەیە سـەرەتای ئەم هەفتەیە گۆڕانی بەسـەردا هـات و نرخـی نەوت لـە بازاڕە جیهانییەکانـدا بەڕێژەی 8% بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینی.

نرخـی نەوتـی برێنـت 3 دۆلار و 58 سـەنت بەرزبووەوە و گەیشتە 53 دۆلار بۆ بەرمیلێک. نرخی نەوتی ئەمریکاش 3 دۆلار و 73 سەنت بەرزبووەوە و لەسەر بەرمیلێک بە 48.24 دۆلار جێگیرکرا.

یەکێـک لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی دابەزینـی نرخـی نـەوت لە چەنـد مانگی ڕابـردوودا، بەرزبوونـەوەی ئاسـتی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا بوو. ویلایەتە یەکگرتووەکانـی ئەمریکا تەنیـا لە ماوەی حـەوت سـاڵ و دوای سـاڵی 2008 توانی بـڕی ڕۆژانـە 4 ملیۆن بەرمیل بۆ ئاسـتی بەرهەمهێنانـی نەوتـی خۆی زیـاد بکات. ئـەوەش قەبارەیەکـی ئێجـگار زۆرە کـە لـە ئەنجامی ئـەو هەمـووە وەبەرهێنان و بەکارخستنی سەکۆی نەوتییە دروستبووە.

بەرزبوونـی نرخـی نەوت لە 10 سـاڵی ڕابـردوودا، کۆمپانیـا نەوتییەکانـی هانـدا بۆئـەوەی لـە یـەک دەیـەی ڕابـردوودا قەبـارەی وەبەرهێنانەکانیـان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانـی نەوت زیاتـر بکەن، بەڵام ئـەوەش لە ئاکامـدا زیادبوونی بڕی نەوتی خـاوی لە بـازاڕدا بەدواوە بـوو کە دەبێتە هـۆکاری دابەزینی نرخی نـەوت، ئەمە ئەو دووالیتەیـە کـە نرخـی نـەوت بەخۆیەوە دەبینـێ و بە بازنـەی نرخـی نەوت ناسراوە.

بەڵام دابەزینی بەردەوامـی نرخـی نـەوت لـە 7 مانگـی ڕابـردوودا کۆمپانیـا نەوتییەکانـی زۆر نیگەران کرد. هەندێ لەو کۆمپانیایانە کەمکردنەوەی خەرجییەکانیان دەسـتپێکردووە، هەندێکـی دیکەشـیان قەبارەی وەبەرهێنانەکانیان بۆ چەند ساڵی داهاتوو کەمکردووەتەوە.

جـۆن واتسـۆن، سـەرۆکی گـەورە کۆمپانیـای نەوتـی شـێڤرۆن ڕایگەیاند کە ئەگـەر نرخی نەوت لە خوارەوەی 50 دۆلار بمێنێتەوە، تەنیا چەند پرۆژەیەکی گەورەی نەوتـی دەتوانـن درێژە پێبـدەن و ئەوانی دیکە لە قازانج دەکەون و دەبێت ڕاگیرێن.

سـەرۆکی شـێڤرۆن هەروەهـا هاوبیـرە لەگـەڵ سـەرکردە نەوتییەکانـی دیکـەی جیهان کـە قەبـارەی وەبەرهێنانـەکان لە پیشەسازیی نەوتدا لە چەند ساڵی داهاتوو دابەزین بەخۆیەوە دەبینێت.

کاتێـک ڕێکخـراوی ئۆپێـک لـە دوایین کۆبوونەوەیدا لە مانگی 11ی ساڵی ڕابردوو ئامـادە نەبوو ئاسـتی بەرهەمهێنانی نەوت دابەزێنێ وەک هەوڵێـک بۆ بەرزکردنەوەی نرخـی نەوت، شـارەزایانی وزە پێیانوابوو، نیازی ئۆپێک ئەوەیە شەڕی نەوتی ئەمریکا بکات کە بەهۆی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو بـە خێرایـی بەرزبوونـەوەی بەخۆیـەوە دەبینـی و تەنانەت ئاسـتی بەرهەمهێنانی نەوتـی ئەمریـکا وایلێهـات کە لە ئاسـتی بەرهەمهێنانی نەوتی سعودیە نزیکبێتەوە.

ئەگـەر ئەوە بە دروسـتی پلانی ئۆپێک بووبێت، دیارە نیشـانەکانی سـەرکەوتنی ئەو پلانە هەر لە ئێسـتاوە وەدەرکەوتوون. سـەرەڕای ئـەوەش ئەمـە کاتـی دەوێت و کارتێکردنـی دوو فاکتـەری نرخی نەوت و ئاسـتی بەرهەمهێنان، پێویسـتی بە کاتی زیاترە کە بە زەقی دەربکەوێت.

هێشـتا نزیکـەی دوو ملیـۆن بەرمیـل نەوتـی زیـادە ڕۆژانـە لـە بـازاڕدا هەیە و وڵاتانی ئەندام لە ئۆپێکیش هیچ مەیلێکیان بـۆ کەمکردنـەوەی ئاسـتی بەرهەمهێنانی نـەوت نییـە و ئەم مانگە تەنانەت ئاسـتی بەرهەمهێنانی نەوتیـان بەرزترکردووەتەوە بـۆ ڕۆژانـە 30 ملیـۆن و 370 هـەزار بەرمیـل، بـۆ ئـەوەی کـە بتوانن پشـکی خۆیان لە بازاڕدا سـەقامگیر بکەن، کەواتە دەمێنێتەوە ئەمریکا کە چاوەڕوان دەکرێت بـە خاوبوونەوەی چالاکییە نەوتییەکان لەو وڵاتـەدا، نرخـی نەوت هیـچ نەبێت تۆزێک بەرزبێتـەوە و وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت هەناسەیەکی ئارام هەڵکێشن.

ژمارە (345) دووشەممە 2015/2/2



کاوە ئەمین

# بەسەرهاتی "کورکور" و "تورکی چیایی"

شـەمەندەفەرەکان وەکـو چەنـد رەشمارێک بـە تەنیشـت یەکـەوە راکشـابوون. رۆژێکی سـاردی رێبەندانە. هەتا چاو بڕدەکات سـپی دەکاتەوە بەفر. تەنیـا سـکەی شـەمەندەفەرەکان رەش دەچنـەوە. خۆر لە هیـچ لایەکەوە بەدی ناکرێت، بەڵام دنیا رووناکە.

سـواڵکەرێک لەبەردەمـی دەرگای ئەو گەلەرییـەی کە هـاوکات دەتوانیت بلیتی شەمەندەفەریشـی لێبکڕی، دانیشـتووە. خـۆی پێچاوەتـەوە و کوپێکی لە کارتۆن دروسـتکراوی بەدەسـتەوەیە و بـۆ موسـافیر و ئەو مشـتەریانەی کە دەچنە نـاو گەلەریەکـەوە، رایدەوشـێنێ. بـە ئینگیزی دەڵێت "پلیس" و بە سـویدیش دەڵێت "زۆر سـوپاس، تەک سـۆ میکە".

رۆژانـە لەبەردەمی زۆرێک لـە گەلەری و شـوێنە گشـتییەکان و مـۆڵ و فەرمانگە حکومیەکانـدا رووبەرووی سـواڵکەرەکان دەبینـەوە. زۆربەیـان خەڵکـی وڵاتـە هەژارەکانـی ئەوروپـان وەکـو رۆمانیـا، پۆلۆنیا و بولگارسـتان و ئەو دەوروبەرە. پێدەچـێ بەشـێکیان لـە قەرەجـەکان بـن یانیـش "رۆمەکان". ئێسـتا وشـەی قەرەچی "زگێنـەرە" وەکو جاران لەلایەن سـوێدییەکانەوە، بەکارناهێنـرێ، چونکە ئـەو وشـەیە پێشـتر وەکو سـووکایەتی بـەو نەتەوەیـە بەکارهێنـراوە. جگـە لـەوەش هـەزاران ناوناتۆرەیـان لێناون. هەندێک جار باسـی ئەوە دەکرێت کە ئەو سـواڵکەرانە لەلایـەن قاچاخچـی و باندە مافیاکانـەوە لەو وڵاتانـەوە دەهێنرێن بۆ سوێد و وڵاتانی دیکە تا پارەیان پێ پەیدا بکـەن. هەرچۆنێک بێت ئەو دیاردەیە کە هەموو شـارەکانی سـوێدی تەنیوەتەوە، جۆگایەکـی دیکەیـە دەڕژێتە ناو ئاشـی راسیسـتەکانەوە و وەکو پروپاگەندە دژی بیانییەکان بەکاریدێنن. بابەتی "رۆمەکان، زگێنەرە یانیش قەرەچـەکان"، هەویرێکە ئاو زۆر دەکێشێت، سەدان وتار و کتێبیان لەسـەر نووسـراوە، زۆرجار تەنیا باسـی کارە نێگەتیڤەکانیان دەکرێت، لە کاتێکدا لە سـەردەمی جەنگی دووەمـی جیهانیدا ئەوانیـش وەکو جوولەکە، بـە هەزارانیان لەلایەن نازیسـتەکانەوە لێ کۆکوژ کراون، بـەڵام هیـچ کاتێک وەکـو جوولەکە، بەو بەربڵاوییە باسـی ئـەو تاوانانە ناکرێ کە دژی ئەوان کراون و دەکرێن.

خۆم دەکەم بەنـاو فارگۆنێکدا، تاک و تەرا چەند کەسـێک لـە دووری یەکترەوە دانیشـتوون. منی سـەرمابردەڵە، هەست بـە گەرمییەکـی خـۆش دەکـەم. لـە پەنجەرەکەوە بـۆ دەرەوە دەڕوانم، تەنیا شووشەیەک بەسـە بۆ جیاکردنەوەی دوو دنیای جیاواز، گەرمێن و کوێستان.

رۆژنامەی ئەمرۆی سڤێنسـکا داگبلادت لەسـەر یەکێک لە کورسـییەکان دانراوە، دیـارە کەسـێک کرییەتـی و دوای خوێندنەوەی بەجێیهێشـتووە. چاوێک بە لاپەڕەکانیدا دەخشێنم، بەشی فەرهەنگی ئەو رۆژنامەیەم بەلاوە باڵکێشە. وتارێکی دووردرێژ لەسەر ژیانی چەرچڵ نووسراوە. رێکەوتێکـی سـەیرە، ئەمڕۆ پەنجا سـاڵ بەسـەر کۆچـی دوایـی ئەو کەسـایەتیە گەورەیـەی بەریتانیا و جیهان تێدەپەڕێ. 1965/1/24، چەرچـڵ لـە ماڵەکـەی خۆیـدا لە لەنـدەن بۆ دواجار چاوەکانی لێکدەنێ. کەسـوکار و دکتۆرەکەی تا دوا هەناسـەی لێدەبڕێت، بەدیاریـەوە دەبن. دکتۆرەکـەی دەڵێـت بەبێ هیـچ ئازارێک دوا ماڵئاوایـی لـە ژیان کـرد، ژیانێک کە کاریگەری لەسـەر نەتەوەیەک دانا. وەکو لـەو وتارەدا هاتـووە، رەنگـە ژیانی هیچ کەسێک وەکو هی چەرچڵ نەنووسرابێتەوە و دۆکۆمێنـت نەکرابێـت. لـە دوای ئـەو هەموو سـاڵە، هێشتا ساڵانە دەیان کتێب و وتاری هەمەجۆر لەسـەر ژیانی چەرچڵ دەنووسـرێن و بڵاودەکرێنـەوە، تەنیـا گوتەکانی و خیتابەکانی لە هەشت بەرگی گەورەدا کۆکراونەتەوە و چوار ملیۆن وشە لەخۆدەگرن.

سـەیرە، خەڵکانێـک چـۆن رێـز لـە گەورەکانـی خۆیـان دەگرن، بـە چاک و خراپـەوە ژیانـی گەورەکانیـان دەکەنـە بەڵگە و سوودی لێوەردەگرن، رەنگە هیچ میللەتێـک وەکو ئێمەی کورد کەمتەرخەم نەبێت لە نووسـینەوەی مێـژووی خۆیدا، رەنگـە هیـچ نەتەوەیەکیـش وەکـو ئێمە سـووکایەتی بە گەورەکانی خۆی نەکات، چاوخشاندنێک بە دیوارەکانی فەیسبووکدا بەسـە تـا لـەوە تێبگەیـن کـە دیـواری فەیسـبووکی خەڵکـی دیکـە جیـاوازە، زۆریش جیاوازە.

شـەمەندەفەرەکە بەسـەر سـکەکەدا دەخشێت، چەند کەسێک کە بە ئینگلیزی قسە دەکەن، خۆیان دەکەن بە فارگۆنەکەدا و دابـەش دەبن، ئیدی بە دەنگی بەرز بە کەیفی خۆیان قسـە دەکەن. سوێدییەکان بـە خەڵکانی بێدەنگ و تەریک ناسـراون، بۆیە بە چاوێکی جیاوازەوە سەیری ئەوانە دەکـەن کە دەنـگ بەرزدەکەنـەوە. بەڵام سـەیرە بـۆ ئەمریکیـەکان وا نیـن، فـزە ناکەن و تەنانەت پێکەنینی درۆزنانەشیان بـۆ دەکەن. ئـەو نوکتەیەی ئـوز نۆژەنی کۆمیدیـکاری کورد ـ سـوێدیم بیردێتەوە کە دەڵێت "ئەمریکاییەکان پاش 30 سـاڵ مانەوەیـان لـە سـوێد ئەگەر یەک وشـە سـوێدیش نەزانـن، سـوێدییەکان هەر بە قەد و باڵایاندا هەڵدەدەن، پاش 30 سـاڵ ئەگەر بە سوێدی بڵێن سوپاس، شاگەشکە دەبن و دەڵێن ئۆخەی، خەریکە خۆی فێر دەکات. بەڵام ئەگەر عەرەبێک دوای چەند سـاڵێک بە سـوێدیەک کە باش تێبگەیت بڵێـت: من ناوم محەممـەدە، چوار منداڵم هەیەو دوو کۆمپانیای خۆشم هەیە! کاکی سـوێدی دەڵێت: ئەوە چ زمانێکە قسـەی پێدەکەی، کەی خۆت فێـری زمانەکەمان دەکەی، کەی؟".

شـەمەندەفەرەکە وەکو مارێکی سـرک دەخشـێت، دەشت و دەری نێوان ئۆپسالا و سـتۆکهۆڵم، دیمەنێکـی هێنـدە جوانی هەیە، چاو لێیان تێر نابێت.

> **رەنگە هیچ میللەتێک وەکو ئێمەی کورد کەمتەرخەم نەبێت لە نووسینەوەی مێژووی خۆیدا، رەنگە هیچ نەتەوەیەکیش وەکو ئێمە سووکایەتی بە گەورەکانی خۆی نەکات**

دەچم بۆ گەرەکی ئودنپلان کە دەکەوێتە ناوەڕاسـتی سـتۆکهۆڵمەوە. هاوڕێیەکـی خۆشەویستم لە چاوەڕوانیمدایە. کوردێکی دەڤـەری دێرسـیمە، وەکو خـۆی دەڵێت بنەماڵەکەیـان زازا بـوون، بـەڵام ئێسـتا ئـەوان تەنیا بـە کورمانجی قسـەدەکەن، کورمانجییـەک کـە مـرۆڤ لـە بیسـتنی تێرنابێت. دوای 30 سـاڵ ژیان لە سوێد، هێشـتا ئـەو خۆی بـە گونـدی دەزانێت، شانۆکار و سینەماکار کەمال گورگو.

ئیـدی لـە دەرگای هەمـوو باسـێک دەدەیـن. ئانـای هاوسـەری کاک کەمال، ژنێکی ئیتالیـی دەم بەخەندەیە، مرۆڤێک کـە لەنـاو تابلۆکانیـدا تواوەتـەوە و بەکوردی دەتوانم بڵێم دکتۆری تابلۆکانە، چونکە ئـەو هەموو تابلۆیـەک کە زەمانە رەنگەکانیـان دەگۆڕێـت، سـەرلەنوێ چاکدەکاتەوە. بەسـەرهاتی ناسینی کورد لەلایەن (ئانا)وە لە چیرۆکێکی ئەفسانەیی دەچێـت، چیرۆکێک کـە تورکەکان دەیان سـاڵە دەیهۆننـەوە و بروایـان پێهێناوە. چیرۆکـی "کوکـور" یانیـش "تورکـی چیایـی". یەکەمجـار بـوو ئـەو چیرۆکـە ببیسـتم، پێشـتر تەنیا چیرۆکـی "تورکە چیاییەکان"م بیسـتبوو. ئانا بەم شێوەیە بەسەرهاتەکەی بۆ گێرامەوە: "جار جارێک ناوی کوردم دەبیست، بەڵام هیچ کاتێک لـە نزیکەوە کوردێکم نەبینبوو، هیچیشـم دەربـارەی وڵاتەکەیـان نەدەزانی. رۆژێک لە هاوڕێیەکی تورکم پرسـی کە کەسێکی خوێنـدەوار بـوو، ئـەرێ کـورد کێن و لە کـوێ دەژین؟ لـە وەڵامدا گوتی: شـتێک نییـە نـاوی کـورد بێـت، ئەوانـە تورکی چیانشینن، ناوی کوردیش لەوەوە هاتووە، لەبەرئەوەی ناوچەکەیان بەفراوییە، کاتێک بەسەر بەفرەکەدا دەڕۆن، دەنگێک لە ژێر پێکانیانەوە دەردەچێت، کور.. کور، ئیدی ناوە تورکییەکەیان لە خۆیان کردووەتەوە و بەخۆیان دەڵێن کورد، بەڵام دڵنیابە کە شـتێک نییە لە فەرهەنگدا پێی بگوترێ کورد".

ئیـدی ئـەم چیرۆکی کورکـورە دەبێتە شـتێکی لەبیرنەکراو لای (ئانا) کە وەکو خۆی دەیگوت، بەلایەوە وەکو چیرۆکێکی هەڵبەسـتراو و ئەفسانەیی وابووە. کاتێک کەمالی ناسیۆنالیستی کورد و مرۆڤدۆست دەناسـێت، ئیـدی تێدەگات کـە چیرۆکی "کورکور" هیچ مانایەکی نییە، بڕیار دەدات کە ببێتە دۆستێکی هەمیشەیی کورد.


کاتێـک وەکو کوردێـک بیردەکەیتەوە، ناتوانـی بـۆ سـاتێکیش بێـت خەمگیـن نەبـی، ئێمە تووشـمان بووە بە تووشـی چ دراوسـێیەکەوە کە لە ماڵـی خۆماندا، پێمـان رەوا نابینن تەنانەت بە خۆشـمان بڵێین کورد و پێمان دەڵێن "کورکور".

کەمـال گورگـۆ، هەتا بڵێی کەسـێکی نیشتمانپەروەرە، لەگەڵ ئەوەی بەتەواوەتی چووەتـە نـاو جڤاکی سـوێدییەوە، بەڵام کوردسـتان لە دڵی ئەودا دەژی، هەربۆیە وەکو مام هـەژار دەڵێت "بەکوردی دەژی و بـە کوردی دەمرێـت". دەمەو ئێوارەیە، ئەگەرچـی بـە رۆژان خـۆر ناتوانێ دڕ بە هەورە تێکسـمڕاوەکە بدات و بۆ تاوێکیش بێـت خۆی لە دەریاچەکانی سـتۆکهۆڵمدا ببینـێ، بـەڵام بەهـۆی بەفرەکـەوە دنیا رووناکە. لە شـەقامی فلێمنینگسـگاتان، خۆمان دەکەین بە رێستورانتێکی کوردیدا "ئامیـدا" کە نیشـانەیە بـۆ ناوێکی کۆنی "ئامـەد ـ دیاربەکر". چەند کوڕ و کچێکی کورد چێشتخانەکە بەڕێوە دەبەن، هەموو بـاوەش دەکـەن بـە کاک کەمالـدا و بـە کوردی و بەگەرمـی بەخێری دێنن. چەند تابلۆیەکـی ژینگـەی کوردسـتان دیواری چێشـتخانەکەیان رازاندووەتـەوە و جمەی دێ. لـە بڵندگـۆ بچووکەکانەوە دەنگێکی خۆشی کوردی دێتە گوێم "مریەم ئیبراهیم پوور" و پاشـان گۆرانییەکی کورمانجی و ئیدی تـا لەوێ بووین موزیکی کوردی و نانـی کـوردی و هەموو شـتێکی کوردی. کاک کەمـال دەیگوت لێـرە تەنیا موزیکی کوردی لێدەدرێت.

خانمێـک بە زەردەخەنەیەکەوە دێت و کاک کەمال لە ئامێز دەگرێت و پێیدەڵێ: دۆتـان بۆ بێنـم؟ دۆیەکی خەسـتمان بۆ دێنـێ و کاک کەمـال یـەک دوو پـەرداخ فـڕدەکات. کەمـال لەبەرخۆیـەوە گۆرانی "سـەرێ چیا بەدومانـە" دەڵێت، دەنگێک پرە لە غوربەت و حەسـرەتی وڵات، بەڵام ئـەو پێیوایـە کە ئیدی دومـان و تەمومژ خەریکە لـە کۆڵ کورد دەبێتـەوە، دیارە وەکـو هەمـوو کـەس دەڵێـت، ئەگـەر یەگرتووبن.

> **گوتەکان و خیتابەکانی چەرچڵ لە هەشت بەرگی گەورەدا کۆکراونەتەوە و چوار ملیۆن وشە لەخۆدەگرن**

ئێوارەیـە و کاتـی خاترخوازییـە، بەگەرمـی دەسـتی ئانا و کاک کەمال دەگوشم، کارەکەی من لەگەڵ ئەوان تەواو دەبێت، بەسـەرهاتی "کورکور" و "سەرێ چیـا بە دومانـە" لە داهاتـوودا لە کورتە بەڵگـە فیلمێکـدا بـۆ بیسـەر و بینـەری رووداو دەگێڕمەوە.



کەنعان بەهادین

# گەڕاندنەوەی عێراق بۆ دیمۆگرافیای پێش سایکس بیکۆ

لەساڵانی 1915 و 1916 ز، رێکەوتنێکی نهێنـی لە نێوانـی فەڕەنسـاو بەریتانیا بە رازیبوونـی ئیمپراتۆریەتـی رووسـەکان، بۆ دابەشـکردنی ناسـراو بـە میراتییەکەی دەوڵەتـی عوسـمانی لـە دوای جەنگـی یەکەمی جیهانـی ئیمزا کرا. لەکاتی هاتنی شـیوعییەکانیش بۆ سەر تەختی دەسەڵات لە مۆسـکۆ، رێکەوتنەکە کـە لە وەزارەتی دەرەوەی رووسیا پارێزرابوو، ئاشکرا کرا.

کورد بەهۆی ئەم رێکەوتنەوە خاکەکەی بۆ سـەر عێراق و ئێران و سووریا و تورکیا دابەشـکرا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی کەلتـوری و زمـان و بیرکردنـەوەو ئایـن، دەیان نەتەوەو تایفەو بیرکردنەوەی جیاواز، هەموویان بەزۆر کرد بە یەک وڵات و ئەوەی هێـز و تاقەتـی زیاتـر بووایـە ئـەو مافی هەمـوو ئەوانی دیکەی پێشـێل دەکرد. بۆ نموونـە لەماوەی ئیمزاکردنی ئەو رێکەوتنە لە بەشـی سـایکس بیکۆی عێراق تا پێش 2003ز، سـوننە مەزهـەب سـەرۆکایەتی عێراقی کردووە و هەموو تایفەکانی دیکەی عێراقی دروستکراو لەنێودەبران و قەتڵ عام دەکران.

بـۆ نموونـەش کاتـی گەیشـتی شـیعە مەزهەب بۆ سـەر تەختی دەسەڵات لەدوای 2003، کەوتنە خۆقایمکردن و بیرکردنەوە لـەوەی کـە وڵات دووبارە بکەنـە حوکمی تاکڕەوی، بەڵام ئەمجارە ستەمی شیعەکان بـۆ پێکهاتەکانی عێراق نەبووە دەسـتپێک بۆ دووبارەبوونەوەی ئەزموونی سوننەکان، ئـەم ئاشـووبەی هاتنـی داعش بەرهەمی بیرکردنەوەکانی بۆ نموونە نوری مالیکی بوو کە ویستی لەوەوە دەستپێبکات، سەرکردە بەهێزەکانی سوننە راوبنێت و بیانکوژێت و بەندیخانەکانـی عێراق پڕبکات لە کەسـانی سـوننەمەزهەب. لەولاشـەوە دەستی بەوە کرد کـە دوژمنایەتی لەگەڵ نەتەوەی کورد بکات و بەهەڕەشـەو گورەشـەی توند، بۆ نموونـە پێکهێنانی هێزی دیجلە و چاوبڕین لـە ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، تا گەیشـتن بە مووچەبڕین و هەوڵدان بۆ لاوازکردنی وەزیرەکانی کورد لە بەغـدا و لاوازکردنی رۆڵـی پەرلەمان و دەیـان هەوڵی دیکە کە بەشـێوازی هاتنی داعـش بارودۆخـە نالەبارەکـەی عێـراق تەقییەوە.

سـەبارەت بەو دۆخە تازەیەی لە عێراق هاتووەتـە پێـش و دەوڵەتی ئیسـلامی لە عێـراق و شـام دەرکەوتـن و لـە بەرامبەر کورد وەسـتانەوە، جێگری سەرۆکی پارتی و سـەرۆکی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان بۆ ئاژانسـی رۆیتەرز گوتـی: عێراق بە یەکپارچەیی نەماوەتەوە، گەورەترین کێشـەی عەبادیـش نـوری مالیکییە. سـەرۆکی حکومـەت هەروەها بـۆ رۆیتـەرز دەڵـێ: کورد لەبـەر ناوچە کوردسـتانییەکان رووبـەڕووی داعش بووەتـەوە و ئامادەش نییـە شـەڕی رزگارکردنی مووسـڵ بکات، ئەو شەڕەش جـارێ تـا هاتنی پایـز دەسـتپێناکات، هۆکارەکەشـی بـۆ ئـەوە دەگەڕێنێتـەوە کە عێـراق خاوەنی ئەو سـوپایە نییە تا جوڵـەی وا بـکات. هەروەهـا ئامـاژە بۆ خاڵێکـی زۆر گرنـگ دەکات کـە دەڵێت: زۆر گرنگـە میکانیزمێـک بدۆزرێتـەوە بۆ پێکەوە ژیان لە چوارچێوەی بەناو عێراق، چونکە عێراقێک نەماوە کەسێک ئینتیمای بۆ مابێت.

ئـەم گوتانـەی نێچیرڤـان بارزانـی تێکشـکاندنی سـایکس بیکـۆی پـڕ لـە سـتەمی 100 سـاڵەی رابـردووە. ئـەم پێشنیارەی نێچیرڤان بارزانی چارەسەری کوشـتاری ناوخـۆی 100 سـاڵەی بەناو عێـراق دەکات کە پێیوایە چارەسـەر لە ئێستادا، وەک کورد و سەکردایەتییەکەی زۆرجاران باسـی دەکـەن، کۆنفیدڕاڵییە. مانەوە لە چوارچێوەیەکی رەمزیی عێراق، بەڵام بـە چەند دەوڵەتێکـی کۆنفیدراڵی کۆتایی بە وەلاوەنان و ناکۆکیی سیاسـی و تایفی و مەزهەبی دێت. لە کۆنفیدراڵیش هاتووە کە هەر پێکهاتەیەکی کۆنفیدراڵی خاوەنی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابووریی سـەربەخۆ بێـت و خاوەنـی سـوپا و حکومەت و پەرلەمانیش بێت.

بـەم حاڵـە، ئـەم کوڵانـەی ناوچەکە و پاراسـتنی لـە تەقینـەوەی گـەورە دەپارێزرێـت، هەروەهـا مەسـەلەی بەکارهێنانـی ئـەم دۆسـییە بـۆ دەسـتێوەردانی ئیقلیمـی بـە پاسـاوی مەزهەب کاریگەری خراپی لێوە دروست دەبێـت، بۆیـە هەمـوو کات کـورد و سەرکردایەتییەکەی پێشـنیاری بەجێیان خستووەتە بەردەم ناوچەکە و ئەوەشیان نیشـانداوە کـە کـورد ئامـرازی خێـر و ئاشتییە لە ناوچەکەدا.



ناسر باباخانی

# چێبوونی دەڤەرێکی گشتی لە رۆژهەڵات

میدیای نوێ (وەک فەیسبووک، یوتیوب و تویتەر) دەکرێ بڵێین سنوورەکانی شوێن و کاتیان تێکشکاند.

ئـەو میدیایانـە لەسـەر بنەمـای جۆرێ دابەشـکردن (Share) دامـەزراون و لەڕاسـتیدا گۆڕەپانێکـی پـان و بەرین بۆ ئـەو کەس و لایەنانەی بە هەر شـێوەیەک خراونەتە پەراوێز و رێک بە دژی سیسـتمە دیکتاتۆرییـەکان دەوەسـتن کـە تێیانـدا فرەدەنگی بوونی نییە و مۆنۆلۆگ پێناسەی سـەرەکییانە. رەنگە فیلتێرینگی سۆشیال میدیا لە وڵاتانـی دیکتاتۆریی وەکو ئێران، کۆریای باکوور، چین و سووریا نموونەیەکی باش بێ بۆ ترسی دەسەڵات لە کارتێکەری ئەم میدیایە.

یورگێن هابرماس دەسـتەواژەی دەڤەری گشتی (Public Sphere) بۆ کۆمەڵگایەک بەکاردێنێ کە لەودا لەڕێگای لێکتێگەیشتن، پەیوەنـدی و پاسـاوی عەقڵانـی لـە کەشـوهەوایەکی بـە دوور لە هەر چەشـنە گوشـار و ترس و سانسـۆر لەسەر بنەمای ئـازادی، زانیاری و بەرابەری، مرۆڤەکان بە هەموو چین و توێژەکان کۆمەڵێ رووبکردی بایەخدارانـە دێننە دی کە دواجار دەتوانێ وەک کەرەسـەیەکی شـوێندانەر لەسـەر هەڵسـوکەوت و کارکـردی دەسـەڵات وەک دەوڵـەت یان تەنانەت حیـزب، کارتێکەری تایبەتی هەبێ.

ئـەوەی زۆر گرینگـە، ئەوەیـە کـە لـە دەڤەری گشتیدا، سەرەتا "کردەی کەلامی" بە دوور لە گوشـار و دەسـەڵاتی زاڵ و لە سێبەری سـێ توخمی گۆڕین واتە ئازادی، زانیـاری و بەرابەریدا دێتـەدی، بەرە بەرە بوارێـک چـێ دەکا کـە "کـردەی کەلامی" دواجـار خـۆی وەک "کـردەی پەیوەندی" دەردەخا.

کەوابـوو دەکـرێ بڵێیـن تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مۆدێلێکی باشن بۆئەوەی وەک دەڤەری گشتی سەیر بکرێن. بۆ وێنە فەیسبووک سەرجەم ئەم تایبەتمەندییانەی تێیدا بەدی دەکرێ کە هابرماس باسی لێوە دەکات.

دەکـرێ کارتێکەرییەکانـی "کەمپەینی یەکـی بەفرانبـار"ی چالاکڤانانی سیاسـی و مەدەنـی رۆژهەڵاتی کوردسـتان لەسـەر کۆمەڵگـە و حیزبەکانـی رۆژهـەڵات وەکو نموونە بخەینە بەر باس. وشـەی کەمپەین (Campaign) بـە مانـای ململانـێ و خەباتکردن دێ، واتە هەرەوەزێکی گشتی، پلانـدار و خاوەنی خشـتەیەکی زەمەنی بۆ دەستەبەرکردنی مەبەستێکی تایبەتی.

ئەم کەمپەینە کە زۆربەی چالاکییەکانی لەسـەر فەیسـبووک و یوتیوب و تویتەرە، تا ئێسـتا توانیویەتی لە سـاحەی سیاسی کۆمەڵایەتـی رۆژهەڵاتـدا دەورێکـی گرنگ بگێڕێ و شـەپۆلێکی کەم وێنە سـاز بکا، هەرچەنـدە سـەرجەم پرۆگرامەکانـی ئەم کەمپەینـە لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا بڵاودەبێتـەوە، بـەڵام بـورد و رادەی پەرەسـەندنی هەر لـەم دنیـا مەجازییەدا گیرناخوا و سـنوور ناناسێ هەر لە ئەوروپا و کەنـەدا و ئەمریکاوە بگرە هەتا باشـوور دێ و دەچـێ و دواجـار دەگوازرێتەوە ناو کۆمەڵانی خەڵک و حیزبەکانی رۆژهەڵات.

بـە واتایەکـی دیکـە، بەپێـی جـۆری چالاکییەکانـی بەردەنـگ و مەبەسـتی کەمپەین "شـاخ و شـار"ە. خـۆ دیارە ئەم کەمپەینـە رەهەنـدی رێکخراوەیـی بە واتا باوەکـەی تێدا بەدی ناکرێ، بەڵام رەهەندە فکرییەکانی بەرچاو و هەستپێکراون.

تەنانەت لە نەبوون و بۆشایی حیزبەکانی رۆژهەڵاتـدا بـۆ پرسـە جۆربەجۆرەکانـی کۆمەڵگـە، سـەرەڕای نەبوونی دەسـەڵاتی میدیایـی، تەنیـا لەڕێگـەی ئـەم تـۆڕە کۆمەڵایەتییانـە جووڵە لە ناوخۆ و دەرەوە سـاز دەکا. گۆڕینـەوەی بیـروڕا و زانیاری بـە شـێوەیەکی ئـازاد و بەرامبـەر دەبێتە هـۆی سـازبوونی کردەیەکـی کەلامـی لە فەیسـبووکدا و دواجـار پـاش خەملانـدن و گواسـتنەوەی بـۆ دنیای واقیـع، دەبێتە هـۆی کردەیەکی پەیوەندی کە دەتوانێ بۆ چارەسـەری پرسـەکان رێـکار بدۆزێتەوە. واتە رێک ئەم شتەی کە سەبارەت بە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بینیمان. ئەوان سـەرەتا بە هێنانە بەرباسـی ئەم پرسە لە فەیسـبووک و سازدانی گرتەی ڤیدیۆیی لە یوتیوبدا، مۆنۆلۆگی حیزبەکانیان هەنووکە کـردووە بـە دیالۆگ و بەدەنـە و ئەندامان و سـەرکردایەتییان وەقسـە هێناوە، بڤە و تابووەکانیـان شـکاندووە، ئەگـەر بەهاری عەرەبی لە شۆڕشـی تونسـدا بـە یارمەتی فەیسـبووک هاتەدی، ئەگـەری ئەوە هەیە ئـەم راگەیاندنـە نوێیانە ئەگەر بە باشـی لـە پتانسـییەلەکانیان کەڵـک وەربگیرێ، یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان خێراتر بکەن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



گۆران محەممەد

# داعشی خۆماڵی

نە ژمارەیان کەمە و نە کاریگەرییان، داعشی خۆماڵی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر دەبێ. کە لە مووسڵ بە تەور سەری پێشمەرگە بپەڕێنێ، بۆ ئەستەمە لە هەولێریش ئەم و ئەو بتۆقێنێ؟

خەم ئەوە نییە داعش چی دەکا؟ ما داعش مەعلوومە ئەتواری، خەمی گەورە ئەوەیە لە کوردستاندا هێشتا کارگەی بەرهەمهێنانی بیر و بازوو بۆ داعش ئاوەدانە. پێچ و پەنای نەگەرەکە، حیزبی ئیسلامیی کوردیی لە دروستبوونی داعشی کوردی بەرپرسیارن. ئاخر ئێوە هەرگیز بیستووتانە پارتی یان یەکێتییەک بوویێتە داعش؟ با نازناوی زۆربەی سەرکردەکانیشیان مەلا بێت، بەڵام هەرگیز چاوەڕێ دەکەن شیوعییەک بۆ داعش وەرگەڕێ؟ حیزبی کوردی گەندەڵ دروستدەکەن لێ داعش بەرهەمناهێنن. هیچ خێزانێکی کوردیش کە نزیکەی هەموویان موسڵمانن، داعش بەرهەمناهێنن، کەواتە ئەوە موسڵمانبوون نییە داعش لە کوردستاندا دروست دەکات، ئەوە ئیسلامیبوونە ئەو کارە دەکات.


ئایین لە زەینی خەڵکدا بەرگی پیرۆزیی پۆشیوە کێشە نییە، بەڵام خۆ ئەمە ناکاتە ئەوەی حیزبی ئاینییش پیرۆز بێت! حیزبی ئاینی نەک هەر پیرۆز نییە، دەرکەوت زۆر مەترسیداریشە، ئاخر قاتیان لەبەر بێت یان شەرواڵ، نەتەوە لەلایان پلە دووە، مێزەریان بەستبێ یان سفوور بن، کە تێیانگیرا ئامادەن خوات بەگژدا بکەن و گیانت بکێشن.

حیزبی ئیسلامیی کوردی ناڵێن داعش ئیسلام نییە، دەڵێن داعش ئیسلام ناشیرین دەکات. ئەمە ڕێک وەک ئەوە وایە سۆزانییەک بڵێ سێکسفرۆشتن عەیب نییە، بەڵام لەوانەیە تووشی نەخۆشیت بکات. ئاخر حیزبی ئیسلامیی کوردی کە دەڵێ داعش ئیسلام ناشیرین دەکات، ئەوە هەڵوێستی سیاسی نییە لەدژی داعش، ئەوەندەی موجامەلەکردنی بیری داعشیانەیە، نیو هێندە پرۆتێستۆکردنی هزری داعش نییە.

حیزبی ئیسلامیی کوردی، ڕۆژانە لە سووچێکەوە ڕوخسارێکی داعشیانەمان نیشان دەدات، جارێک کۆنە و تازە ئەندامیان دەڕۆنە ڕیزی داعشەوە، لەکاتێکیشدا داعشێکی کورد سەری پێشمەرگە دەپەڕێنێ، ئەوان هاوزەمان دڵخۆشیی خۆیان بۆ ئازادکردنی مەرجداری مەلا کرێکار نیشان دەدەن کە یەکێکە لە ڕابەر و دامەزرێنەرانی سەرەتاکانی داعشی کوردی.

نزیکەی هیچ توندڕۆیەکی ئیسلامیی کورد نادۆزیتەوە، دوور یان نزیک، پەیوەندی بە حیزبێکی ئیسلامییەوە نەبێت، نزیکەی هیچ ڕێکخراوێکی ئیسلامیی کورد و غەیرە کوردیش لەسەرتاسەری دونیادا نادۆزیتەوە بە بڕیاری بنبڕ بڵێ داعش ئیسلام نییە، توندترین ڕەخنەیان لە داعش ئەوەیە بەد لە ئیسلام و شەریعەت حاڵی بوون، ئەرێ با بچین لە 10 منداڵەکەی هوجام سورچی پرسیار بکەین، دڵتان بەوەندە وەسفە بۆ داعش ئاو دەخواتەوە؟

ڕێی تێناچێ ئەو مزگەوتەی نالی و سالم و کوردیی دروستدەکرد ئەمڕۆ داعش بەرهەمبهێنێ، ئەوە کوردی موسڵمان نییە دەبێتە داعش، ئەوە کوردی ئیسلامییە، کەواتە تا حیزبی ئیسلامیی کوردی هەبێت، هەڵێنانی جووجەڵەی داعش هەر بەردەوام دەبێت.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# کارتەکە هەڵگەڕایەوە

سەردانی چەند ڕۆژ پێش ئێستای هەردوو جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی و بەرهەم ساڵح بۆ لای سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەرەکانی جەنگ، ڕەنگبێ ئەوەی بەبیر جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی هێنابێتەوە کە ئەگەر لەناو حیزبەکەی خۆشیدا ڕێگەی لێ گیرابێت، ئەوا لەسەر ئاستی پۆستەکەی لە هەرێمی کوردستان نەک هەر جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، بگرە هاوکات جێگری فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانیشە و دەتوانێ لە هەر شوێنێک کە پێویست بێت ڕۆڵی خۆی ببینێ. بە تایبەتیش کە ڕابردووی ئەو وەک پێشمەرگەیەک و فەرماندەیەکی بوێر لە زەینی هەموو کەسدا هەیە.

هیچ ڕاگەیەندراوێکی فەرمی دوای دیداری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەردوو جێگرەکەی سکرتێری گشتی لە بەرەکانی جەنگی دژە داعش لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دیجلە ئاماژە بەوە ناکات کە چ باسوخواسێک لە نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) کراوە، بەڵام ئەوەی لەولا و ئەولا دەبیسترێ و بە تایبەتیش بەم دواییە بەرچاو دەکەوێت، ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە، دوای ئەو دیدار و بەسەرکردنەوەیەی بەرەکانی جەنگ داوای لە جێگرەکەی خۆی کردبێت ڕۆڵی خۆی ببینێ. هەر بۆیەش لەو بروسکانەی کە بەم دواییە لە بەرەکانی جەنگی باشوورەوە و بە تایبەتیش ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کەرکووکەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێن، کۆسرەت ڕەسوڵ وەک فەرماندەی گشتیی ئەو ناوچانە مامەڵە دەکات و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. ئەوە زۆر ئاشکرایە کە لە گرتنی جەلەولا و سەعدیەدا بۆچی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێدەنگ بوو، بەڵام ئەمڕۆ دوای شەڕەکانی کەرکووک هەم جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بروسکە دەنێرێت و هەم سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش وەڵامی بروسکەی پیرۆزبایی سەرکەوتنەکان دەداتەوە.

ئەوەی ڕوودەدات، ڕەنگبێ بەدڵی زۆر کەس و لایەن نەبێت، بە تایبەتیش کە باڵی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتی نیشتمانی، ئەو شەڕەی ئێستای وەکو دەرفەتێک بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکانی تەماشا دەکرد. هەر لە لابردنی هەندێک فەرماندەی سەربازی و گۆڕینیان بە کەسانی دیکەوە بگرە تا ئەوەی کە وا نیشان بدەن ئەوە بەس ئەوانن دەتوانن شەڕی داعش بکەن و تەنانەت بۆ بەلاداخستنی هاوکێشەکە لە قازانجی خۆیان سڵیان لەوە نەکردەوە لەگەڵ حەشدی شەعبی و ئێران هاوکاری بکەن. ئەوانەی کە لە شەڕی جەلەولا و سەعدیەدا جریتیان لێدەدا، بە پارتی و یەکێتی و پەکەکەشەوە ئەمڕۆ بێدەنگ بوونە و کەسیان ئیدیعای ئەوە ناکەن کە پاڵەوانی ئەو شەڕەن. تەنها ناوێک کە ئەمڕۆ قسە دەکات، جێگری فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگە و کاربەدەستانی وەزارەتی پێشمەرگەن.

ئەم گۆڕانە نەوعییە لەشەڕی دژ بە داعش لە بەرەکانی جەنگ، بە تایبەتیش ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی یەکێتی نیشتمانی وایکردووە کە نفوزی ئێران و حەشدی شەعبی لە هاوکێشەکاندا کەم بێتەوە. چونکە جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا خاوەنی هەمان ڕوانگان بۆ ئایندە و پێیانوایە کە دەبێ داعش لە ناوچەکەدا بە دەست و بازووی پێشمەرگە و هاوکاریی مەشروعی نێودەوڵەتی پاک بکرێتەوە، نەک بە ڕێککەوتنی ژێربەژێر کە سبەی نەتوانرێ لەبن باری بەرپرسیارێتییەکەی دەربچن، یان ڕێککەوتنێک کە لە کۆتاییەکەیدا هاوسەنگیی سیاسی لە کوردستاندا لەژێر کاریگەریی ئەجێندای سیاسی وڵاتانی ئیقلیمی دیزاین بکرێتەوە.

ئاکتیڤبوون و گەڕانەوەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، جیا لەوەی کە بەربەستە لەبەردەم ئەو سیناریۆیانەی باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی بۆ ئایندەی حوکمی کوردستان دایڕشتبوون، هاوکات وایکردووە کە هێزەکانی هاوپەیمانان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان پتر جوڵە بە خۆیان بدەن و شەڕەکان لە موزایەدەی سیاسیی حیزبەکان دەربچن. ئەوەتا میدیای پارتی دوای گەڕانەوەی جێگری سەرۆکی هەرێم بۆ گۆڕەپانی شەڕ باسی پێشمەرگەکانی پارتی و یەکێتی ناکات، باسی ئەوە ناکات کە چەند پێشمەرگەی یەکێتی یان چەند پێشمەرگەی پارتی بەشدارن! بە پێچەوانەی باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی کە دەیەوێ هێزی دژە تیرۆر (کە لەوە زیاتر چی دیکەیان بەدەستەوە نەماوە) بکاتە شەریک و برابەش.

ئەوە هەڵگەڕانەوەی وەرقەکەیە کە ئایندەی سیاسیی کوردستان دوای شەڕی داعش نەخشەڕێژ دەکات، بەڵام دەبێ چاوەڕێ بین بزانین باڵی دەستڕۆیشتوو بۆ ئەو قۆناغە چی پێیە.



جەنگ ساگنیچ

# دەکرێ پڕۆژەی جیاکردنەوەی شەنگال پێچەوانە بکرێتەوە

لەڕاستیدا وا پێویست دەکات ددان بەوەدا بنێین کە هەڵمەتی پروپاگەندەی پەکەکە و یەکێتیی نیشتمانی لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەک کاری لە کۆمەڵگەی ئێزیدی لە شەنگال و لە هەندەران کردووە.

گومانێک لەوەدا نییە کە ئەو ئامادەکاریانەی بۆ کانتۆنی شەنگال دەکرێن ناگەنە هیچ ئەنجامێک، بەڵام دیارە کە هەر ئەم هەوڵانە، بۆ یەکەمجار توانیویانە تۆوی جیابوونەوە لەم هەرێمەدا بچێنن.

پەکەکە ئەو دەسەڵاتە ئابووری و سەربازییە پێویستەی نییە کە بتوانێت لە داهاتوویەکی نزیکدا ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ ئێزیدییەکان چێ بکات و ڕاستییەکەی بەبێ ئابوورییەکی پتەو و دەسەڵاتێکی عەسکەریی باش، دانانی کانتۆن کارێکی بێهوودە و بێ دەرئەنجامە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە پەکەکە خۆی لە کێشەدایە سەبارەت بەوەی چۆن لەڕووی ئابوورییەوە سێ کانتۆنەکەی ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوە ببات کە زۆر بە لەڕو لاوازی دامەزراون. دیارە هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەم پەکەکەش ئاگاداری ئەم کەموکوڕییەی دەسەڵاتی ئابووری و سەربازیی پەکەکە هەن.

لێرەدا، کاتێک لە ڕوانگەیەکی تەواو ڕاڤەییانەوە دەڕوانینە کێشەکە، دەردەکەوێت کە مەبەستی سەرەکی لە نانەوەی ئەم باسە و پشتگیریکردنی سەربەخۆیی شەنگال، شڵەژاندنی سیستەمی سیاسی باشووری کوردستانە، لەڕێگەی هێنانەپێشەوەی ناسنامەیەکی جیاوازی ئێزیدی کە لە یەک کاتدا هەم جیاخوازە و هەم دەستکرد.

با ئەوەش بڵێین، لە سەردەمی تەکنەلۆژیای زانیاریدا، کار لەسەر هەر بیرۆکەیەک بکرێت و بە باشی بانگەشەی بۆ بکرێت، زۆر خێرا لەوەی چاوەڕوان دەکرێت، بڵاودەبێتەوە.

ئێستا با زۆر باسی ئەوە نەکەین کە ئایا ئێزیدییەکان خۆیان ئەم بیرۆکەیە وەردەگرن یان نا، چونکە ئەمەیان جارێ زۆر گرینگ نییە، بەڵام ئەوەی کە دەبێ جێگەی بایەخ بێت، ئەوەیە کە ئایا ئەم دەنگە جیاخوازانە لە داهاتووشدا هەر دەمێننەوە یان نا. پەکەکە لە کوردستان و لە هەندەران کە دەنگە ڕووناکبیرەکانی ئێزیدیانی لێیە، بە جۆرێک دەستی بەسەر گوتاری ئێزیدیدا گرتووە کە پێناچێت جارێ حکومەتی هەرێم بتوانێت بەرپەرچی بداتەوە. ستراتیژی جیاخوازانی ئێزیدی بۆ دامەزراندنی کانتۆنی شەنگال هەر لە سەرەتاوە ئەوە بوو کە زۆرترین داوایان هەبێت و زۆرترین دەستکەوتیش لە حکومەتی هەرێمەوە بەدەستبێنن.

دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر داواکارییەک لە جیاخوازان وەربگرێت، پەکەکە بە سەرکەوتن بۆ خۆی دژ بە حکومەتی هەرێم تۆماری دەکات و پروپاگەندەی بۆ دەنێتەوە. ئەم سەرکەوتنانە تا ئێستا بریتی بوون لە هێزێکی تایبەتی پێشمەرگە بۆ ئێزیدییەکان، دەستکاریکردنی شێوازی ئیدارەی شەنگال و تەنانەت ڕاهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوەی کە ئەم دەستەواژانە بە جۆرێک بەکاربهێنێ، ڕەوایەتی بە جیاوازیی ناسنامەی ئێزیدی لە شەنگال بدات.

هەر کامێک لەو دەستکەوتانەی سەرەوە وەک سەرکەوتنی پەکەکە بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لێکدەدرێنەوە و لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بۆ ئێزیدییەکان پروپاگەندەی بۆ دەکرێت. کە ئێمە بەم شێوەیە سەیری باسەکە دەکەین، لەڕاستیدا دەگەینە ئەو ئەنجامە کە بەیاننامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمەڕ دداننان بە پێگەی تایبەتی شەنگال، ڕاستەوخۆ دەستکەوتی ئەم ستراتیژە هاوبەشەی پەکەکە و یەکێتییە کە لەلایەن چەند دەوڵەتی ناوچەکەشەوە پاڵپشتی دەکرێت.

سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەنگال دەتوانێت دەستکەوتی دیکەشی بەدواوە بێت. گەورەترین هەڵەی عێراق و سووریا لە شەڕی ناوخۆدا ئەوە بوو کە ڕێگەیان دا میلیشیای جۆراوجۆر دروست ببن و جڵەوی شەڕەکەیان لە دەست دەربچێت و دواتر هەر ئەو میلیشیایانە بکەونە بندەستی وڵاتانی بێگانەی ناوچەکەوە. خۆشبەختانە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکەوتە داوی ئەم تەڵەیەوە و ئەگەرچی لە دەسەڵاتیدا هەبوو، بەڵام میلیشیای جیاوازی دروست نەکرد. هەر لادانێک لەم سیاسەتە، بەتایبەتی دروستکردنی هێزی تایبەتی ئێزیدی نەک هەر تەنیا زیان بە ناسنامەی نەتەوەیی پێشمەرگەی کوردستان دەگەیەنێت، تەنانەت هێزی پێشمەرگەی ئێزیدییش دەخاتە بەردەم دەستێوەردانی دەرەکیی ئەو هێزانەی دژی حکومەتی هەرێمی کوردستانن و ڕێگەش لەبەردەم دەنگە ڕادیکاڵە جیاخوازەکانی ناو گوتاری ئێزیدی دەکاتەوە.

پشتگیریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناسنامەیەکی ئێزیدیی دەستکرد نابێ تاکە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەنگە جیاخوازانەی ئێزیدییەکان بێت کە دوای هێرشەکانی داعش پەرەی سەندووە. بیرمان نەچێت بەعەرەبکردنی کوردستان لە کاتی خۆیدا پرۆژەیەکی زیرەکانە بوو بۆ دابینکردنی ئاسایش لە عێراق. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت پرۆسەیەکی هاوشێوە بەڵام بە ناوەڕۆکێکی زۆر ئینسانیانە و مرۆڤدۆستانە بەڕێوە ببات بۆئەوەی حوکمی خۆی لە ناوچە کێشە لەسەرەکان زیاتر بکات. نیشتەجێکردنی بەکۆمەڵی خانەوادە کوردەکان لە زوممار و ڕەبیعە و تلکێف بە دڵنیاییەوە پشتێنێکی کوردی دروست دەکات و کۆتایی بە پەرتەوازەیی لە شەنگال دێنێت.

بە دڵنیاییەوە ئەگەر شەنگال بە تەواوی لەم ڕێگەیەوە ببەسترێتەوە بە هەرێمی کوردستانەوە، توانستی پڕۆپاگەندەی جیاخوازانە زۆر کەم دەبێتەوە. بۆ نموونە ئەو شوێنانەی دەوروبەری شەنگال کە پێشتر عەرەبی سوننەی لێ دەژیان و ئێستا بەهۆی گرتنەوەیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لەوێ کۆچیان کردووە، دەکرێت بکرێتە ناوچەیەک کە بە کۆمەڵ خانەوادەی کوردی بۆ بچێت بەبێ جیاوازیی ئاینی، یان تەنانەت ئاوارە کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانی لێ نیشتەجێ بکرێت. لەم ڕێگەیەوە هاوسەنگی ئاینیش لە ناوچەی شەنگال ڕادەگیرێت و هیچ ئاینێک بەسەر ئەوەی دیکەدا زاڵ نابێت و نابێتە زۆرینە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەم ستراتیژەوە دەتوانێت تەنانەت بۆ دواڕۆژێکی دووریش لە بەرژەوەندیی کوردستان هاوسەنگی بداتە ئەم ناوچە ناکۆکی لەسەرانە. یەکەم هەنگاو بۆ ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە کاتێکە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار بێت لەوەی گۆڕانکاریی دیمۆگرافی و گۆڕینی هاوسەنگی کاتێک ڕوودەدات کە ناوچەیەک بە دۆخێکی شڵەژاودا تێدەپەڕێت، واتە ڕێک ئەوەی کە ئێستا لە شەنگال و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لەئارادایە.

**جەنگ ساگنیچ، توێژەرە لە سەنتەری موشێ دایان بۆ لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە تەلئەڤیڤ، ئیسرائیل و ئەم وتارەی تایبەت بۆ (ڕووداو) ناردووە.**



د. هیوا حاجی

# دەوڵەتی کوردی لە ماف زیاترە

لەسەدەی بیست و لەگەڵ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی لەم بەشەی کوردستان، هەمیشە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی وەک دوا خەون یان ئامانجی هەرە مەزن، یان دوا وێستگەی بزووتنەوەی کوردایەتی وێنا کراوە. بێگومان هەرگیز بە ئاشکرا، ڕاستەوخۆ و پراکتیکی هەوڵ بۆ ئەم ئامانجە نەدراوە، بەڵام کەسیش نەیشاردووەتەوە کە دامەزراندنی دەوڵەت خەونێکی ڕەوای کوردە. ئەوانەی باسی بەدەوڵەتبوونی کوردیان کردووە، ئەگەر سەرکردەی بزووتنەوەی کوردایەتی بووبن یان ڕۆشنبیر و توێژەر، لە چوارچێوەی دوو پاساودا دامەزراندنی دەوڵەتیان بە ڕەوا زانیوە. جارێک وەک ماف، واتا هاوشان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی جیهان کورد ئەو مافەی هەیە خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت و جارێکیش وەک قەرەبوویەک بۆ ئەو ستەمەی کورد تووشی بووە لە ئەنجامی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و زەواجی زۆرەملێ لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا.

بە تێگەیشتنی ئێمە، بۆ ئەم بەشەی کوردستان و لەم قۆناغە مێژووییەدا، مەسەلەی بەدەوڵەتبوون زیاترە لەو دوو پاساوە. دامەزراندنی دەوڵەت پێویستییەکی قۆناغەکەیە و مەرجی بنچینەییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تەحەداکانی ئێستا و داهاتووش.

لەسەرەتای ساڵی 2014 ەوە تا ئەمڕۆ، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی دوو تەحەدای گەورە بووەتەوە. یەکیان بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان و ئەوەی دووەمیشیان شەڕی داعش. ئەم دوو مەسەلەیە خاڵی وەرچەرخانن بۆ تێگەیشتن لە گرنگیی بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان. ئینجا با بەچەند دێڕێک قسە لەسەر هەریەک لەم دوو بابەتە بکەین:

زۆر ئەستەمە بۆ هەرێمی کوردستان کە بتوانێت لەدرێژ مەودادا و لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا گەشەی ئابووری بەدەستبێنێ. تا ئەو شوێنەی هەرێمی کوردستان بەشێک بێت لە دەوڵەتی عێراق، ئابووریی هەرێمی کوردستان ڕەنگە لە دوو بژارە زیاتری لەبەردەمدا نەبێ: یەکەم، هەرێمی کوردستان بە تەواوی پشت بە پشکی خۆی ببەستێ لە بودجەی دەوڵەتی عێراق و لەبەرامبەردا هەموو نەوتی خۆی لە ڕێگەی حکومەتی عێراقەوە بفرۆشێ.

دووەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باشترین حاڵەتدا، بەشێک لە نەوتی خۆی بداتە حکومەتی عێراق و بەشێکیشی خۆی بیفرۆشێ وەک ئەوەی لە ڕێکەوتنەکەی کۆتایی ساڵی ڕابردووی نێوان هەولێر و بەغدا ئیمزا کرا. هیچکام لەو دوو بژارەیەش، بە تەواوی باش نین.

هەرێمی کوردستان ئەگەر بیەوێ بچێتە پێش، دەبێ خاوەن ئابووریی سەربەخۆی خۆی بێت. بەکورتی مەبەست لە ئابووریی سەربەخۆ ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بتوانێ "بە تەنیا" ئیدارەی سەرچاوە ئابوورییەکانی خۆی بکات. چۆن پارە پەیدا دەکات و لە کوێدا خەرجی دەکات؟ لە چ بوارێکدا سەرمایەگوزاری دەکات؟ دەیەوێ هەرێمەکە لە دوای 20 ساڵی دیکە لە کوێ بێت؟ ئەوەی دەمانەوێ بیڵێین، ئەوەیە کە هیچ یەک لەم پرسیارانە لە چوارچێوەی ڕەوشی ئێستای هەرێم، وەک بەشێک لە دەوڵەتی عێراق وەڵام نادرێنەوە. زۆر زەحمەتە هەرێمی کوردستان خاوەنی ئابووریی سەربەخۆبێت بەبێ سەربەخۆبوونی سیاسی. بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان نیشانیدا کە نەبوونی سەربەخۆیی ئابووری خاڵێکی لاوازی هەرێمە و هەمیشە دەتوانێ لەمپەڕ لەبەردەم گەشە ئابوورییەکەی دروست بکات. بەکارهێنانی ئەو کارتە دژی هەرێمی کوردستان تا ئێستا بەردەوامە و ئەگەری ئەوەش بەهێزە لە داهاتوودا دووبارە ببێتەوە.

لەپەیوەندی لەگەڵ شەڕی داعشیشدا چەند مەسەلەیەکی دیکە ڕوون بوونەوە. گرنگترینیان ئەو ڕاستییەیە کە حکومەتی عێراق ئامادە نییە ڕێگە بە بەهێزبوونی توانای بەرگریی هەرێمی کوردستان بدات. ئەمە لە دوو ئاستدا دیارە. بەر لە شەڕی داعش، حکومەتی عێراق خۆی لە پڕچەککردن و ڕاهێنان و بودجەی پێشمەرگە دزییەوە. لەدوای بەرپابوونی شەڕەکە و هەوڵدانی بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ پڕچەککردن و ڕاهێنانی پێشمەرگە، ئەوجا حکومەتی عێراق هەوڵی سنووردارکردن و کۆنترۆڵ خستنە سەر ئەو پاڵپشتییە سەربازییە دەدات. لەسەردەمی مالیکییەوە تا ئێستا، حکومەتی عێراق سوورە لەسەر مەرجدارکردنی پاڵپشتی سەربازی بە هەبوونی کۆنترۆڵ و پشکنین لەلایەن بەغداوە. بۆیە، دیسان زەحمەتە بۆ هەرێمی کوردستان بتوانێت پەرەسەندنێکی سەربازی گەورە و هەستپێکراو بهێنێتەدی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا.

بە ڕادەی گرنگیی سەقامگیریی ئابووری، مانەوەی هەرێمی کوردستان بەندە بە پەرەپێدان بە توانا سەربازییەکانی. ئەم شەڕەی ئێستاش کۆتایی بێت، ئەگەری مەترسیی دیکە هەر لەئارادا دەبێت. بۆیە دەبێ هەرێمی کوردستان بتوانێت لەڕووی سەربازیشەوە خاوەن سەربەخۆیی بێت. دەبێ هەرێمی کوردستان دەستنیشانی بکات چەند پێشمەرگەی پێویستە؟ چ چەکێک و چ جۆرە ڕاهێنانێکی گەرەکە؟ لەوەش زیاتر بە سەربەخۆیی بتوانێ پەیدایان بکات. هەرێمی کوردستان لە کاتی ئێستادا لەبری دەوڵەت جەنگ دەکات.

بە باوەڕی ئێمە دۆستە ڕاستەقینەکانی کورد، ئەگەر هەبن، دەبێ لەوە تێبگەن کە ڕەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان پێویستی بە بازدانێکی گەورەیە. هەرێمی کوردستان پێویستی بەسەربەخۆیی سیاسی و ئابووری و سەربازیی هەیە و هەموو ئەو سەربەخۆییانەش بە ناسنامەی ئێستای هەرێمەوە وەک بەشێک لە دەوڵەتی عێراق زۆر زەحمەتە بێنەدی. بەو دۆخەی ئێستای، هەرێمی کوردستان هەمیشە موعەرەزە بۆئەوەی تووشی قەیرانی جۆراوجۆری ئابووری و ئەمنی ببێتەوە.

ئێستا لە هەمووکات زیاتر باس لە مەسەلەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەکرێ و بەم دواییەش هەندێ ئاماژەی ئەرێنی لە بەریتانیا و یەکێتی ئەورووپاشەوە بەدەرکەوتن. دیارە ئێمە دڵنیانین تا چەند ڕۆژئاوا لە پشت بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستانە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر پشتگیری لە هەنگاوێکی لەم چەشنە بکەن، ئەوا هۆکاری پراگماتیکی لەپشتە و ڕەنگە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەوەوە نەبێت کە ئایا کورد مافی هەیە دەوڵەتی هەبێت یان نا. لێرە بەدواوە، دەبێ سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییە دیپلۆماتیەکانی بە ئاراستەی ڕوونکردنەوەی گرنگیی پراگماتیی بەدەوڵەتبوون بەرێ نەک تەنیا و تەنیا تەرکیز بکاتە سەر ماف و شتی لەو بابەتە کە لە دنیای ئێستادا، بەداخەوە کڕیاری زۆری نییە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# لاسایی داعش مەکەنەوە

پێدەچێ کورد لەبیری چووبێت بۆچی دنیا لە شەڕی دژی داعشدا لەگەڵی هاوسۆزە. بۆیە سڵ ناکاتەوە لەوەی لە توندوتیژیدا هەوڵی لاساییکردنەوەی داعش بدات. ئەمە سەرەتایەکی مەترسیدارە و نابێ لێی بێدەنگ بین.

ڕێکخراوی هیومەن رایتس ووچ لە دوایین راپۆرتیدا زەنگێکی مەترسیداری لێداوە: "حکومەتەکان بەبیانووی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرەوە مافەکانی مرۆڤ پێشێلدەکەن". هەڵبەت لەنێو ئەو حکومەتانەدا دەبێ حکومەتی عێراقیشی تێدابێت، کە ئێستا مەیدانی راستەقینەی شەڕە لەدژی داعش.

چوار مانگ پێش ئێستا، چوومە ناوچەی ئامرلی. لەنێوان ئامرلی و خورماتوودا ئاوایی گەورە هەبوون کە بەتەواوی چۆڵکرابوون و دانیشتووانیان تەنیا لەبەرئەوەی عەرەبی سوننە بوون بۆیان نەبوو بگەڕێنەوە بۆی. ئەوان لە خورماتوو و کەرکووک پەرتەوازە ببوون و ژیانێکی کۆڵەمەرگانەیان هەبوو. هەندێکیان، کە هەوڵیاندابوو بگەڕێنەوە، شوێنبزر ببوون و دوای ماوەیەک تەرمەکانیان دۆزرابوونەوە. ئەوکات دەمگوت جیاوازیی کورد لەگەڵ هێزە عەرەبییەکان (بە شیعە و سوونەوە) لەوەدایە کە نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی دڕندایەتی و هێشتاش ڕێساکانی جەنگ ناشکێنین.

لە چوار مانگی رابردوودا ئەو تێگەیشتنەم گۆڕدراوە. ئەو کوردەی جاران بە بینینی تەرمی داعشێک رادەچڵەکی، ئێستا هەر بۆخۆشی ئەلبوومێک وێنەی داعشی کوژراو لەسەر فەیسبووک دادەنێت و هاورێکانیشی لایک و شەیری دەکەن. پێرێ لە شارێکی کوردستان تەرمی چەند داعشێکیان خستبووە پشتی ئۆتۆمبێلێکەوە و بە کۆڵانەکانی شاردا، کە پڕن لە منداڵ و ژن و پیر و پەککەوتە، دەیانگێڕان.

بەرلەوەی داعش مووسڵ بگرێت، کەمپەینێکی بەهێزی تۆقاندنیان لەڕێگەی یوتیووب و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەڕێوەبرد. لەو کەمپەینەدا سەربڕین وەکو ئاوخواردنەوە پیشاندەدرا. بۆیەش کە هاتنە ناو مووسڵ، نەوەت لەسەدی سەربازان و خەڵکی دیکەش، لەترسی سەربڕین و دڕندەیی داعش نەیانتوانی بەرەنگاریان ببنەوە. هەمان شت لەو ناوچانەی کوردستانیشدا روویدا کە کەوتنە دەست داعش. فەرماندەکانی پێشمەرگە بۆیان باسکردووم کە داعش بۆ ئەو ناوچانە هێزی گەورەی نەناردووە، بەڵام لەدڵی خەڵکدا هەر داعشێک دێوێک و دڕندەیەک بووە و کوڕی ئازا ئەو کەسە بووە کە خۆیانی لێ دەرباز بکات!

داعش سوودی لەمە بینی، بەڵام پێشمەرگە چ سوودێک دەبینێت لەوەی لە گەرمەی شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ داعشدا لەجیاتی ئەوەی دەستی لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکەی بێت، مۆبایلی بەدەستەوەبێت و وێنەی لاشەی شێواوی داعش یان سووکایەتیی چەند گەنجێکی خوێنگەرمی تووڕە بە تەرمەکان یان دیلەکان بگرێت؟

هەموو کەس دەزانێت سەرکردایەتیی پێشمەرگە ڕێنماییان نەداوەتە پێشمەرگە کە سووکایەتی بە داعش بکەن یان بەمردوویی سەریان ببڕن. بۆیە نابێ فەرماندەکان ڕێگە بدەن ئەوە رووبدات. چونکە شەڕی پێشمەرگە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی دڕندەییە نەک شەڕی دووبارەکردنەوەی دڕندەیی. دنیاش لەبەر شەڕی یەکەم لەپشتمانە نەک لەپێناوی ئەوەی دووەمدا.






بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# کۆبانێ یان پرۆسەی چارەسەری؟

ئەردۆغان لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە هاوکاریکردنی کۆبانێ بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ئەو شارۆچکەیە گوتی: "کاتێک کە تۆپبارانتان دەکرد، بیرتان لەوە نەدەکردەوە دواتر چۆن بنیادی دەنێنەوە!". دواتریش بە روون و ئاشکرایی گوتی کە بە هیچ شێوەیەک هاوکاری کۆبانێ ناکەن. لە بەرامبەردا پارتی دیموکراسی گەلان HDP وەڵامی توندی ئەردۆغان و پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتداری دایەوە.

لەلایەکی دیکەوە ئەوە لە شارۆچکەی جزیرە و سلۆپی لە باکووری کوردستان دیاردەیەکی نوێ دروست بووە کە ئێستا نە قەندیل نە ئیمراڵی و نە ئەنقەرە دەستیان بەسەریدا ناڕوات. ئەو گرووپانەی کە بە خۆیان دەڵێن گەنجانی PKK ، لە چەند ناوچەیەک خۆبەڕێوەبەری دیموکراتییان راگەیاندووە.

هەموو ئەم پێشهاتانە بوون بە هۆکاری ئەوەی کە ئەو شتەی پێیدەگوترا پرۆسەی چارەسەری داخڵی کۆڵانێکی داخراو ببێت. بە واتەیەکی دیکە، پرۆسەی چارەسەری بە هۆی داخوازی خۆڕسکی PKK وە بۆ بەردەوامی لە خەباتی چەکداری و کیانێکی سیاسی لە باکووری کوردستان بەرەو کۆتایی دەڕوات.

هەفتەی پێشوو، راوێژکاری سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە هەولێر بوو. لە گوتارێکیشدا کە لەبەردەم کۆمەڵێک لە کەسایەتییە دیارەکانی کوردستان پێشکەشی کرد، راشکاوانە گوتی کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی چارەسەری دوو پەیمانی بە تورکەکان داوە: یەکەمیان ئەوەیە کە PKK چەک دابنێ و دووەمیشیان ئەوەیە کە داوای هیچ کیانێک نەکەن بۆ کورد لە باکووری کوردستان. ئەمانەش بوون بە گەرەنتی بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی چارەسەری.

هەتا ئێستا کەس لە لایەنی پەکەکەوە ئەم لێدوانەی بە درۆ نەخستەوە. لەم حاڵەتەدا دەکرێت پشت بەم قسەیە ببەسترێ. ئەگەر ئەم قسەیەش راست بێت، کەواتە پرۆسەی چارەسەری ئێوە خۆش. چونکە تەنانەت ئەگەر ئۆجەلان چەند ساڵێک پێش ئێستا پەیمانی چەک داماڵینی دابێت، بەڵام ئەمڕۆ بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەک گۆڕاوە تەنانەت ئەگەر قەندیلیش قایل بێت بە چەکداماڵین، ئەمری واقیع ڕێگە بەوە نادات.

ئەوەتا هێزێکی نوێ دروست بووە کە نە گوێ بۆ قەندیل دەگرن نە بۆ ئیمراڵی. کیانی سیاسیی خۆیان بنیاتناوە و حساب بۆ ئەو گەرەنتیە ناکەن کە چەند ساڵێک پێش ئێستا "سەرۆک ئاپۆ" داویەتی.

راستتان دەوێت، ئەو لێدوانەی راوێژکاری سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە هەولێر دای، مەبەست لێی ئەوە بوو کە ئەگەر پرۆسەی چارەسەری تەواو بوو گلەیی مەکەن، خەتای ئێمە نییە، خەتای پەکەکەیە، ئەوەتا لەسەر پەیمانی خۆیان نەماون. تورکیا پێماندەڵێ ئەگەر دەتانەوێ پرۆسەی چارەسەری بەردەوام بێت، دەبێت ئێوە واز لە کۆبانێ بهێنن، واز لە پاراستنی سەر و ماڵ و شەرەفی خۆتان بهێنن، چەک دابنێن، واز لە کیانی کوردی بهێنن و تەسلیمی ئیرادەی ئێمە بن.

لێرەدا پرسیارە گەورەکە ئەوەیە کە "ئایا کۆبانێ بکەینە قوربانی پرۆسەی چارەسەری یان پرۆسەی چارەسەری بکەینە قوربانی کۆبانێ و بەرخودان و سەروەریمان.

ئەگەر لە من دەپرسن، هەزار پرۆسەی چارەسەری دەبێت بکەینە قوربانی کۆبانێ و پارێزگاریکردن لە خاکی کوردستان. چونکە ئەو شتەی کە پێیدەگوترا "پرۆسەی چارەسەری" ئەوە نەبوو کە ئێمەیان لێ حاڵی کردبوو.

میدیای PKK لە سەرەتاوە، بگرە هەتا ئێستاش پرۆسەی چارەسەرییان وا بە کورد ناساند کە پرۆسەی ئاشتی نێوان کورد و تورک بێت. بەڵام لە راستیدا ئەوە نەبوو، تورکەکان راشکاوانە گوتیان پرۆسەی چارەسەری بۆ ئەوان پرۆسەی کۆتاییهێنانە بە کێشەی تیرۆر. کەوابوو ئەمە چەند خزمەت بە چارەسەری کێشەی کورد دەکات و چەندێک پێگەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێز دەکات، ئێوە بڕیار بدەن.

لە راستیدا ئەم پرۆسەی چارەسەرییە کۆتایی هاتووە، بەڵام هیچ لایەک نایەوێت خۆی بێت کە ئەوە ئیعلان دەکات. بەڵام هەنگاوەکەی HDP بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان وەک پارت بە فەرمی کۆتایی بە پرۆسەکە دەهێنێ.

ئێستا HDP دەڵێت ئێمە حساب بۆ بەربەستی 10%ی هەڵبژاردن ناکەین و وەک پارت دەچینە هەڵبژاردنەکانەوە. ئەگەر سورپرازێکی زۆر گەورە روونەدات زۆر ئەستەمە HDP ئەو بەربەستە ببڕێت. خۆ ئەگەر ببڕێت ئەوا گۆڕانکارییەکی گەورە چاوەڕێی سیاسەتی تورکیا دەکات. بەڵام ئەگەر نەیبڕێت کە ئەگەریشی زۆرە نەیبڕێت، ئەمە بە فەرمیی سەرەتای کۆتایی پرۆسەی چارەسەری دەبێت.

ئەگەر HDP لەژێر بەربەستی 10%دا بمێنێتەوە دەنگی نزیکەی چوار ملیۆن کورد دەفەوتێ. ئەمەش خۆڕسکانە رەوایی دەدات بە بنیاتنانی دەسەڵاتێکی دیفاکتۆی کوردی لە ئامەد. ئەگەر راستتان دەوێت ئەمەش زیاتر خزمەت بە کورد دەکات وەک لە "پرۆسەی چارەسەری".



دەیڤد رۆمانۆ

# ئایدیۆلۆژیایەکی زۆر جیاواز لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

چەند ساڵێک لەمەوبەر، بۆ دیدارێکی رۆژنامەوانی لەگەڵ بەرپرسانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، خۆم و هاوسەرەکەم چووینە چیای قەندیل. گفتوگۆیەکی درێژمان لەگەڵ رەمزی کارتاڵ، بەرپرسێکی ئەوکاتەی پەکەکە کرد. کارتاڵ پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێکردین لە بەرزاییەکانی ئەو چیایە.

بەڵام بێزار بووم لە چاوپێکەوتنەکە. هەموو وەڵامەکانی لە تەوەرەی ئەم رستەیەدا دەخولانەوە: "جێبەجێکردنی نموونەیەکی دروستی دیموکراسی دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی کێشەکان". بۆ من وەکو ئەوە وابوو کە چۆن تورکەکان دەڵێن ئۆجەلان سپیک (زاراوەیەکی تایبەتە کە تەنها ئەندامانی بزووتنەوەکە لێی تێدەگەن)، واهەستم دەکرد کە کەسێک هەوڵدەدات بەرهەمێکی کۆنم لە پاکێجێکی تازەدا پێ بفرۆشێ.

بۆ ماوەی چەندین مانگ پاش چاوپێکەوتنەکەی قەندیل، بە گاڵتەجاڕی و کەم بایەخەوە دەمڕوانیە هەموو شتەکان.

هەرکاتێک ژنەکەم پرسیارێکی بکردایە کە نەمویستایە وەڵامی بدەمەوە، بۆنموونە "بۆچی تەنەکەی زبڵەکەت نەبردووەتە دەرەوە دوێنێ شەو؟ یان "کێ ئەو هەموو قاپەی لەسەر سنکی چێشتخانەکە بەپیسی جێهێشتووە؟"، ئاوا وەڵامم دەدایەوە "جێبەجێکردنی نموونەیەکی دروستی دیموکراسی کۆمەڵگە دەگۆڕێ و کێشەکان چارەسەر دەکات". یان "کۆمیتەیەک لە پیاوان و کۆمیتەیەک لە ژنان بە جیا دروست دەکەین بۆ لێکۆڵینەوە لەم کێشەیە" یان "ئایا هیچ خزم و کەس و کارێکت لە زیندان هەیە کە بتوانێ پێمان بڵێ چی بکەین دەربارەی ئەم کێشەیە؟"

بەڵام ئێستا هەست دەکەم کە هەڵە بووم. ئەو گوتارەی لە قەندیلەوە بڵاوبووەتەوە بۆ رۆژئاوا و باکووری کوردستان، جیاوازە لە ئایدیۆلۆژیای مارکسیست و لینینیست و گرووپە نەتەوە پەرستەکانی رابردوو. ئەمە جگە لەوەی بە تەواوی پێچەوانەی ئایدیۆلۆژیای گرووپە ئیسلامیەکانی وەک داعش یان میانڕەوتر لە داعشە. بۆ تێگەیشتن لەم ئایدیۆلۆژیایە کەمێک کات و کۆشش پێویستە، بەتایبەت کاتێک زاراوە و پۆلێنی ئاڵۆزی بۆ دەکەن، یان ئەو پۆلیشەی کە عادەتەن دیپلۆمات دەیکات لە قسەکانیدا.

هەوڵ دەدەم زاراوەی قورس و ئاڵۆز بەکارنەهێنم، بە کورتی بیرۆکەکە بریتییە لە پەیرەوکردنی حکومڕانییەکی دیموکراسی راستەوخۆ لە خوارەوە بۆ سەرەوە (وەک ئەو شێوازە حوکمڕانییەی یۆنانیەکان پەیرەویان دەکرد). کۆمەڵگە ناوخۆییەکان لە شارۆچکە و گوندەکان ئەوەندەی بتوانن حوکمڕانی خۆیان بکەن، ئەمەش پێچەوانەی سیستمێکی ناوەندیی بەهێزە کە لە تەواوی ناوچەکەدا پەیرەو دەکرێت. بە هەڵبژاردن ئەنجوومەن دروست دەکرێت و ئەندامەکانی بۆ هەتا هەتایە لە پۆستەکانیاندا نامێننەوە. دەسەڵاتی حوکمڕانی ناوەندی وردە وردە لاواز دەبێت لەکاتێکدا کە شار و شارۆچکە جیاوازەکان کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن.

لەم جۆرە بیرکردنەوە نوێیەدا، هەڵەیە بە شەڕ سیستمە تاکڕەو و داپڵۆسێنەرەکانی تورک و عەرەب و فارس بگۆڕدرێ بۆ سیستمێکی کوردی کە رەنگە ئەو سیستمەش بکەوێتە داوی هەمان پەیڕەوی حوکمڕانییەوە. بۆیە دامەزرێنەری پەکەکە عەبدوڵڵا ئۆجەلان رەخنە لە هەڵسوکەوتەکانی رابردووی خۆی دەگرێت. ئەو دەڵێ: "ئەوە روون بووەتەوە کە تیۆرە و پرۆگرام و کردارەکانی ساڵانی حەفتاکانمان هیچی بەرهەم نەهێنا جگە لە جوداخوازی و توندوتیژیی بێ سوود تەنانەت لەوەش خراپتر، هەستی نەتەوە پەرستی کە دەبوو لەدژی بوەستینەوە، زاڵ بووە بەسەر هەمووماندا. هەرچەندە بە پرەنسیپ و گوتار لەدژی وەستاینەوە، بەڵام هێشتا وەک شتێکی حەتمی قبوڵمان کردووە... دۆگماتیزم کە بە راستیەکی ناکردارەکی بەخێوکراوە، بووەتە خوو لە شێوازی بیرکردنەوەمان. هەرکە ئەم راستییە گشتیانەت کردە وشە، هەست دەکەی وەک قەشەیەکی باڵایت لە خزمەتی خوداکەیدا. ئەوە هەڵەیەک بوو کە کردم".

بابەتێکی کورتی وەک ئەم مەقالەیە ناتوانێ بە تەواوی پرۆگرامێکی سیاسی بەدیلی لەم جۆرە روون بکاتەوە (بێگومان بەتایبەتیش کاتێک نووسەرەکەی تازە لێی تێدەگات). جگە لەوەش، رەنگە خوێنەران بڵێن راستە گوتارێکی لەوجۆرە زۆر بەهێز و باشە، بەڵام هەروەک دەستووری چەندین وڵاتی تری ناوچەکە رەنگە لە کرداردا مانایەکی کەمی هەبێت. هەڵسوکەوت زیاتر حسابی بۆ دەکرێت نەک قسە.

بە کردارەکی (کەجەکە) چەندین شتی گرنگی ئەنجامداوە لە بارودۆخی زۆر سەخت و گراندا. ئەو بزووتنەوەیە کە چەندین خەڵکی هانداوە و بەم دواییانە کۆبانێی لە دەستی داعش رزگار کرد، رێگە بە ژنان دەدات لە گۆڕەپانی شەڕ و سیاسەتدا بەشداربن. لە سەدا چلی بەشداریی ژنان لە جەنگ و پێگە سیاسیەکاندا سیستمێکە دڵنیایی دەدات کە ژنان رۆڵیان دەبێت لە پۆستە سیادییەکاندا نەک تەنها وەک ئامێرێک بەکاربهێنرێن لەلایەن پیاوانەوە. لە هەردوو کوردستانی سووریا و تورکیا، شارەوانیەکانی ئەوان لە نەتەوە و ئاینی جیاواز پێکدێن. ئەوان جەخت دەکەنەوە لە رێزگرتن لە کەلتوور و زمانی نەتەوەکانی تری وەک ئاشووری و ئەرمەنی و عەرەب و تورک. ئەمە بە تەواوی پێچەوانەی ئەو سیستمە عەلمانیە نەتەوە پەرستەیە کە بۆ ماوەیەکی زۆرە رەگی لە ناوچەکەدا داکوتیوە. هەروەها پێچەوانەی ئەو شەپۆلە ئیسلامیەیە کە لە 20 ساڵی رابردوودا ناوچەکەی گرتووەتەوە و سەلماندوویانە کە کەس قبوڵ ناکەن و هەڕەشەن بۆ کەمینە ئاینییەکانی وەک مەسیحی و ئێزدی و بەهایی و بێ باوەڕان.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئایدیۆلۆژیاکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر هەنگاو بەرەو سیستمی تاکڕەوی و سەرمایەداری دیموکراسی و ئیسلامی دەنێن (بە تایبەت لە کەیسی تورکیا کە هەموو ئەو خاسیەتانەی سەرەوەی تێدایە)، رەنگە کاتی ئەوە بێت جیهان یارمەتی پێشکەشی خەڵکانی وەک کۆبانێ بکات کە هەوڵی بەڕێوەبردنی خۆیان دەدەن بەشێوەیەکی جیاواز. رەنگە ئەوان بێ کەموکوڕیی نەبن و ببنە مایەی نائومێدی، بەڵام ئەوان پێگەو رێزی تایبەتیان وەدەستهێناوە لە خەباتەکەیان لە دژی داعش و هێزە تاکڕەوەکانی دیکە. ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەنگاوی دروستی نا لە دابینکردنی چەک و هێرشی ئاسمانی بۆ هاوکاریکردنی پارێزەرانی کۆبانێ. دەبێت واشنتن شتی زیاتر بکات لەم بارەیەوە، لەوە بگات کە رەنگە ئەم بزووتنەوەیە ببێتە هاوپەیمانێکی نزیک زۆر زیاتر لەوانەی کە ئەمریکا کاری لەگەڵ کردوون لە رابردوودا.



محەممەد حاجی کەریم

# نە خوێن دەبەخشن نە پارە

داعش هەڕەشە لە هەمووان دەکات، کەچی باری گران بەتەنیا خراوەتە سەر شانی پێشمەرگە، وەک ئەوەی پاراستنی ئەو وڵاتە تەنیا ئەرکی ئەو بێت.

ئەگەر بارودۆخەکە وەک خۆی ببینین، لەوە تێدەگەین پێشمەرگە بە تەنیا شەڕی هێزێکی ئەوەندە دڕندە دەکات، ئەگەر بۆی بلوێت تەڕ و وشک، گەورەو بچووک، موسوڵمان و نا موسوڵمان، پێکەوە دەسوتێنێ و شتێک لەسەر ئەو خاکە ناهێڵێتەوە بۆنی ژیانی لێبێت.

راستە هەموومان، ئەگەر بە دەنگێکی کزیشەوە بێت قسە دەکەین، دەستمان لەسەر دڵمانە و سەرکەوتنی پێشمەرگە دڵخۆشمان دەکات، لێ زۆربەمان لە ئاست ئەو مەترسییە گەورەیەدا، دەستەوەستان دانیشتووین.

پرسیار ئەوەیە، ئایا تەنیا قسەی زل و ستایشی پێشمەرگە بەسە؟ بە بڕوای من میللەت بە قورساییەکی زۆرەوە ئامادەیی قوربانیدانی تێدا نییە. وەک هەستی پێدەکرێ، بێ هەڵوێستی باڵی بەسەر زۆرینەدا کێشاوە، لە نێویشیاندا خەڵکی نوخبە و زەنگین و خاوەن پرۆژە زەبەلاحەکان. وەک ئەوەی دەبێ هەر خەڵکی هەژار و بەشمەینەت پارێزەری وڵات و سووتەمەنی شەڕ بێ و ئەوانی دیکەش بۆ ئەوە خولقابن بە کەماڵی ئیسراحەت بژین.

راستە پێشمەرگە ئازایانە شەڕ دەکا و باکی بە مردن نییە، هەروەک چۆن تا ئێستا نزیکەی هەزار پێشمەرگە گیانیان بەختکردووە و نزیکەی چوار هەزاری تریش بریندارن، ئەمەش لوتکەی قوربانیدانە.

پێشمەرگە لەگەڵ ئەوەی بارێکی گرانی لەسەر شانە، خۆی و خێزانەکەشی ژیانێکی سەخت دەرباز دەکەن، لێ هێشتا خاوەن ورە و ئیرادەیەکی بەهێزە و لە بەخشین ناکەوێ، ئەو خەمی میللەتی کردووەتە خەمی خۆی و لە پێناوی ئاسوودەیی گەلەکەی ناخەوێ و پشوو نادات.

لێ ئەوەی جێی داخ و هەڵوەستەیە، ئێمە ئەو راستیە نابینین و ئەوەی بە پێشمەرگەی دەبەخشین، لە قسە و دروشمی بریقەدار زیاتر شتێک نییە.

هەڵەیەکی گەورەیە، هەموو ئەرکی پاراستنی ئەو وڵاتە بە پێشمەرگە بسپێرین و پێمانوابێ تەنیا پێدا هەڵدان و نزاو پاڕانەوەمان بۆ سەلامەتیی گیانیان بەسە و هەموو شتێک تەواوە.

بەگژداچوونەوەی هێزێکی تاریکپەرستی وەک داعش، تەنیا شەڕی نێو سەنگەرەکان نییە، یان رووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییە گەورەیە تەنیا ئەرکی پێشمەرگە نییە. ئەو شەڕە بۆ لە رەگدەرهێنانی نەتەوەیەک هەڵگیرساوە، بۆیە ناکرێ لە جوغزێکی بەرتەسکدا سەیری بکرێ و تەنیا چەند هەزار کەسێک رۆڵی بەرگری ببینن و عەوامیش لە دوورەوە سەیری بکاو چاوەڕوان بێ کەی ئاگرەکە دادەمرکێتەوە.

بەداخەوە ئەوەی لەم رووەوە لەسەر ئەرزی واقیع دەبینرێت، جێی نیگەرانییەکی گەورەیە، ئەوانەی ئەمڕۆ ئامادەن بۆ گیانبەختکردن، هەمان ئەو کەسانەن کە لە رۆژگارە چارەنووسسازەکاندا قوربانییان داوە. یان کوڕ و نەوەی ئەوانەن کە دوێنێ سووتەمەنی بوون، بەڵام لە قۆناغی خێرو دەستکەوتدا لە هەموو شتێک بێبەش کران.

دڵنیام ئەوانەی ئەمڕۆش لەڕیزی پێشەوەی سەنگەرەکانی بەرگریدان و بوونەتە داینەمۆی پاراستنی ئەو وڵاتە، لە سبەی رۆژیشدا، ژیانیان لە ژیانی تێکۆشەرانی دوێنێ باشتر نابێ. مەگەر ئەوانە بەرەکەی بخۆن کە لە دوورەوەی بەرەکانی شەڕو لە شاشەی تیڤییەکانەوە، سنگیان دەردەپەڕێنن و وەک سەروەریی گەورە پێماندەفرۆشنەوە.

ڕەنگە زێدەڕۆییم نەکردبێ ئەگەر بڵێم ئەم شەڕە خێری بۆ زۆر کەس دەبێ، بەو مانایەی شەرعیەتی درێژەدان بە گەندەڵی بۆ زۆر بەرپرس و بازرگانی گەورە مسۆگەر دەکات. سبەی کێ ئەوەندە بوێر دەبێ، بەرامبەر سەرەڕۆیی و کەڵەگایی هەندێک بەرپرس و منداڵە وردکەی دەوروبەریان، ورتەی بێ و بێژێت ئەوی تۆ دەیکەیت هەڵەو نایاساییە؟ ئاخر بە بڕوای ئەو، لەبەر ئەوەی شەڕی داعشی کردووە، ئەوەندە هەقی بەسەرمانەوە هەیە، لە سەرووی یاساوە بێت و هەموو دەرگاکانی بە روودا کراوە بن. هەروەک ئێستاش بەو لۆژیکە لێدەخوڕن.

زۆرن ئەوانەی لە هیچەوە دەوڵەمەندبوون و سەریان ناوەتە جەستەی ماندووی ئەو وڵاتە، ئەمڕۆ نەک هەر شەڕی داعش ناکەن و هیچ رۆڵ و ئامادەییەکیان لەم قۆناخە هەستیارەدا نییە، بگرە ئێستەش هەر بە دوای دەستکەوتی زیاترەوەن. ئەوان نە خوێن دەبەخشن نە پارە، بەوەش ناوەستن و چاوەڕوانن، میللەت ئافەرین و دەستخۆشانەیان لێبکات.

پێشمەرگە دیوی نەرێنی رەوشەکە باش دەخوێنێتەوە و هیچی لێ شاراوە نییە، بەڵام چونکە خەمی ئەو تەنیا خەمی وڵات و ئاسوودەیی هاونیشتمانیانە، سوورە لەسەر باوەڕی بەهێزی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی و لەو بڕیارەی داویەتی پاشگەز نابێتەوە.

بەشداربوونی هەمووان لە پرۆسەی کۆتاییهێنان بەو دۆخە پڕ مەترسییە، ئەگەر لە ئاستێکی سنوورداریش بێ، ئەرکێکەو دەرفەتی خۆدزینەوەی تێدا نییە. شەڕە سەختەکە هەڵوێستێکی روون و یەکلاکەرەوە لە هەموولایەک دەخوازێ و بێ وەڵامیمان لە ئاستیدا، پێکەوە دەمانسوتێنێ.

ئەو پرسیارەی پێویستە بەردەوام بکرێت، ئەگەر سەرمایەدارانی ئێمە، بەرپرس و بازرگانە گەورەکان، بە تایبەت ئەوانەی لە پڕێ بوونەتە کوڕێ، لەو رەوشە چارەنووسسازەدا بێ هەڵوێست بن و هیچ دەستپێشخەری و بەشدارییەکی بە کردەوەیان لێ نەبینرێت، ئەی دەبێ کەی کەڵکیان هەبێ؟ پرسیارێکە و پێموایە وەڵامەکەی لای هەمووان روونەوە و شەرحی ناوێ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



ئارەش:
## پشتگیری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکەم


« 12

**خاوەنی ئیمتیاز** : تۆڕی میدیایی رووداو
**سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هێڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف** : عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران** : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

KOREK Telecom

## لەگەڵ EXTRA G لە کورەك...
## ڕێگەمەدە هیچ شتێك کۆتت بکات



### جیهانەکەت گەورە بکە،
### ئاسۆکانت فراوان بکە و تواناکانت دووهێند بکە

ئینتەرنێتی ئێجگار خێرا لەڕێگەی مۆبایلەکەت، پەیوەندی ڤیدیۆیی و داونلۆدکردنی داتاکان لەڕێگەی تەکنەلۆژیای Extra G لە کورەك.

| پاکێجەکان | ماوەی خزمەتگوزاری | نرخ | قەبارە |
|---|---|---|---|
| ئێکسترا پلەس | 30 ڕۆژ | 90,000 د.ع | 40 گیگابایت |
| ئێکسترا VIP | 30 ڕۆژ | 60,000 د.ع | 20 گیگابایت |
| ئێکسترا | 30 ڕۆژ | 40,000 د.ع | 10 گیگابایت |
| لاو | 30 ڕۆژ | 30,000 د.ع | 1 گیگابایت + شەوان بەخۆرایی (11ی شەو - 6ی بەیانی) |
| مانگانە | 30 ڕۆژ | 20,000 د.ع | 2 گیگابایت |
| هەفتانە - 1000 | 7 ڕۆژ | 10,000 د.ع | 1,000میگابایت |
| هەفتانە - 500 | 7 ڕۆژ | 5,000 د.ع | 500 میگابایت |
| بەکیلوبایت | 30 ڕۆژ | 0.60 د.ع/ کیلوبایت - لەکاتی تلەپو<br>0.24 د.ع/ کیلوبایت - بەدەر لەکاتی تلەپو | |

بۆ کاراکردنی یەکێك لە پاکێجەکان:
• پەیوەندی بکە بە #250* و ڕێنماییەکان پەیرەو بکە.
• یاخود سەردانی "بژاردەکانم" بکە لەم لینکەی خوارەوە:
http://selfcare.korektel.com/

**بوێربە خەون ببینە**

korektel.com
411

CIHAN CITY
www.cihancity.com

## جیهان ستی...
### جیهانی شادی و دڵنیایی

* ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
* کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
* چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
* کاتژمێر چاودێری.
* قوتابخانە.
* مزگەوت.
* نورینگەی پزیشکی.
* سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
* رووبەرێکی فروانی سەوز.
* مۆلی بازرگانی.






جیهان ستی..
بەشێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA

هەولێر - رێگای کەرکوك - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131